


22

کورد لە باشور لە سایەی حیزب و دەسەڵاتی تەقلیدیە



26

بۆچی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی؟



35

ئیخوان موسلیمین
و
پرۆژە شکەستخواردووەکەی



15

لە بەرامبەر شکستی سیاسی گەڕان بەدوای ستراتیژێکی نوێ


ژمارە 23
ساڵی دووەم
کانوونی یەکەم ٢٠١٧
بەفرانبار ٢٧١٧


# ئازادیی کۆمەڵگە

Azadî Komelge


www.komelge.com
Political, Intellectual and Social monthly Magazine
○ گۆڤارێکی سیاسی، هزری، جڤاکی مانگانەیە


# ئێراق لەنێوان دیموکراتیبوون و ناوەندگەراییدا



## مەسعود عەبدولخالق:

ئەوەی شارەزابێت دەزانێت حکومڕانی هەرێمی کوردستان کارگەیەکە بۆ تێکشکاندنی کەسایەتی تاکی کورد

## محەمەد بەکر

شکستی مۆدیلی حزبایەتی و کوردایەتی لەباشووردا بەدەرەجەی یەکەم بۆ نەبوون و بەرکەنارگیر کردنی ڕۆڵ و پێگەی ژنان لەنێو شۆڕشدا دەگەڕێتەوە

Azadî Komelge



23

ئازادیی کۆمەڵگە


گۆڤارێکی سیاسیی، هزریی، جڤاکی مانگانەیە

خاوەنی ئیمتیاز
**محەمەد کیانی عەبدولرەحمان (د.محەمەد کیانی)**

سەرنووسەر
**گۆران عەلی حەسەن ( گۆران پێنجوێنی)**

دەستەی نووسەران
**د. سالار باسیرە**
**سەردار ستار**
**بەیان عەلی**
**نەجیبە قەرەداخی**
**کامەران گوڵپی**
**کوردۆ شوانی**

راوێژکاری یاسایی
**پارێزەر هیلال ئیبراهیم**

پەیوەندییەکان لەرێگەی سەرنووسەرەوە دەبن
07702227274
07501539197
goran.a.hesen@hotmail.com
www.komelge.com
www.facebook.com\ Azadi Komelge
چاپ: چاپخانەی بەهەست
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 1500 دینار

ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان - سلێمانی - گەڕەکی ئاشتی - باخی سەعید بەگ

# ئێراق لەنێوان دیموکراتیبوون و ناوەندگەراییدا

دۆخی ئێستای ئێراق لە چارەنووسسازترین دۆخی خۆی دایە. چونکە لە دووڕیانێکی گێژاوداری دژواردا چەقیوە؛ نەدەتوانێت ئەقڵییەتی ناوەندگەرایی دەسەڵاتخوازانەی رابردوو تێپەڕێنێت، نەدەتوانێت بە ئاراستەی دیموکراتیزەبوونیش هەنگاو بنێت. هێزە دەسەڵاتخوازەکانی ئێراق، بە عەرەب و کورد و پێکهاتەکانی تریشیانەوە، لەململانێ و ناکۆکییەکی خوێناویی دان؛ نەك لەبەر ئەوەی لەیەك جودان، بەڵکو لەبەرئەوەی هەر هەموویان لەیەك دەچن و پاوانخواز و دەمارگیر و ناوەندگەران و لەدەسەڵاتخوازێتیشدا سەختگیرن. هەرچی گەلان و پێکهاتە باوەڕمەندییەکان و هێزە دیموکراتیخوازەکانیشن هەرچەندە خوازیاری ئازادی و دیموکراتی و بەیەکەوەژیانی ئاشتیانەش بن، بەڵام نەبوونەتە خاوەن هوشیاری و رێکخستەبوونی دیموکراتیانە و تێکۆشانی بەهێزی دیموکراتی.

خاکی مێزۆپۆتامیا، کە ئێراق بەشێکی ئەو خاکەیە، وەك چۆن جوگرافیای یەکەمین نێشتەجێبوون و کۆمەڵگابوون بووە، ئاوەهاش جوگرافیای یەکەمین پێکهاتەی دەسەڵاتخوازێتی و دەوڵەتداریی بووە. وەك چۆن خاوەن فەرهەنگ (کولتوور)ێکی مەزنی دیموکراتی بووە کە خۆی لە خۆبەڕێوەبەرێتیی تیرە و هۆز و خێڵ و پێکهاتەکان و چەندین رەوت و بزووتنەوەی ئازادیخوازیبدا دەبینێتەوە، ئاوەهاش خاوەن فەرهەنگێکی دەسەڵاتخوازێتی و دەوڵەتداریی بووە. ئێستا هەردوو فەرهەنگ لەنێو ناکۆکی و ململانێ دان. بەڵام ئەوەی ئەو ناکۆکی و ململانێیەی شاردۆتەوە و لاوازی کردووە خودی ئەو ناکۆکی و ململانێیەیە کە لەنێوان هێزە دەسەڵاتخوازە پاوانخواز و ناوەندگەراکانی ئێراقدا هەیە، کە بەرادەیەك دژوار و خوێناوی بووە ئیدی بچووکترین جیاوازی گەورەترین شەڕ و پێکدادانی لێدەکەوێتەوە.

بەشێك لە هێزە دەسەڵاتخوازەکانی ئێراق بە ئەقڵییەتی عەرەبگەرایی و شیعەگەراییەوە دەخوازن ناوەندگەراییەکی زۆر لەوەی نەبوخوزنەسر و ئاشوور پانیباڵ و سەدام حوسێن بەسەر گەلانی ئێراقدا بسەپێنن. لەم پێناوەشدا لەژێر ناوی پاراستنی یەکێتی خاکی ئێراقدا ئامادەن هەموو ئێراق بکەن بە خاکێکی سووتماك و تەواوی جیاوازییەکانی مێزۆپۆتامیا بسڕنەوە. هەرچی هێزە دەسەڵاتخوازە کوردگەراکان و عەرەبگەرا سوننیەکان و پێکهاتە جیاوازەکانی ترن خوازیاری ئەوەن دەسەڵاتی زیاتر بەدەستبێنن، ئەگەرنا ئەو ئێراقە پارچە پارچە دەکەن و گەلان دژ بەیەکترەوە دەنێن و لەم پێناوەشدا لەژێر ناوی سەربەخۆیی و دەوڵەتدروستکردنی نوێدا ئێراقیان خستۆتە ناو شەڕ و پێکدادانێکی گەورەوە. مسۆگەر هەر دوو ئاراستەی نێو ئەو هێزە دەسەڵاتخوازانە لەپێناو قۆرخکاری و پاوانی زیاترە، هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندی گەلان و ململانێی دیموکراتی و بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەوە نییە.

بێگومان بۆ ئەوەی کۆتایی بەو ململانێیە خوێناوییە دەسەڵاتخوازێتییەی هێزە دەمارگیرەکانی ئێراق بێت، پێویستە گەلان گوڕ بە تێکۆشانی دیموکراتییانەی خۆیان بدەن. هێزە دیموکراتیخوازەکانی ئێراق هوشیاری دیموکراتی و رێکخستەبوونی دیموکراتی و بەرەنگاربوونەوەی دیموکراتی پێشبخەن و خۆ لە ئەقڵییەتی دەسەڵاتخوازێتی و دەمارگیری نەتەوەیی، ئایینی و ئایینزایی رزگار بکەن و لەچوارچێوەی پرۆژەی کۆنفیدراڵی دیموکراتیانەی گەلانی ئێراقدا سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتی بونیاد بنێن. بەمەش ئێراق لەو گێژاوەی تێیکەوتووە رزگاری دەبێت و رێگیری لە دەستتێوەردانە دەرەکییەکانی سیستەمی سەرمایەی جیهانیش دەکرێت. لە ئاکامدا ئێراق و تەواوی خاکی مێزۆپۆتامیا دەبێتە ئەو جوگرافیایەی یەکەمین سیستەمی کۆنفیدراڵی دیموکراتی گەلان و پێکهاتە باوەڕمەندییەکانی تێدا بونیاد دەنرێت، هەنگاوەکانی رۆژئاوای کوردستان و باکووری سوریا بنچینەییترین و هێژاترین هەنگاوە بە ئاراستەی کۆنفیدراڵی دیموکراتی گەلانی مێزۆپۆتامیا. پێویستە ئەمە بکرێتە نمونە و مۆدێلێکی جوانی دیموکراتیزەبوون و بەیەکەوەژیانی ئازادانەی گەلان و پێکهاتە جیوازەکانی مێزۆپۆتامیا.

# مەسعود عەبدولخالق:
# لەهەرێمی کوردستان باشترین بازنەی پەیوەندی بازنەی دزی و تالآنییە

ئازادیی کۆمەڵگە

سازدانی: دانا عومەر



مەسعود عەبدولخالق

چاودێرێکی سیاسی پێی وایە کە هەر لە بنەڕەتەوە دروستبوونی عێراق پرۆژەیەکی داگیرکاری بووە، واتا بۆ ئەوە دروست نەبووە کە وڵاتێکی دیموکرات بێت، دەشڵێت: ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستە کە دەسەڵاتێکی نوێ لە هەرێمی کوردستان دروست بکرێت، چونکە ئەم دەسەڵاتە شکستی هێناوە.

لەدوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و لەدەستدانی زیات ٥٥٪ی خاکی هەرێمی کوردستان، بارودۆخێکی نوێ لە هەرێمی کوردستان و عێراق هاتووەتە ئاراوە، بە شێوەیەک عێراق بەرەو ناوەند گەرایی و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی هەنگاو دەنێت، لەلایەکی ترەوە لە هەرێمی کوردستاندا نارەزایی توند بەرامبەر دەسەڵاتداران سەری هەڵداوە و داوای پێکهێنانی دەسەڵاتێکی نوێ دەکرێت.

لەم دیدارەی ئازادیی کۆمەڵگەدا، **مەسعود عەبدولخالق**، چاودێری سیاسی و سەرۆکی دەزگای ستاندار، وەڵامی چەند پرسێکی گرنگ دەداتەوە، لەبارەی ئەوەی عێراق بۆچی بەرەو ناوەند گەرایی هەنگاو دەنێت، ئایا بۆ هەمان خواستی ناوەند گەرایی لە هەرێمی کوردستانیشدا هەیە، لەدوای ئەوە شکستانەی کە دەسەڵاتی کوردی بەسەر هەرێمی کوردستانیدا هێنا چۆن دەرکێت کورد خۆی کۆبکاتەوە و سەرکردایەتییەکی سیاسی کوردی پێک بهێنێت، لەگەڵ چەند پرسێکی گرنگی تر.

**دەقی چاوپێکەتنەکە**

**ئازادیی کۆمەڵگە: عێراق لەنێوان ناوەند گەرایی و دیموکراسیدا بەرەو کوێ دە چێت؟**

**مەسعود عەبدولغالق:**لەسەرەتای دروستبوونی عێراقەوە بۆ ئەوە دروست نەبووە کە دیموکراتی بێت و پێکەوە ژیانی تێدا هەبێت، هەر لەسەرەتای دروستبوونی عێراقەوە لەساڵی ١٩٢٤ پرۆژەیکی داگیرکاری بووە، چونکە لە پێناوی پرۆژەکانی داگیرکەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا دروست بوو، وە لەپێناو پاراستنی ئاسایشی داهاتووی ئیسرائیلی ئەو کاتە دروست بوو. وە سنورەکانی ئەو

کاتەی عێراق بە گوێرەی مەزهەبییەت دیاری کرا، لە دواتردا کوردستانیان پێوە لکاند بۆ ئەوەی هاوسەنگی لەگەڵ شیعەدا دروست بکات، واتا هەر لەسەرەتاوە بۆ دیموکراتی دروست نەبووە، تیورنبی زۆر بە ڕاشکاوانە وتی دیموکراتی بۆ ئەم وڵاتانە دەست نادات، منیش پێم وایە عێراق ناتوانێت وڵاتێکی دیموکراتی بێت، لەبەر ئەوەی هەرکاتێک عێراق بێتە ڕیزی وڵاتانی شارستانی سەردەم عێراق پارچە پارچە دەبێت لەبەر ئەوەی وڵاتێکی دروستکراوە و وڵاتێکە لە خزمەتی گەلی عێراق و گەلانی ناوچەکە دروست نەکراوە، بۆیە ناکرێت وڵاتێکی دیموکراتی بێت بەڵام دەکرێت وڵاتێکی تەوافوقی بێت، تەوافوقی لە دیموکراتی تۆزێک تایبەت ترەن، لەکاتی خۆی ئەوە باسکرا، بەڵام سەرکردەکانی کورد زۆر پێداگرییان لەسەر نەکرد، ئەگەر تەوافوق پەیڕەو بکرایە هەم لامەرکەزیەتی دەستەبەر دەکرد هەمیش جۆرێک لە دموکراتی پەیڕەو دەبوو.

**ئازادیی کۆمەڵگە: بۆچی لە ئێستادا عیراق لە حوکمێکی فیدڕاڵییەوە بەرەو ناوەندگەرایی هەنگاو دەنێت، هۆکارەکەی ئەوەیە کە کورد خاڵی لاوازی داوە بەدەستەوە یاخود بۆ مانەوەی خۆیەتی؟**

**مەسعود عەبدولخالق:** لەڕاستیدا پێکهاتەکانی عێراق و سیاسییەکانی عێراق کەم باوەڕییان بە دیموکراتی و لامەرکەزی هەیە، پێشتریش بینیمان لە ٧٠-٨٠ ساڵی حکومی سوننەدا بەهیچ شێوەیەک باوەڕییان بە دیموکراتی نەبوو باوەڕییان بە حکومێکی سەربازگەرایی ناوەند گەرایی هەبوو، وادەبیندرا ئەگەر شیعە و کورد بێنە سەر حوکم بە شێوەیەکی تر دەسەڵاتداری دەکەن، بەڵام بینیمان ئەزمونی حوکمی کوردیمان بینی چەند ناشیرین بوو، وە ئەزمونی شیعەش وا دیاردەی ناوەندگەرایی و دیکتاتۆریەتی تێدا دەردەکەوێت، ئەو نەشارەزاییەی سەرکردایەتی کورد کە بەبێ پشتیوانی ڕیفراندۆمییان ئەنجامدا، هەلێکی زێڕینی دا بەبەغدا کە بەرەو ناوەند گەرایی و دیکتاتۆرییەت بڕوات بەناوی شەڕی دژی داعش و پارستنی یەکپارچەی خاکی عێراق-ەوە.

> **بەکارهێنانی ناوەند گەرایی بۆ کوردستان شتێکی ڕاست نییە، ئەوەی کە هەیە شتێکی ترە، حزبێک تەنها ٣٦ کورسی هەیە لە پەرلەمان بەڵام دەیەوێت خۆی بسەپێنێت!**

**ئازادیی کۆمەڵگە: ڕایەک هەیە کە دەڵێت لە ئێستادا کورد و شیعە لە عێراقدا شەڕی بەوەکالەت دەکەن، واتا لەباتی ئەمریکا و ئێران شەڕ دەکەن، ڕۆڵی ئەمریکا و ئێران چییە لەو ڕووداوانەی کە لە عێراقدا ڕوودەدەن؟**

**مەسعود عەبدولخالق:** لەڕاستیدا من پێم وانییە شەڕی بەوەکالەت بکەن، چونکە کورد وەکالەتی لەدەست داوە، پشتگیری نێودەوڵەتی لەدەست داوە، ئەوانەی شیعەش شەڕ بۆ خۆیان دەکەن چونکە شیعەن، بەڵام ڕەنگە بکەوێتە خزمەتی ئێرانەوە، ئەو شەڕەی کە کورد دەیکرد شەڕی حزبی و خۆویستی و گەندەڵی بووە، کە لە ئەنجامدا گەشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کەپێی گەشتوون، شەڕی عێراقیش، شەڕی تایفی و مەزهەبی بووە.

**ئازادیی کۆمەڵگە:ئەو ناوەند گەرایەی لە عێراق هەیە، بەشێوەیەک لە شێوەکان لە هەرێمی کوردستانیش هەیە، لێرەش دەویسترێت ناوەند گەراییەک لە هەولێر بسەپێندرێت، هۆکاری ئەمە چییە؟**

**مەسعود عەبدولخالق:** بەکارهێنانی ناوەند گەرایی بۆ کوردستان شتێکی ڕاست نییە، ئەوەی کە هەیە شتێکی ترە، حزبێک تەنها ٣٦ کورسی هەیە لە پەرلەمان بەڵام دەیەوێت خۆی بسەپێنێت، ئەو دەسەڵاتەی کە بەدەستییەوەیەتی لە ژمارەی کورسییەکانی زیاترە، کێشەکە لەوەوە دروست بووە، ئەم حزبە دەیەوێت هەموو دەسڵاتەکان لای خۆی بێت، وەک دەیانووت تەنها پەرلەمانی لانەبوو ئەوە دەستی بەسەر پەرلەمانیشدا گرت،



لەبەرامبەردا حزبی دووەمی دەسەڵات کە مەبەستم لە یەکێتییە، نەک هەموو یەکێتی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، زۆر لاواز بوون، بە کەمێک بەرتیل ڕازی بوو بەوەی کە ئەو دەسەڵاتانە ڕادەست بکات، وە مێژووی خۆی لەکەدار بکات، لەلایەکی تریشەوە ئۆپۆزسیۆن پەرت بووە، یەکگرتوو ڕۆشتووەتە ڕیزی دەسەڵات و گەندەڵکارانەوە، ئەو دوو لایەنەی تریش کەمانەوە هیچی وایان پێنەکرا، بۆیە دەسەڵات زۆر بەهێز بوو، دەسەڵات بووە دەسەڵاتی ناوچەیەک، لەو ناوچەیەش بووە دەسەڵاتی لایەنێک، لەو لاینەش دەسەڵات بۆ کەسێک بوو، ئەوەش هەمان ئەزمونی کۆنی ئیتیحاد و تەرقی و حزبە دیکتاتۆرەکانە.

**ئازادیی کۆمەڵگە:لە دوای ئەو شکستانەی ڕووبەڕووی دەسەڵاتی کوردی بوویەوە لە ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەردا، ئێستا باس لەوە دەکرێت کە دەبێت ئەزمونێکی نوێی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستاندا تاقی بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم ئەزمونە شکستی هێناوە، پێت وایە ئەم ئەزموونە نوێیە دەبێت چۆن بێت؟**

**مەسعود عەبدولخالق:** لە ڕستیدا ئەم دەسەڵاتە هەر لەناوخۆداو لە ئاستی ئیداریدا شکستی نەهێناوە، بەڵکو کوردستانی ڕووبەڕووی هەڵدێرێکی گەورە کردووەتەوە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە تەنازولی زۆر گەورە بۆ بەغدا دەکات، سازشەکانی گەشتووەتە ئاستی ترسنۆکیش، تەنها دەیانەوێت خۆیان و ماڵ و سامانیان ڕزگار بکەن، بۆیە ئێستا دروستبوونی ئەزمونێکی نوێ بووەتە پێداویستییەک، وە ئەو دەسەڵاتە نوێیە دەبێت دەستێکی ئەمین و شارەزا بێت، چونکە ئەوەی ڕابردوو نە ئەمین بوو نە شارەزا بوو بۆیە کوردستانی گەیاند بەم دۆخە، بۆیە ئێستا بەهەموو پێوانەیەک کاتی پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی نوێیە، بەڵام بەداخەوە ئەوانەی کە لەناو ڕیفراندۆمدا نەبوون و خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانن بوێری ئەوەیان سەرکردایەتییەکی نوێ و مەرجەعێک دروست بکەن بۆئەوەی ئەوەی ئەو برادەرانە تێکیان داوە ئەوان چاکی بکەنەوە.

**ئازادیی کۆمەڵگە:پێت وایە لە کوردستاندا کەسانی واهەیە کە ئەو سەرکردایەتییە نوێیە پێک بهێنن و هەرێمی کوردستان لەو ئەزمەیە ڕزگار بکەن؟**

**مەسعود عەبدولخالق:** بەڵێ هەیە، بەڵام دیار نییە کە بۆچی نایەنە پێشەوە، ئەوانەی کە ئۆپۆزسیۆنن کەسانی پاکن، بەڵام پێم وایە ناوێرن هەنگاو بنێن، لە هەندێک وەهم دەترسن، هەندێک حسابات دەکەن لەئاستی نێودەوڵەتیدا ڕاست نیە، دەنا ئێستا بەهەمموو پێوەرێک کاتی ئەوەیە کە ئەوان بێنە پێشەوە و شاند دروست بکەن و بەبەغدا بڵێن ڕاوەستە، چونکە هەتا ئەو سەرکردایەتییە نوێ دروست نەبێت، ئەم سەرکردایەتییەی ئێستا شتی دیکە دەدۆڕێنێت.

**ئازادیی کۆمەڵگە:پێت وایە ئەو سەرکدایەتییە نوێیە دەبێت لەکێ پێک بێت، چونکە هەموو کەس دەڵت دەبێت سەرکردایەتی نوێ پێک بێت، بەڵام من دەمەوێت ناوم پێ بڵێیت بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی بخەیتە سەرشانیان؟**

**مەسعود عەبدولخالق:** ئەم پرسیارە پرسیارێکە کە زۆر کەس ناوێرێت خۆی لەقەرەی بدات، بەڵام مادام تۆ پرسیارەت کرد من وەڵامت دەدەمەوە، پێم وایە لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی قوباد تاڵەبانی و نێچیرڤان بارزانی پەسەند کراون، بەڵام وەک ئیدارە، نابێت بڕۆنە ناو شاندو دانوستانەوە، لە بەرامبەردا دەبێت سەرکردایەتییەکی نوێ لەم کەسانە پێک بێت( مامۆستا عەلی باپیر، عومەری سید عەلی، دکتۆر بەرهەم سالح، دکتۆر یوسف محەمەد، جەلالی سام ئاغا، دکتۆر مەحمود عوسمان) و کۆمەڵێک خەڵکی شایستەی دیکە پێک بێت، ئەمانە لە سەروی حکومەت بن، پەیوەندی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ کوردستان بگێڕنەوە، بە بەغدا بڵێن ڕاوەستە لە سزادانی هەرێمی کوردستان.

## ئەوەی شارەزابێت دەزانێت حکومڕانی هەرێمی کوردستان کارگەیەکە بۆ تێکشکاندنی کەسایەتی تاکی کورد

**ئازادیی کۆمەڵگە:خەڵکی هەرێمی کوردستان لەماوەی ٢٦ ساڵی دەسەڵاتی کوردیدا تا ڕادەیەکی زۆر بێئیرادە بووە، چەمکەکانی قوربانی دان و تێکۆشان و نەتەوە لای تاکی کورد بێبەها کراوە، وە کەسایەتی تاک تێک شکێندراوە، چۆن دەکرێت متمانەوە باروەڕی بۆ تاکی کورد بگەڕێندرێتەوە؟**

**مەسعود عەبدولخالق:** ئەوە شارەزا بوایە و تەماشای دەسەڵاتی کوردی و جۆری حکومڕانی هەرێمی کوردستان و ئەو شێوازی بەڕێوەبردن و پەروەردەیەی ببینییایە دەیزانی ئەوە کارگەیەکە بۆ تێکشکانی کەسیاتی تاکی کورد و میللەتی کورد، ئەو پڕۆسەیە بە دوژمنان نەدەکرا، حزبی بەعس زۆر هەوڵیدا، تورکیا و ئێرانیش زۆر هەوڵی ئەوەیان دا بەڵام بۆیان نەکرا، یەکەمجارە میللەتی کورد بێئیرادە بکات، ئێستا لاوازترین بازنەی پەیوەندی لە هەرێمی کوردستان کوردایەتییە، باشترین بازنەی پەیوەندی بازنەی دزی و تاڵانییە، بەڵام ئایا ئەو گەلە ئیرادەی شارەووەشی لێسەندراوەتەوە، من پێم وایە نەخێر، بە دورست بوونی دەسەڵاتێکی بوێر و دەستپاک گەل ئەو ئیرادەیەی بۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام بە هاوکاری باشی هەموو ناوەندەکانی وەک ناوەندی ئاینی و سیاسی و یاسایی و ئەدەبی، ئەوکاتە من دڵنیام ئاسۆی کوردستان زۆر گەشە و ئیرادە بۆ گەلی کورد بگەڕێنەوە وە ناوچە دابڕێندراوەکان بگەڕێندرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و هێز و توانا بۆ پێگەی کورد بگەڕێتەوە، ئەمەی دەیڵێم خەیاڵ نییە بەڵکو ڕاستیە.

# هێزێك پێویستە دونیابینی و تێڕوانینێکی ژیاریی و ئینسانیەتی هەبێت

ئازادیی کۆمەڵگە
ئا: ئازادیی کۆمەڵگە

دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی ٢٦ ساڵی حکومڕانیدا، خۆیان و گەلی باشووری کوردستانیان ڕووبەڕووی چەندین شکست و شەرمەزاری مێژوویی کردووەتەوە، بێجگە لەوەی کە تاکاکەکانی کۆمەڵگەیان ڕووبەڕووی تێکشکانێکی قورسی کەسایەتی کردووەتەوە، چاودێرانی سیاسیش پێیان وایە دەسەڵاتی کوردی پێویستە لە ڕیشەوە بگۆڕدرێت، ئەوەش بە میللەتێکی زیندو دەکرێت.

ئەو شکستانەی کە ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/١٦ دا ڕووبەڕووی باشووری کوردستان بوویەوە کە بووە هۆی لەدەستدانی ٥٢٪ خاکی باشووری کوردستان، هەم کۆمەڵگە و هەمیش دەسەڵاتدارانی هەرێمی ڕووبەڕووی هەژان کردەوە، کە ڕەنگە پرسیارگەلێکی وەک ئەوەی ئایا «دەکرێت بیر لە چاککردن ئەم دەسەڵاتە بکرێتەوە» لەناخی هەموو تاکێکی سیاسی و ناسیاسی ئەم کۆمەڵگەیەدا وروژاندبێت.

ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا هەوڵدەدەین بەدوای چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ هەرێمی کوردستاندا بگەڕێین و تیشک بخەینە سەر کێشە ڕاستەقینەکان و برینەکان دەستنیشان بکەین.



**زەردەشت نورەدین**، ڕۆژنامەنووس و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەرەنگاری، لەبارەی ئەوەی کە ئایا بەڕای ئەو کێشە بنەڕەتییەکانی باشووری کوردستان چییەوتی:»وەڵامی ئەم پرسیارە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەند دەبێت بە دیاگنۆسیسکردن(دەستنیشانکردن) و ڕەچەتەنوسینەوە کە ئەمەش لە ڕوانگەی گۆڕینی دونیاوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم ڕوانگەش بۆخۆی لەسەر ئەو بنەڕەتە کاردەکات کە هەم سوبێکت(بکەر) و هەم مێژوو قابیلی گۆڕان و دەستکاریکردنە. لەم پنتەوە ئاسۆی شۆڕش، ڕاپەڕین، ڕووداو و ... هتد دێتە ناو مێژووەوە و مرۆڤ بە کرداری دەستدەکات بە گۆڕینی دونیا. ئەم ئایدیایە بە ڕێکخراوی بۆ یەکەمجار، لەگەڵ مارکس و ئەنگڵسەوە دێتەکایەوە و پاشان بۆ یەکەم جار لەگەڵ لینین-دا پراکتیزە دەکرێت. مارکس و ئەنگڵس لەڕووی مێژووییەوە و لەسەر ئاستی گەردوونی، خاوەندارێتیی تایبەت کە کاری کرێگرتە، سەرمایە، چینایەتی، نامۆبوون ... هتد لێدەکەوێتەوە وەک کێشەی سەرەکی پارادایمی چینایەتی دەستنیشانیانکرد و ڕەچەتەی کۆمۆنیزمیان بۆ نوسی. ئەگەرچی لەسەدەی بیستدا کۆمۆنیزم نەهاتەدیی بەڵام بینەری دوو ئەزموونی سۆسیالیستی گەورە بوین...

لێرەوە دەکرێت لەسەر کێشەی باشووری کوردستان و بەدیل بۆی قسەبکرێت. ئەوە ڕوونە کە کوردستان نیشتەجێی سیستەمی سەرمایەداریی جیهانییە بە فۆرمی خۆی. بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کە باشووری کوردستان تەنیا کێشەی سیستەمی

سەرمایەداری هەیە و هەموو کێشە و نەخۆشییەکان لە سەرمایەداریدا کورتکەینەوە (وەک ئەوەی چەپی کۆن دەیکەن). پێش هەموو شت دەبێت ئەوە بڵێین ئەگەرچی سەرمایەداری، جیهانییە بەڵام یەک فۆرمی نییە لەم ڕووەوە دەبێت قسە لەسەر فۆرمە جۆراوجۆرەکانی سەرمایەداری بکرێت، سەرەڕای بنەما هاوبەشەکانی.

باشووری کوردستان لەناو داڕوخانێکی سەرتاسەری و ئیفلاسبوونێکی هەمەلایەنەدایە. حوکمڕانی و دەسەڵاتی کوردی بەجۆرێکی وەها سەرتاسەریانە داڕوخاوە کە بە هیچ جۆرێک ڕیفۆڕم هەڵناگرێت و فیعلییەتی مێژووی نەماوە و پێویستی دەستبەجێی بە گۆڕانی ڕادیکاڵ هەیە و بەردەوامبوونی تەنیا بەهۆی دەزگا داپڵۆسێنەر و سەرکوتکارەکانی حکومەتەوەیە. بەدیوێکی تردا دەسەلاتی ڕۆشنبیری، کەلتوری، کۆمەڵایەتی و ...هتد بەتەواوی ئیفلاسی هەمەلایەنەیان کردوە و هیچ شتێکی واقیعی و ڕزگاریخوازنەیان پێ نەماوە و ناتوانن ئەگەر و ئیمکانی ڕزگاری لەم بنبەستە هەمووگیرەدا بەرهەمبهێنن. بەدەربڕینی کۆنستانتین گورگیۆ ئێستا لە باشووری کوردستان کاژێر ٢٥ە. کاژێر ٢٥ دوا کاژێر نییە بەڵکو کاژێرێک دوای دوا کاژێرە. بۆیە ئەگەر مەسیحیش بگەڕێتەوە ناتوانێت دۆخەکە ڕزگار بکات. مەسیح لێرەدا میتافۆرە بۆ هەموو ئایدیا بەناو ڕزگاریخوازەکانی ناو سیستەم، ئەو ئایدیایانەی کە ڕۆژێک ڕۆشنبیرەکان و ڕۆژێک سیاسییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن و کۆمەڵێک خەڵک بۆماوەیەکی کاتی لەدەور خۆیان کۆدەکەنەوە. کەواتە لە کاژێر ٢٥ دا هیچ ئایدیا و بەدیلێکی ڕزگاریخواز لە هەناوی سیستەمدا دروست نابێت، لەبەرئەوەی کاژێر ٢٥ لەحزەی دوای تاقیبوونەوە و جێبەجێبوونی هەموو ئایدیا بەناو ڕزگاریخوازەکانی ناو سیستەمە. هەمیشە کاژێر ٢٥ دۆخی دروستبوونی بەرەنگاری خۆڕسکانەیە کە لەناو خەڵکدا سەرڕێ دەکەوێت. بەڵام لە دوای لینینەوە ئەوە دەزانین کە بەرەنگاری خۆڕسکانە بەبێ ڕێکخستن و دیسپلین پانتاییەکە بۆ دروستبوونەوەی هەمان چەوساندنەوە و ستەمکاری دۆخی پێشوو لە فۆڕمی جیاوازدا. لەم پنتەوە دەبێت ئەوە بڵێین: ئەم چرکەساتەی تێیداین، کاژێر ٢٥ە.

> **پرسیارە سەرەکییەکە لە ئێستادا ئەوەیە کە بۆچی هێزە چەپە ڕادیکاڵەکان ناتوانن شان بدەنە ژێر ئەم بەرپرسیارێتییە مێژووییە؟ پێم وایە وەڵامەکەی دوو ڕووی هەیە؛ یەکەم جیهانییە و دووەم لۆکاڵییە**

کاتی هەموو هێزە چەپە ڕادیکاڵەکانە و لەبەرانبەر بەرپرسیارییەتێکی مێژووی گەورەداین. بۆیە دەبێت دەستبدەینە ڕێکخستنی هەمووگیر و بە ڕێکخستن و سەرڕێخستنی بەرەنگاری سەرتاسەری دۆخەکە ڕزگار بکەین».

ناوبراو وتیشی:» پرسیارە سەرەکییەکە لە ئێستادا ئەوەیە کە بۆچی هێزە چەپە ڕادیکاڵەکان ناتوانن شان بدەنە ژێر ئەم بەرپرسیارێتییە مێژووییە؟ پێم وایە وەڵامەکەی دوو ڕووی هەیە؛ یەکەم جیهانییە و دووەم لۆکاڵییە. مارکسیزمی کلاسیک لە مارکسەوە تا ماوتسی تۆنگ کارگەی ستراتیژی گۆڕینی دۆخ و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتبوون لەسەدەی بیستدا. هەر کەم لە لینین و گرامشی و ماوتسی تۆنگ ستراتیژ، کەرەستە و پلانی کۆنکرێتی بەدەستەوەگرتن و گۆڕینی دەستەڵاتیان بۆ هەلومەرجی دیاریکراوی سەدەی بیست داهێنا کە هەموو ئازایخوازەکان، بە کۆمۆنیست و ناکۆمۆنیستەوە سودیان لێبینی و ئاڵوگۆڕییان پێ کرد، ناکۆکیی سەرەکی لە پەیوەند بە گۆڕینی دونیایەوە لە ئێستادا لە نیوان هۆکارە سوبێکتیڤ و هۆکارە ئۆبێکتیڤەکاندایە؛ هۆکارە سوبێکتیڤەکان بە نیسبەت هۆکارە ئۆبێکتیڤەکان چەقبەستوو و وشکهەڵاتووە و لە ناو مارکسیزمی کلاسیکدا مەنگبووە، لەکاتێکدا هۆکارە ئۆبێکتیڤەکان تەواو گۆڕاون و پێشکەوتوون. لێرەدا ئاماژە بە سێ هۆکاری ئۆبێکتیڤ دەدەم کە گۆڕانکاری ڕادیکاڵی بەسەردا هاتووە. یەکەم: جیهانگیری(گلۆباڵیزم) کە جیهانی یەکپارچە و تاک جەوهەر کردوە و هیچ سنورێک بۆ فیچقەکردنی سەرمایە

نەماوە کە ئەمەش ڕاستەوخۆ قەیرانە جیهانییە پەیوەند دەکات بە لۆکاڵەوە و بەپێچەوانەشەوە ڕاستە... دووەم؛ بەرخۆری(مەسرەفگەرایی) کە بووە بە کەلتوری هەمووگیری هەموو چینەکان... سێیەم؛ فەزای مەجازی کە ئەمە لەو دووەی پێشتر زیاتر گۆڕانکاری لە ڕەگەزی ئۆبێکتیڤدا کردوە، حیزبە کۆمۆنیستەکانی دونیا بە گشتی بەدەست هۆکاری سوبێکتیڤەوە دەناڵێنن و لەبەرئەوەی هەڵگری هەمان ستراتیژ و کەرەستەی مارکسیزمی کلاسیکن بۆ مۆبۆلیزە و دروستکردنی سوبێکت(بکەری) ئاڵوگۆڕی دونیا. بۆیە ناتوانن خەڵک و جەماوەر مۆبۆلیزە بکەن و ڕێکی بخەن و گۆڕانکاری ڕادیکاڵی پێبکەن. لەبەرانبەر حیزبە کۆمۆنیستەکانیشدا، فەیلەسوفانی چەپی نوێ کۆمەڵێ ئاسۆی پراکتیکی سیاسی، نەک خودی پراکتیکی سیاسییان هێناوەتەگۆڕێ کە دەکرێت بە سود بێت بۆ داهێنانی فۆرمە نوێکانی پراکتیکی سیاسی».

زەردەشت نورەدین، لەبارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی باشووری کوردستانەوە وتی:» باشووری کوردستان دۆخێکی تاقانە و سینگولاری هەیە. بۆیە دەبێت هەموو مامەڵکردن و بەرکەوتنێکیش لەگەڵی دا تاقانە و سینگولار بێت، لەم خاڵەوە بەر لە هەموو شت دەبێت عەقڵییەتی کۆپیکردن وڵاوە بنێین و هەروەها واز لە ڕێکخستنی تەقلیدی و حیزبە کلاسیکییە کۆمۆنیستییەکان بهێنین کە چەقبەستوو و وشکهەڵاتوون، بەدیل لە ئێستادا سەنتێزکردنی پراکتیکی سیاسی مارکسیزمی کلاسیک و هزری فەیلەسوفانی چەپ نوێیە کە لەدەرنجامدا بەگوێرەی واقیع و هەلومەرجی باشووری کوردستان ستراتیژ و کەرەستەی نوێی ڕێکخستن و مۆبۆلیزەکردنی کۆمەڵانی خەڵکی لێبەرهەمبێت. بەدەربڕینێکی تر دەبێت بەرەنگارییەکی سەرتاسەری و ناونشین لە باشووری کوردستان سەرڕێ بکەوێت کە هەموو ئەمانەش چەپی نوێ دروستدەکات. چەپێک کە خۆی لە پاشەڕووی ڕابردوو، داماڵیوە و بووە بە پێشەنگی داهاتوو».



**محەمەد بەکر**، ڕۆشنبیر و چاودێری سیاسی، لەبارەی کێشەکانی باشووری کوردستانەوە تێڕوانینێکی جیاوزتری هەبوو لە زەردەشت نورەدین و وتی:» هەڵوەستە کردن لەسەر قەیران و گێژاوی باشووری کوردستان پێویستی و ناچاریە. کێشە بێ شوومارەکان کۆمەڵگەیان گەیاندۆتە دۆخی داڕمان و بێ ئومێدی و بێ ئیرادەیی و، بێ چارەیی لەدەرگای هەمووان دەدات، لەسایەی چەمکی حزبی چەواشەکار و وابەستە و دژە شۆڕشەوە، لەسایەی ئەقڵیەت و زهنیەتی میللیگەرای سەرەتایی بەکرێگیراوە وە کۆمەڵگە بەدەردێک براوە کە لەهەر کۆمەڵگەیەکی تر زیاتر پێویستی بەئەلف و بێی شۆڕش و چەمک و پێوانەی شۆڕشگێڕی و سەرلەنوێ تێکۆشان و پێهەڵگرتن هەیە، شۆڕشی چەواشە لەباشووردا بەهەموو پێودانگێک، لەهەموو جوڵە و کایەکانی سیاسی و چەکداری و ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتی و ... هتد نوێنەرایەتی وابەستەیی و دژە شۆڕشی کردووە شکست و تێکدان و نەهامەتی بەباڵای خەڵکدا بڕیوە. ئەم شۆڕشە چەواشەیە هێندەی ئەوەی کاری لەسەر پوچکردن و بێ ئیرادە کردن و بێ ڕۆح کردن و بەلومپەن کردنی کۆمەڵگە کردووە و بێ بەهایی و بێ پێوانەیی کردۆتە سەنگی مەحەکی بەڕێوەبردنی ژیان، لەهەگبەیدا نرخێک، جوانیەک، پیرۆزیەک نادۆزیتەوە«.

محەمەد بەکر، وتیشی:» حزب و هێزە دەسەڵاتدار و دەستڕۆیشتووەکانی باشوور هیچیان لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە تا ئێستا فیکر و ئایدۆلۆژیا و تێزی شۆڕش و شۆڕشگێڕیان نەکردۆتە بنەما بۆ خەبات و تێکۆشان، هێندەی ئەوەی یاخیبوونێکی کوێرانە و خەباتێکی چەکداری بێ سەرە و بەرە مۆرکی خۆی داوە لەجوڵە و پەیڕەویان، تەرزێکی تێکۆشانی نەتەوەیی دیموکراتی و پێوانەی ئەخلاقی شۆڕشگێڕی و پرنسیپی پڕ هزر و ئیرادە مۆرکی خۆی لەجوڵەی ئەم حزبانە نەداوە، سیاسەتی ڕۆژانە و وابەستەیی بەداگیرکەران، دوو خاڵی گرنگن کە وای کردووە ئەم حزبانە نەتوانن بەدرێژایی مێژوویان شایانی هەڵگرتنی پێودانگی شۆڕش بن، هێزگەلێک سەرچاوەی بوون و نەش و


نمایان بەپشت بەستن بەئیرادەی ئازاد و خۆیی نەبێت بێگومان ناتوانین چاوەڕێی دەرئەنجامێکی نەتەوەیی و دیموکراسی و مرۆییان لێ بکرێت، هەر بۆیە کاتێ حوکمی ئەقڵ و هزری فەلسەفی و دیموکراسی و ئیرادەی خۆیی غائیب بوو ئیتر ناکرێت چاوەڕوانی دەسەڵاتێکی دیموکراسی و مرۆڤ دۆست و ژیان دۆست بکرێت، ئەوەی خۆی نمایش دەکات دەسەڵاتێکی ستەمکار و نادیموکرات و دژە ئینسان و گەندەڵ و وڵاتفرۆش دەبێت، ئاخر چۆن هێزگەلێک کە سەرتاپایان نوقمی نێو نەتەوەپەرستی کۆنەپارێزی بەکرێگیراو بن، نابنە ستەمکار و دیکتاتۆر، مرۆڤ ناتوانێت چاوەڕێی سیستەم و ستاتۆیەک لەم هێزگەل و دەسەڵاتە بکات کە تێیدا یەکسانی و دادپەروەری و شکۆی مرۆڤ و ئاشتەوەیی کۆمەڵایەتی تێدا بەرقەرار بێت، مسۆگەر سیستەم و دەسەڵاتێکی بەم ڕەنگە جگە لەچاو برینە حوکم و درێژەدان بەمانەوە و تاکڕەوێتی و ستەمکاری، شتێکی تری لێ چاوەڕوان ناکرێت، گەلی باشوور کوشتەی دەستی ئەم مۆدیلە حوکومڕانیەیە و هێشتا باجی نەتەوە پەرستی سەرەتایی وابەستە دەدات».

لەبارەی ئەوەی دەبێت چی بکرێت و چۆن بەڕێوەبردنێک پێویستە بۆ باشووری کوردستان، محەمەد بەکر وتی:» باری شۆڕش لەباشووری وڵاتمان قورس و گرانە، حزب و لایەنە سیاسیەکان هەریەکەیان ڕۆڵی گەورەی هەبووە لەتێکدان و شێواندن و بەلاڕێدا بردنی چەمک و پرنسیپی شۆڕش و ڕێکخستن، هێندەی ئەوەی ئیش کراوە لەسەر ئەو چەمک و پرنسیپانەی کە دژە شۆڕش و دژە ڕێکخستنێکی تۆکمە و هاوچەرخن، ئیش نەکراوە ناواخنەکەی پڕ بکرێتەوە بەپێوانە و بەها و هزری نەتەوەیی دیموکراتی مرۆڤ و ژیان دۆستانە، کاتێک ئامانج و ستراتیژیەت بچووک و بەرژەوەندیخوازانە بوو بێگومان شۆڕش و ڕێکخستنیش بەگوێرەی ئەو ئامانج و ستراتیژیەتە دادەڕێژرێت، مرۆڤ

## شکستی مۆدیلی حزبایەتی و کوردایەتی لەباشووردا بەدەرەجەی یەکەم بۆ نەبوون و بەرکەنارگیر کردنی ڕۆڵ و پێگەی ژنان لەنێو شۆڕشدا دەگەڕێتەوە

دەتوانێت بڵێ کە شۆڕش و ڕیکخستن لەباشووردا بێ بناغە و بێ کۆڵەکەن، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو باریشی گران کراوە، بۆیە کاتێ دەست بەرین بۆ ڕێکخستن و شۆڕش دەبێت وەک ئەوەی هیچ نەبوو بێت و لەسەرەتاوە بناغەی شۆڕش و ڕێکخستن دابڕێژرێت، مسۆگەر ئەمەش پێویستی بەپەروەردەیەکی گشتگیری ئەو تاکانە هەیە کە بۆ شۆڕش و ڕێکخستنێکی بەئیرادە و شۆڕشگێڕ و هاوچەرخ پشتی پێ دەبەسترێت، پەروەردەی هزری و چەمکی کەسێتی و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی حزب و سەرۆکایەتی و ڕێکخستن و سیاسەت و شەڕ و تێگەیشتنی قوڵ و بابەتیانەی مێژوو و هەموو ئەمانە دەبنە کۆڵەکەی سەرەکی و چەخماخەی شۆڕش و ڕێکخستنی پۆڵایین و هاوچەرخانە، هەتا ئەو زهنیەت و ئەقڵیەت و چەمک و تایبەتمەندیانە گۆڕ ون نەکرێت کە حزبەکانی باشوور بەبەر تاک و کۆمەڵگەیاندا بڕیوە، مەحاڵە بتوانین باس لەشۆڕش و ڕێکخستن و کیانێکی ئازاد و شەرەفمەندانە بکەین».

وتیشی:» پایەی شۆڕش و ڕێکخستنێکی بەرهەمدار کە ئازادی و دیموکراسی و هاووڵاتیبوون بکات سەنگی مەحەکی بەڕێوەبردنی ژیانی تاک و کۆمەڵگە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە سەرەتا دەست ببرێت بۆ ئەڵقە لاوازەکان، شکستی مۆدیلی حزبایەتی و کوردایەتی لەباشووردا بەدەرەجەی یەکەم بۆ نەبوون و بەرکەنارگیر کردنی ڕۆڵ و پێگەی ژنان لەنێو شۆڕشدا دەگەڕێتەوە. میللیگەرای سەرەتایی وابەستە بەدرێژایی جوڵە و شۆڕشی چەواشە، ئاستەنگ بووە لەبەردەم بوون و ڕەنگ و جوڵەی ژنان لەهەموو کایەکانی شۆڕشدا، شۆڕش و ڕێکخستن بێ بەری کراوە لەهێز و ئیرادەی ژنان، ئەمە لەکاتێکدا شۆڕش و ڕێکخسنی هاوچەرخ و حوکومڕانیەکی شایستە بەکۆمەڵگە، بەبێ پێشەنگی ژنان و جێگرتنی گشتگیرانەی لەکایە سیاسی و ڕیکخستنی و چەکداری و بەڕێوەبەرایەتیدا، بەدی



عەبدوڵڵا ئۆجالان

نایەت. ستەم و دیکتاتۆری و نادادی و وابەستەیش هەر لەڕێگەی کارەکتارت ژنانەوە دەتوانرێت گۆڕ ون بکرێت. هەروەها لاوان کە بەدەردێکی نەخوازراو براون لەسایەی دەسەڵات و حوکمڕانی بێ هزر و بێ پرنسیپ، دەبێ وەک کۆڵەکەیکی سەرەکی ڕیکخستن و شۆڕش پەروەردە بکرێن و هزر و ئیرادەی ئازادی بکرێت بەبەریاندا و لەنێو سەرجەم سەنگەرەکانی تێکۆشاندا، بەئەقڵیەتی نەتەوەیی دیموکراتی پێشکەوتوخواز، جێگەی شیاو و پێشەنگ بگرن».

محەمەد بەکر، تیشکی خستە سەر تێز و فیکری ئۆجالان بۆ چارەسەری کێشەکانی باشوور و کێشەکی گەلان بەگشتی و وتی:» هزر و فەلسەفە و تێزی ڕێبەر ئۆجالان کە تێری شۆڕشی گەلان و هەموو مرۆڤایەتی دەکات، دەبێت و ناچاریە ئەو تێز و فەلسەفەیە بە بنەمای شۆڕش و ڕێکخستنێکی هەمدەمیانە لەباشووردا بەهەند وەربگیردێت و لەڕێی فیکر و تێزە ئینسانی و دیموکراتیی و چارەسەرئامێزەکانی ڕێبەر ئۆجالان، زهنیەت و ئەقڵیەتی نەتەوە پەرستی سەرەتایی بێ ئیرادە لەباشووردا ڕابماڵرێت و سەرلەنوێ ژن بەژن و مرۆڤ بەمرۆڤ و کۆمەڵگە بەکۆمەڵگە ببێتەوە و پایە و بەها و پیرۆزییە کولتووری و ڕۆحیەکان لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا بچێنرێت».

لەبارەی ئەوەی ئایا دەکرێت لە باشووری کوردستاندا، ئەلتەرناتیڤێکی شۆڕشگێری ببێتە چارەسەر، ناوبراو وتی:» گۆڕانکاری ڕاماڵینی هەر دەسەڵاتێکی تاکڕەو و ستەمکار بەکۆمەڵگەیەک بەدی دێت کە لەبەرزترین ئاستا بیر بکاتەوە و هزر بئافرێنێت و نەریتی سیاسی و ئەخلاقی شۆڕشگێڕی بونیاد بنێت، تەنیا کۆمەڵگە ژیر و هوشیارەکان دەتوانن ڕێگربن لەبەرامبەر تاکڕەوی و ستەم و پاوان، لەسایەی ئەم سیستەم و دەسەڵاتە بەکرێگیراوە، زهنیەتی کۆماڵگا داڕماوە، کاتێ زهنیەتی کۆمەڵگە داڕما بێگومان مرۆڤ بێ بەش دەبێت لەسیاسەت و ئیرادە و شۆڕش و ڕێکخستن، هەربۆیە بەئافراندنی هزر و بونیادنانەوە و بەگەڕخستنی زهن و ژیری و دواتریش ئەنجامدانی چالاکی شۆڕشگێڕی دەتوانین باس لەئەلتەرناتیڤی شۆڕشگێڕی بکەین».

وتیشی:» هێشتا لەباشووری کوردستان قۆناغی گەشە و بونیادنانی پایە گرنگەکانی کۆمەڵگە و هزری نەتەوەیی دیموکراتی و پێکەوە ژیانی ئازادانە دەستی

پێ نەکردووە، چونکە گەشە و پەرەپێدان و بونیادنان پێویستی بەپایەی هزری و چەمک و فەلسەفە و دونیابینی هاوچەرخ هەیە و هیچ یەک لەم حزبانەی باشوور ئەم پایانەیان بەباڵادا نابڕێت. هەر بۆیە بەرەی گەل و سیستەمی تاک و هاووڵاتی ئازاد باشترین ئەلتەرناتیڤ و جێگرەوە و بەرپەرچدانەوەی بەرەی حزبی نەتەوە پەرست و دژە شۆڕشە بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەی دیموکراسیانەی گشتگیر و ڕیشەیی کێشە و قەیرانەکان و خولقاندن و بونیادنانی پایە فیکری و ژیاریەکانی کۆمەڵگە، پێویستە سەرلەنوێ پێناسە و پێوانە بۆ پەیڤیشۆڕشگێڕی بکرێت و دابنرێت. پەیڤی شەرعیەتی شۆڕشگێڕی کە سیاسیەکانی باشوور کردویانە بەباڵای گرگنی خۆیاندا، گەورەترین سوکایەتیە بەڕەهەند و خودی شۆڕشگێڕیەت. ئاشکرایە لەباشووری کوردستاندا لەسایەی دەسەڵاتێکی بەدفەڕی سەپێنراو بەسەر خەڵکا، زۆر لەچەمک و پێوانە مرۆیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و هونەری و .... هتد، ڕووبەڕووی لەڕێلادان و شێواندنی گەورە بۆتەوە. شۆڕشی بونیادنراو و چەواشە لەباشووردا کەبناغەیەکی یاخیبوونی کوێرانەی نا زانستی و خێڵەکی و ناوچەیی و باوەڕ نەبوون بەخۆی هەبووە و هەیە، هیچ کات بەپێویستی نەبینیوە ئیش لەسەر پێوانە باڵاکان بکات بۆ خولقاندنی کەسێتیەکی بەئیرادە و پڕ هزر کە دەرەقەتی زەحمەتیەکانی شۆڕش بێت».

محەمەد بەکر زیاتر لەسەر کەسایەتی شۆڕشگێڕ دواو وتی:» هیچ گومانی تێدا نیە کە دەست بردن بۆ شۆڕش و ئازادی لە کوردستانێک کە سروشتی دۆز و

**ئەوانەی پێشەنگایەتی ئەم بەناو شۆڕشەیان کردووە لەباشووری کوردستان، نەک هەر شۆڕشگێڕ نەبوون، بەڵکو زۆر ڕاشکاوانە دەتوانرێت پەیڤی یاخی بوونی کوێرانە و نەتەوە پەرستی سەرەتایی بەکرێگیراو و بازرگانی شەڕ و خێڵ پەرستی و ناوچە پەرستی، ببڕیت بەباڵایاندا.**

سەرسەختی دوژمنەکانی هێندە زەحمەت و تاقەت پڕوکێن بێت، ئەوا ئەو شۆڕشە ناچارە بەئافراندنی کەسێتیەکەی شۆڕشگێڕی وەها کە خۆنەویستانە ئامادە بێت بۆ هەموو زەحمەتی و ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەر شانی. چونکە مەرجی سەرخستنی شۆڕشی کوردستان پابەندە ئامادەیی و بوونی کەسێتی بەهێز و بەئیرادە و شۆڕشگێڕ تاوەکو بتوانێت پێشەنگایەتی بۆ دۆزێکی وەها قورس و زەحمەت و پڕ دوژمن و نەیار بکات. ئازادی لەکوردستاندا بەشۆڕشی هەرزان و کەسێتی هەرزان بەدی نایەت، حاشا هەڵنەگرە کە لەباشووردا هەموو ئەو هێزانەی بانگەشەی شۆڕشیان کردووە و دەکەن، نەیانتوانیوە بەگوێرەی چەمک و پێوانەیەکی باڵا کە ڕزگاری و ئازادی کوردستان و دۆزە ڕەواکەی دەیسەپێنێت، کەسێتی و تێکۆشەری شۆڕشگێڕ بخولقێنن و ئامادە بکەن. ئەو بانگەشانەی بۆ شەرعیەتی شۆڕشگێڕی دەیکەن و ناوزەد کردنی کەسێتی و جوڵەی سیاسی و چەکداریان وەک شۆڕشگێڕێک جگە لەچەواشووەکاری و پوچ کردن و بچووککردنەوەی ناوەڕۆک و پێوانەی شۆڕشگێڕی هیچی تر نیە«.

وتیشی:» گەر مرۆڤ بەڕاستی و دروستی و بەگوێرەی پێوانەی باڵا و ئەزموونی کەڵەکەبووی کەسێتییە شۆڕشگێڕەکانی مێژوو تاو و توێی پەیڤ و چەمکی شۆڕشگێڕی بکات ئەو کات بۆمان دەردەکەوێت ئەوانەی پێشەنگایەتی ئەم بەناو شۆڕشەیان کردووە لەباشووری کوردستان، نەک هەر شۆڕشگێڕ نەبوون، بەڵکو زۆر ڕاشکاوانە دەتوانرێت پەیڤی یاخی بوونی کوێرانە و نەتەوە پەرستی سەرەتایی بەکرێگیراو و بازرگانی شەڕ و خێڵ پەرستی و ناوچە پەرستی، ببڕیت بەباڵایاندا. ئەمانە نەک شۆڕشگێڕ نەبوون بەڵکو وڵاتپارێز و نیشتمان

پەروەرێکی سەرەتاییش نەبوون، گەر بزانین شۆڕشگێڕ ئەو کەسەیە بۆ خۆی ناژی و بۆ کەسان و مرۆڤە ستەم لێکراوەکانی تر ئەژی، موڵکی خۆی نیە و موڵکی ئەوانی تر، هیچ ماف و دەستکەوتێکی بۆ خۆی ناوێت و بۆ ماف و دەستکەوتی ئەوانی تر تێدەکۆشێت. گەر بزانین شۆڕشگێڕ مرۆڤێکە چاوەڕوانی سوپاس و ستایش و دەستخۆشی لەکەس ناکات و هەمیشە ئامادەی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن و دادگای گەلە بەرامبەر هەر هەڵە و کەموکورتیەک ئەنجامی بدات، گەر بزانین شۆڕشگێڕ هیچ کات ڕەنج و ماندووبونی خۆی نافرۆشێتەوە و نایکاتە منەت بەسەر خەڵک و لەکوێ زوڵم و ستەم هەبێت خۆبەخش و خۆنەویستانە لەسەنگەری ئازادی و دادپەروەری و دژ بەستەم و چەوسانەوەدا شوێنی خۆی دەگرێت. گەر بزانین کەسێتی شۆڕشگێڕ پڕێتی لەفیکر و فەلسەفە و ئەخلاق مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستی و ئاشتیخوازانە. گەر بزانین شۆڕشگێڕ هیچ کات مەڕاقی کۆکردنەوەی سەرەت و سامانی نیە و گیرفانی تەنیا لەتە نانێکی تیایە لەپێناو ژیان و بەگەڕخستنی وزەی شۆڕشگێڕی، ئەوا بێگومان بۆمان دەردەکەوێت و تێدەگەین کە ئەم توخمە بەناو سەرکردانەی باشوور نەک هەر شۆڕشگێڕ نەبوون و نابن بەڵکو لەئاست ئەم وشەیەدا زۆر گرگن و نزمن و حەدی ئەوەشیان نیە توخنی ئەم وشەیە بکەون و بەباڵای خۆیاندا بیبڕن».

لەبارەی ئەوەی کە ئایا چ هێزێک دەتوانێت شۆڕش بئافرێنێت، ناوبراو وتی:»خولقاندنی شۆڕشگێڕ کارێکی

**زۆرجار دەوترێت ئەوە لێدانەی بەر پشتت دەکەوێت گەر پشتت نەشکێنێت ئەوا بەهێزت دەکات، لە ڕوانگەی ئەم وتەیەشەوە تاکەکانی هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەوەی بریندارن بە ڕوودانی ئەو ڕووداوە ناخۆشانەو لەدەستدانی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان، لەهەمان کاتدا هیوایەکیان بە هەستانەوە و گۆڕینی ئەم دەسەڵاتە تاڵانچیی و ستەمکارە لادروست بووە**

زەحمەتە و تەنیا هێزێک دەتوانێت مرۆڤی شۆڕشگێڕ بخولقێنێت کە گەنجینەی پڕی بێت لەفیکر و هزر و تێزی فەلسەفی و دونیابینی و تێڕوانینێکی ژیاری و ئینسانیانەی هەبێت بۆ کێشە کەڵەکەبووەکانی ناوچەکە و مرۆڤایەتی، پەروەردە و پەنجە خستنە سەر پرس و کێشە کەسایەتیەکان و شیتەڵکردنی تایبەتمەندیە چینایەتی و نەتەوایەتی و ڕەگەزی و شوێنگرەوەی تایبەتمەندیە سروشتی و ئینسانیەکان بەردی بناغەی خولقاندنی مرۆڤی شۆڕشگێڕە، تاوەکو مرۆڤێکی بەم ڕەنگە نەخولقێنرێت ئاستەمە نتوانین باس لەهزر و زهنیەتی نەتەوەیی دیموکراتی بکەین و مەحاڵە بتوانین باس لە پێکەوە ژیانی ئازادانەی گەلان بکەین».

زۆرجار دەوترێت ئەوە لێدانەی بەر پشتت دەکەوێت گەر پشتت نەشکێنێت ئەوا بەهێزت دەکات، لە ڕوانگەی ئەم وتەیەشەوە تاکەکانی هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەوەی بریندارن بە ڕوودانی ئەو ڕووداوە ناخۆشانەو لەدەستدانی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان، لەهەمان کاتدا هیوایەکیان بە هەستانەوە و گۆڕینی ئەم دەسەڵاتە تاڵانچیی و ستەمکارە لادروست بووە، بیر لە دروستکردنی هێز و وزە دەکەنەوە بۆ گۆڕین و ڕامالینی سەتەمکاری لە هەرێمی کوردستاندا، بۆیە ڕەنگە ئێستا لەهەموو کات زیاتر باشووری کوردستان پێویستی بە هێزێکی ڕادیکاڵ و بوێر و خاوەن بیر و ئایدۆلۆژیا بێت بۆ ئەوەی پێشەنگایەتی خواستەکانی جەماوەر بکات.

# لە بەرامبەر شکستی سیاسی گەڕان بەدوای ستراتیژێکی نوێ



ئازادیی کۆمەڵگە
سەردار ستار

ماوەی چەند ساڵێکە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان دەیانەوێت دەسەڵاتی قەڵەمڕەوی خۆیان زیادبکەن و دەوڵەتۆچکەیەك لەناوچەکە دروست بکەن، ئەمەش وەك داواکاری سەد ساڵەی کورد دادەنێن، بێگومان هەڵەنیە ئەگەر کوردیش دەوڵەتی خۆی هەبێ، هەمانکات خەڵکی کوردستانیش دەتوانێ ریفراندۆم بکە لەسەر چارەنووسی خۆی، لەلایەکیتر مافی خۆیەتی چۆنی دەوێت وا خۆی بەڕێوەبەرێت. ئەوەی دەمەوێت قسەی لەبارەوەبکەم ئەوەنیە، ئەوەش نیە بمەوێ هێزە داگیرکەرەکان بە خاوەن ماف دەرخەم، هەمانکات ناشمەوێ چارەی داگیرکەری لەسەر خاك و وڵاتەکەم ببینم. ئەوەی دەمەوێ باسی لێوەبکەم ئەویش ستراتیژی هەڵەی سیاسیە لە باشوری کوردستان لە حەفتا ساڵی رابردوو کە پ د ك/عێراق پێشەنگایەتی دەکات، ئەوەی لەماوەی ئەو مانگەی رابردوو دەرکەوت ئەنجامە نەك هۆکار. بۆیە پێویستە شەن و کەویەك بۆ سەرلەبەری سیاسیەتی باشور بکرێت نەك بێین بەدوای رووداوە رۆژانەیەکاندا بکەوین.

سیاسەت کارێکە بەسۆز و هەستی ناسك لەگەڵ دەسەڵاتدارانی جیهانی ئەمڕۆ ناکرێت، چونکە وەك خۆیان دەڵێن، سیاسەت بەرژەوەندیە،

> **روسیا هەرەسی ئایدیۆلۆژیاکەی بووە هەرەسی سەرلەبەری هێزە جیهانیەکەی و بیست ساڵی برد تاکو هاتەوە ریزی دەوڵەتانی جیهان**

هەمانکات ناچاریشنین یان دەبێ لەبەرەی شیعەی ئێران یان لەبەرەی سونی تورکیا دابیت. بەمانایەکیتر من چەند خاوەن مافم دەتوانم ئەوەندە مافەکەم پەیڕەو بکەم و بەئارەزووی خۆم دەتوانم ئەسپی خۆم تاودەم ئەوە جێگای نابێتەوە، سیاسەت بەهێز دەکرێت، کە ئەگوترێ هێزیش تەنها هێزی چەکدری نا، بەڵکو هێزی ئایدیۆلۆژی، دیبلۆماسی، ئابوری و چەکداری. ئەگوترێ جولەکە بەهێزی ئابوری بوونەتە خاوەن دەوڵەت و دەسەڵات، فاتیکان بە ئاینی، ئاینی مەسیحی ئیمپراتۆریەتی رۆمای رووخاند، ئێران دەوڵەتێکی ئایدیۆلۆژیە، روسیا هەرەسی ئایدیۆلۆژیاکەی بووە هەرەسی سەرلەبەری هێزە جیهانیەکەی و بیست ساڵی برد تاکو هاتەوە ریزی دەوڵەتانی جیهان....هتد. بۆیە قسەیەك هەیە دەڵێت «سیاسەت وەك دەمی خەنجەر وایە کاتێك لە کالانی هاتە دەر ئەگەر دوژمنەکەی نەکوژێ خاوەنەکەی ئەکوژێ»، بۆیە پێویستە بەگوێرەی راستینەی ئەگوزەرێت مامەڵە لەگەڵ سیاسەت بکرێت، خوێندنەوەیەکی راست بۆ رووداوەکانی رۆژ و ئەو هەل و دەرفەتەی ئەمڕۆ لە ناوچەکە لەبەردەست دایە دەتوانێ دەسکەوتی

زیاتر بەدەست بخەی ئەگەرنا ئەوەی هەشە لەدەست دەچێت.

خوێندنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و چەکداری و ئابوری باشور لە مێژووی کۆن و نوێیدا بەبێ ئەوەی پشت بەخۆی ببەستێ، تەنها بەپاڵپشتی هێزەکانی دەرەوە دەیەوێت وەك دەوڵەتانی کەنداو، یان باشوری سودان و.... هتد ببێتە خاوەن قەوارەی دەوڵەت، یان دەیەوێت هەمان ئەو گرنگیەیی هێزە جیهانیەکان لە دوای ساڵی ١٩٩١ تاکو ٢٠٠٣ پێیان دابوو، یان ئەو هێزەی کە بەیارمەتی هاوپەیمانی جیهانی شەڕی داعشی کردبوو و خۆی بەسەرکەوتو دەژمارد، هەمانکات ئەو شاندە نێودەوڵەتیانەی بەبۆنەی شەڕی داعش دەهاتنە لایەن و هاتنی سەرۆك کۆمارەکان و وەزیرەکانی دەرەوەی دەوڵەتە زلهێزەکان، بێدەنگ بوون لەبەرامبەر فرۆشتنی نەوتی قاچاخ، دەرکەوت ئەوانە هەموویان دەسەڵاتدارنی هەرێمی سەرخۆش کردبوو، بۆیە بڕیارێکیان دا کە لەخۆیان گەورەتر، بەڵام زۆر کورتر لە تەمەنی کۆماری مهاباد، ئەگەر ئەگوترێ سەرکردەکانی کۆماری مهاباد ١١ مانگ بەرخودانیان کرد، بەڵام کۆمارەکەی باشور نەیتوانی مانگێك خۆی لەسەر پێ بگرێ و سەرکردەکانی بەر لەهەرکەسێك لە کەرکوك رایانکرد و ئەوەی بڕیاری یەکەمی ریفراندۆمیشی دا لەناو نوێنە گەرمەکانی خەونی پەمەیی ئەبینی.

قەوارەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان تاکو ٢٠٠٣ بەیارمەتی دەوڵەتانی هەرێمی و بەبڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان پارێزگاری لێ دەکرا، هەمانکات رژێمی بەعسیش وەك مارێکی نیوە مردووی لێهاتبوو، دەسەڵاتی رووبەڕووبوونەوەی نەبوو. لە رووداوەکانی ساڵی ١٩٩٦ و ١٩٩٧ پ د ك/عێراق بەیارمەتی هێزەکانی سوپای تورکیا و عێراقی بەعس هاتەوە گۆڕەپانی سیاسی و بەسەر یەکێتی و پەکەکەدا زاڵ کرا، یەکێتیش

**”**

**مام جەلال لە بیرەوەریەکانی لەگەڵ سەلاح رەشید دا دەڵێت" لە هاتنی پارتی و سوپای بەعسی عێراقی بۆ هەولێر لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ ئەو بەڵێنەی پێمان درابوو بۆ پاراستنی هەولێر لەلایەن ئەمریکاوە جێبەجێ نەکرا،**

بەیارمەتی ئێران ساڵی ١٩٩٦ گەڕاوە ناو گۆڕەپانەکە. لەهێرش و پەلامارەکانی شەڕی داعشیش بەیارمەتی گەریلاکانی پەکەکە و هێزە هاوپەیمانەکان و ئێران توانرا هەولێر بپارێزرێ. هەرچەندە سەرۆکایەتی پ د ك/عێراق تا ئاستێك لەڕیگای قەتەر و سعودیە و تورکیا لە پایتەختی ئەردەن لەگەڵ داعش رێکەوتبوون بۆ تێکبردنی دەوڵەتەکەی مالکی، بەڵام سیاسەتەکەیان کورتی هێنا، ئەگەر هێزەکانی لەسەرەوە ناوم هێنان نەبوونایە لە سەرەتای مانگی ئابی ٢٠١٤ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان ئەڕووخا، ئەوەندە کورتبین بوو دەسەڵاتی سیاسی هەرێم وای دەزانی لەگەڵ داعش دەتوانێ سیاسەت بکات!! چونکە بەگوێرەی ئەوان سەرکردایەتی سیاسی رۆژئاوای کوردستان نازانێ سیاسەت بکات بۆیە شەڕی داعش و جەبهەت و نوسرا و ئەحرار شام و گرووپە چەتەکان دەکەن. وەك لەخۆی بیستمان مەسعود بارزانی دەی گووت «دەبێ شتێك بێنمە سەری مالکی ناوی خۆی لەبیر بکات»، ئەمجارە پێچەوانە بوویەوە یان ئەمجارە کارتەکانی بارزانی نەیخوارد، ئەو شاندانەی هاتنە هەولێر، ئەو ٨٢ دەوڵەتەی گوایە پشتیوانی دەوڵەتی کوردی دەکەن، هەمانکات هێزی هاوپەیمانان، ریفراندۆمیان نەپاراست. پێچەوانە بێدەنگ بوون لەبەرامبەر داگیرکەری هەرێمە کێشە لەسەرەکان لەلایەن حشدی شەعبی کەبەهێزی نوری مالکی دەژمێردرێن، مام جەلال لە بیرەوەریەکانی لەگەڵ سەلاح رەشید دا دەڵێت» لە هاتنی پارتی و سوپای بەعسی عێراقی بۆ هەولێر لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ ئەو بەڵێنەی پێمان درابوو بۆ پاراستنی هەولێر لەلایەن ئەمریکاوە جێبەجێ نەکرا، بۆیە هەولێرمان لەدەست چوو». لە پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆم هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و دەوڵەتە هەرێمیەکان

بەتایبەت تورکیا و ئێران، نەبوونە پارچەیەك لە سیاسەتی دەسەڵاتی باشوور بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە ئەنجامەکانی ریفراندۆم. هەڵبەت لێرەدا مەبەستم بچوك دیتن و بەبچوك سەیرکردنی هێزی پێشمەرگە نیە، چونکە هێزی پێشمەرگە لەگەڵ ئەوەی خاوەن مێژوویێکی پڕ سەروەریە و هەزاران شەهید و کەم ئەندامی هەیە، هەمانکات مرۆڤی کورد بەقارەمانی و ئازایەتی خۆی ناسراوە، مەبەستم سیاسەتی ستراتیژی پاراستن و چۆنیەتی بەرگریکردنە لە دەسکەوتەکان، تائێستا سیاسەتێکی راست و دووربین بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی باشوور پیادە نەکراوە، بەڵکو بەردەوام پشت بەستراوە بەهێزە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان، ئەوەی پێویستە لێرەدا پێداچوونەوەی بۆ بکرێت ئەویش ئایا بەهێزی پێشمەرگە و گەریلا و هێزە خۆبەخشەکان و خەڵکی کوردستان، چۆن دەتوانین خۆمان بپارێزین، چونکە ئێستا کێشە لە کەمی چەك و تفاقی سەربازی نیە، بەڵکو کەمی لە عەقلی پاراستن و ستراتیژی بەرگریکردنی فەرماندارێتی هێزەکانی پێشمەرگەدا هەبووەو هەیە.

بەبێ گوێدانە دەنگە ناڕازیەکان و هەمانکات بەبێ ئەوەی پشت بەخۆت ببەستی و لەلایەکیتر خۆ لەقەبارەی کەهەیت گەورەتر سەیر خۆت کردن و بەبێ ئەوەی ژێرخانی ئابووری دروست بکەی و تەنها پشت بەنەوتی قاچاخ ببەستی و بێ ئەوەی هێزی پێشمەرگە بکەیتە هێزێکی نیشتمانی و دیسان وەك جاران هێزی حیزبی سەروەر بکەیت، لەلایەکتر بەبێ ئەوەی هیچ پشتگیریەك لە دەوڵەتانی جیهانی و هەرێمی وەربگریت، تەنها بەپشتگیری ئیسرائیل رازیبوون، هەمانکات لەناو خۆدا هێزە سیاسی و حکومیەکان پارچە پارچە و بەبێ مووچە و بێ داین کردنی هیچ سەرچاوەیەکی ژیان، چۆن ئەچیتە ریفراندۆم!!؟؟ ئەو قسانە هەموویان کران، شیکار و شرۆڤەی زۆریشیان بۆ کرا، بەڵام ئەوانەی ئەو قسانەیان

> **لە باشوور ١٨٠هەزار پێشمەرگەمان هەیە، خۆ حشدی شەعبی بە کەمتر لە بیست هەزار چەکدار هێرشی کردوە، تانکەکانی حشد تۆپیان دەهاویشت ئەی ئەوانەی ئێمە"ئاو"، هەمەڕەکانی حشد هێرشیان ئەکرد بۆ پێشەوە، ئەی ئەوانەی ئێمە تەنها بۆ راکردنن،**

کرد یان ئەو وتارانەیان نووسی یان لە بەرنامەکانی تیڤی و رادیۆکان بەشداربوون، ئەوانە تەخوین کران، بە پیاوی مالکی و خۆفرۆش بەناوکران، لەپەرلەمان دەرخران، بەهەڵپەرست و نەخواستنی بەرژەوەندی خەڵك و هاوڵاتیان بەناو کران!!.

ریفراندۆم بۆ نەپارێزرا، بەمانایەکیتر کەرکوك بۆ نەپارێزرا، لە شەنگال تا خانەقین، واتا هەرێمەکانی مادەی ١٤٠ بۆ بەرگریان لێ نەکرا، «چونکە لەبنەڕتدا ریفراندۆم بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچانەبوو بۆ سەر هەرێمی کوردستان»، کێ بەرپرسیارە لەو کارەسات و شکان و هەرەس و دۆڕاندن و لەدەستدانی نزیکەی سەدا پەنجای خاکی باشور؟، وەڵامێکی کورت و بە لۆژیکی یەکێتی و پارتی: پارتی دەڵێت، بەشێك لە بەرپرسانی یەکێتی فرۆشتیانە عەبادی لە رێگای ئێران و قاسم سولیمانی، یەکێتیش دەڵێت، پارتی دەیەوێت شەڕی نەوتی دزراومان پێبکات بۆ تورکیا !!!» بارودۆخێکی زۆر کۆمێدی و تراژیدیە.

نەدەکرا بەهێزی خۆیی و بەو چەك و تفاقەی لە هاوپەیمانان وەرگیرابوو بۆ شەڕی داعش خۆ بپارێزرێت، ئەی بۆ حشدی شەعبی توانی بەو چەکانە هێرش بکا. نەدەتوانرا هێزی زیاتر لە شەنگالەوە تا خانەقین بخرێتە سەنگەرەکانی بەرگریەوە، ئەی ناگوترێ لە باشوور ١٨٠هەزار پێشمەرگەمان هەیە، خۆ حشدی شەعبی بە کەمتر لە بیست هەزار چەکدار هێرشی کردوە، تانکەکانی حشد تۆپیان دەهاویشت ئەی ئەوانەی ئێمە«ئاو»، هەمەڕەکانی

حشد هێرشیان ئەکرد بۆ پێشەوە، ئەی ئەوانەی ئێمە تەنها بۆ راکردنن، ئەی بۆچی لەسەرەتای بەهار توانیتان بەو هەمەڕ و چەکە ئەڵمانیانە لە سنوری خانە سۆر و سنونێ گەریلای پێ پان بکەنەوەو نزیکەی هەشت شۆڕشگێڕتان پێ شەهید کرد، ئەی بۆ توانیاتان سەرۆکی پەرلەمان بەو هێزانە وەدەرنێن، ئەی بۆ توانیتان بەو هێزانە شەڕی ناوخۆ بکەن، بۆچی ئەو هێزانە ئەیان توانی بارەگاکانی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان داگیر بکەن، بۆ ئەتوانن رێگری لە چالاکیە دیموکراتیەکان بگرن لەدژی دەوڵەتانی داگیرکەر، بەڵام کاتێك دێتە بەرامبەر داگیرکەران، قسەی دووبارەتان ئامادەیە ئەویش» هێزەکانمان نابەرابەر بوون، ئەوان هێزی زیاتریان هەبوو، چەکی ئەمریکیان پێبوو، حشدی شەعبی و پاسدار پێکەوە بوون، ئێمە شکاین، شەڕ بەو چەکانە ناکرێت»، ئەو قسانە هیچیان ناتوانن منداڵێکی ناو بێشکەش قناعەت پێبێنن چ جای خەڵکی کوردستان. هەر هەمان رۆڵەکانی نیشتیمانەکەمان بەهەمان چەك و تفاق، بەڵام بەژمارەیەکی کەمتر، بە هزر و بیروبۆچوونێکی جیاوازتر، بەسیاسەتێکی دووربینتر و فرەڕەنگتر، کە لەسەر بنەمای پێکەوە ژیانی گەلان دارێژراوە، ئەو رۆژەی ئێوە دەشکان و هەرەس ئاسا دەبەزین لەبەرامبەر هێزێکی بێ سەروبەری وەك حشدی شەعبی لەسەر ئاو و خاك و ماڵی خۆتان، ئەوانیتر سەر ئەکەوتن بەسەر هێزێکی وەك داعش و پایتەختەکەیان «رەقا»یان لەدەست دەستاندن.

بێگومان هەردوو هێز کوردین، بەڵام دوو هزر و بیروبۆچوونی جیاوازن، واتا دوو کوردی جیاواز، ئەوان لە رەقە لە پایتەختی داعش سەرکەوتنیان بۆ گەلی کوردستان و مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز لەگەڵ خوشك و براکانیان لە عەرەب و ئاشوری و تروکمان و نەتەوە جیاوازەکان تۆماردەکرد، ئێوەش لە کەرکوك لەپایتەختی پترۆڵ و ئابووری و دوارۆژی باشووردا بنکەوتن و راکردنێکی ترتان ئەخستە سەر ئەوانەی رابردووتان.

> **ئەوەی زۆر خۆی بەنەتەوەیی دەزانێ دەڵێت، "ئێمە پشتیوانی رۆژهەڵات یان باکور یان رۆژئاواین"، پرسی پارچەکانیتر بە پرسی خۆی نابینێ.**

بەبڕیار وەرگرتنی تاك لایەنە بۆ پرسێکی چارەنووسساز، دەتەوێ دەسکەوت بەدەست بخەی، بەڵام گوێ لەکەس ناگری، بەتایبەت ناتەوێ بەدەم کۆنگرەو کۆنفرانسی نەتەوەیەوە بچی، چونکە کاتێك بڕیارێکی چارەنووسساز دەگیردرێت پێویستە وەك نەتەوە هەمووومان پێکەوە بڕیارکە بگرین، تاکو لە جێبەجێکردن و پاراستنیشیدا هەموومان یەکریزبین و لەکۆتایدا یەکتری بە خیانەت و ناپاکی تاوانبار نەکەین. لەکوردستان هەموو هێز و لایەنەکان باوەڕدەکەن کەدەبێ یەکێتی نەتەوەیی لە رێگای کۆنگرەی نەتەوەیی پێك بێ، تەنها پ د ك/عێراق نایەوێت بەبێ هەژمونی ئەو هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەك ئەنجامبدرێت. بۆیە لە ئێستادا کە کۆنگرەی نەتەوەیی کۆبوونەوەکانی «راوێژی نەتەوەیی» ئەنجامدەدات تاکو کۆنگرەی نەتەوەیی بە هەموو بەرپرسیاریەتی خۆی بەئەنجام بگات، بەڵام لەبەر نەهاتنە پێشەوەی پ د ك/عێراق تاکو ئێستا کۆبوونەوەی «راوێژی نەتەوەیی» باشور ئەنجام نەدراوە، چونکە پارتی ئامادەنیە بەشداربێ و ئەوانەی پەیوەستیشن بەهێل و سیاسەتی پارتیەوە بێگومان ئەوانیش ناوێرن و خۆیان بەدوور دەگرن.

دوو خاڵ هەیە کە لە سیاسەتی باشور وەك مۆرانە کەوتۆتە گیانی، یەکەم: پرسی کورد و کوردستان تەنها لەباشور دەبینێ و وائەزانێ ئەگەر لەباشور پرسەکە چارەسەریەکی وەرگرت واتا تەواو ئەوە هەموو کوردستان رزگاربوو، واتا پرسی کورد وەك نەتەوەو پرسی کوردستان وەك وڵات یەك پارچە نابینێ، بۆیەش زۆر لای گرنگ نیە لەپارچەکانیتری کوردستان پرسەکە چۆن بەرەو پێشەوە دەچێ، ئەوەی زۆر خۆی بەنەتەوەیی دەزانێ دەڵێت، «ئێمە پشتیوانی رۆژهەڵات یان باکور یان رۆژئاواین»، پرسی پارچەکانیتر بە پرسی خۆی نابینێ.

دووەم: بەدرێژای ئەو حەفتا ساڵەی بزووتنەوەی سیاسی لەباشور بەردەوام پشتی بە هێزەکانی دەرەوە بەستووە کاتێکیش هاوکاری و پشتیوانیەکانی هێزەکانی دەرەوەی نەماوە ئەوا گۆڕەپانەکەی چۆڵ کردوە. هەر کوردێك وابزانێ بەبێ یەکێتی و یەکریزی گەلی کوردستان لە کۆنگرە و کۆنفرانسی نەتەوەیی، هەمانکات بەبێ پێشکەوتنی پرسی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ناکرێ وا بزانین بەتەنها لە پارچەیەك پرسەکە چارەسەر دەبێ، ئەو نمونەیە تەنها بۆ باشور نا بەهەمانشێوە بۆ رۆژئاواش و پارچەکانی تریش، واتا ناتوانرێ بگووترێ با پارچەکانی تر بووەستن، چونکە ئێستا پارچەیەك ئازادە و دواتریش بزانین بۆ پارچەکانیتر چۆنەبێ، ئەوە هەڵەیەکی کوشندەیە، لەبەر جیۆستراتیژ و جیۆپۆلەتیکی کوردستان بەتەنها پارچەیەك ناگاتە ئازادی، باشوری کوردستان لە حەفتا ساڵی رابردوو چەندین جار پرسەکەی تا ئاستێکی باش بەرەو پێش چووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەپارچەکانی تر پرسی کورد و کوردستان بەرەو پێش نەچووە، بۆیە لەباشوریش بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە.

ئایا کوردستانێکی ئازاد پەیوستە بە دەوڵەتی کوردیەوە، ئایا ناکرێ بەبێ دەوڵەتیش کوردستانێکی ئازاد ئاوا بکەین، مەرجە هەموو دەسکەوتەکان بکەینە قوربانی دەوڵەت، بێ دەوڵەت هیچ نەتەوەو گەلێکیتر ناتوانێ بژی لەو سەردەمی کە تێیدا دەژین، هەمانکات لەو هەل و دەرفەتەی کە هەمانە ئایا چۆن دەتوانین بە ئازادی خۆمان بگەین، یان کوردستانێکی ئازاد چۆن بەدەست دەخەین؟؟ دەبێ کەمێك لەسەر بیرۆکە و ستراتیژی دەوڵەت – 

> **ئەو دەستورەی کە لەعێراق کە هەیە و دەسەڵاتی سیاسی کوردی بە دەسکەوتێکی مێژووی پەسندی کردبوو، بەڵام ئەوەی یەکەم پێشێل کاری بۆ کرد خودی ئەوانەبوون کە چەپڵەیان بۆ سەرکەوتن بە "بەڵێ"بۆ دەستور لێدەدا.**

نەتەوە بووەستین، هزری سیاسی لە باشور لەحەفتا ساڵی رابردوو لەسەر بنەمای دەوڵەت - نەتەوە بوو، بە فۆڕمی ئۆتۆنۆمی، دواتر بەفۆڕمی فیدڕالی، لە دوایش بە فۆرمی دەوڵەتۆچکە خۆی دەرخستە روو. فۆڕمی ئۆتۆنۆمی لە ساڵی ١٩٤٦ واتا لەگەڵ دامەزراندنیەوە پ د ك/عێراق تاکو ٦ی ئازاری ١٩٧٥ بە شکست و رووخان تەواو بوو، واتا ئەنجام هیچ نەبوو، زهنیەتی شەڕانگێزی و دیکتاتۆریانەی بەعسی سەدامی هەرێمێکی دیفاکتۆی بەناوی هەرێمی کوردستان دروست کرد، بە فۆڕمی فیدڕالی بەناو کرا، لەبنەمادا تەنها ناوەکەی فیدڕالی بوو، چونکە لەهەموو کار و کردەوەیەکی سەربەخۆبوو، هیچ پەیوەندیەکی ئیداری لەگەڵ ناوەند نەبوو، وەکوتر دەوڵەتۆچکەیەکی بێ ناونیشان بوو، واتا لەهیچ شوێنێك پەسند نەکرابوو. لەدوای ٢٠٠٣ هەمان دەوڵەتۆچکە ئەمجارەیان بە ئیمتیاز و دەسکەوتی زیاتر لەتەواوی باشور حکومی کرد، بەناوی فیدڕاڵی، بەڵام هیچ پێوانەیەکی فیدڕاڵی جێبەجێنەکردن، نمونەش ئەو دەستورەی کە لەعێراق کە هەیە و دەسەڵاتی سیاسی کوردی بە دەسکەوتێکی مێژووی پەسندی کردبوو، بەڵام ئەوەی یەکەم پێشێل کاری بۆ کرد خودی ئەوانەبوون کە چەپڵەیان بۆ سەرکەوتن بە «بەڵێ» بۆ دەستور لێدەدا. هەر ئەوانەش دوای ١٢ ساڵ دەڵێن ئەو دەستورە بەکەڵك نایەت و لەسەر بنەمای دەستور دەبێ جیا ببینەوە، لەدەستوری عێراقیش هیچ بەندێك بۆ جیابوونەوە نیە!! ئەوەی پێویستە بگوترێ ئەویش ئەو هزر و چەمکە سیاسیەیی لەباشور هەیە بێ چارەی قوڵ دەکاتەوە، یان تەسلیم دەبێ یان رادەکات، واتا خاوەن چەمك و هێڵی چارەسەری سیاسیانە نییە، هەمانکات لەسەر بنەمای دەسکەوت و دەرفەت بۆ گەلی کوردستان بیرناکاتەوە، نمونە «بەر لە ریفراندۆم و بەر لەهێرشەکانی

حشدی شەعبیش عەبادی داوای دەکردن وەرن ڕێکەوین هەتا ئامادەین دەستوریش هەمواربکەینەوە«، ئێستا کە لەپشت شارەدێی پردێ وە گوایە بەرگری دەکەن و دەڵێن» ئامادەین بۆ دانوستندن و ڕێکەوتن» بێگومان ئەوە دەریدەخات چەندە نەزان و سەیرو سەمەرەن» لەکاتێکدا هێزی بەرامبەرت لاوازە ناچی بۆ دانوستاندن و ڕێکەوتن، کاتێك ئەو سەرکەوتووە دەڵێی وەرە ڕێکەوین»، بەڵکو لەسەر بنەمای زۆرترین دەسەڵات و حکومی حیزبی و بنەماڵەی بیر دەکاتەوە. بۆیەش ئەوەی حکوم دەکات بنەماڵە و زهنیەتی حیزبگەرایە. بێگومان ئەو چەمك و ڕێبازەش لەبنەڕتدا دەوڵەت – نەتەوە لەخۆ دەگرێت، چونکە هزری دەوڵەت – نەتەوە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بە چارەسەری و پرسی ئازادی گەلان نییە، ئەوەی وا هەست بکات بە ڕێباز و چەمك و فۆڕمی دەوڵەت – نەتەوە دەگاتە ئازادی، ئەوا شتێکی ئەو تۆی لە چەمکی ئازادی و پێکەوە ژیان و خۆشگوزەرانی و یەکسانی و مافی گەلان و ئاین و ئایزا و باوەڕیەکان تێنەگەیشتووە، بەتایبەت بەهیچ جۆرێك چەمکی ئازادی و یەکسانی ژن و پیاو، دەرفەت ڕەخسان لەبەردەم گەنج و لاوان نابینێ، چونکە خودی دەوڵەت – نەتەوە بە چەمکی پیر سالاری ئاخێنراوە، بۆیە هەڵەیە ئەگەر گەنج و لاو چاوەڕێی بوونی ڕۆڵی پێشەنگایەتی و هەبوونی دەرفەتی خۆگوزارە کردنی لێ بکەن. بۆیە دەبێ چەمکی کوردستانێکی ئازاد و دەوڵەتی کوردی لەیەکتری جیا بکرێنەوە. چونکە ئەوە ئاشکرایە ئێمەمانان و هەموو شۆڕشگێڕ و وڵاتپارێز و ئازادیخوازان لەکوردستان، کوردستانێکمان ناوێت کە دەستپۆتیزم، چەوسانەوە، ناعەدالەتی، پارچە پارچە بوون، کوشتنی ڕۆژنامەنووس، نەبوونی ئازادی سیاسی، نەبوونی یەکسانی، هبوونی ژن کوژی و دابەش نەکردنی داهات بەیەکسانی، نەبوونی ژێرخانی ئابوری، خۆ سەپاندنی بنەماڵە و حیزب و گرووپی مافیایی و چەتە و بازرگانانی شەڕ

> **جارێکیتر سەلمێنرایەوە لە باشور، کورد چەندەی هێز و تانك و تۆپی هەبێ، بەڵام کەلتوری ڕاکردن، سەنگەر چۆڵکردن و بڕوبیانو هێنانەوە بۆ شکست و هەرەسەکان تەواو نابێ.**

و بازرگانی بەمرۆڤەوە بەناوی دەوڵەتەوە بکرێت، کۆچی گەنجان و ڕۆشنبیر و ئەکادیمیسێنان بۆ دەرەوە، وابزانم کەسمان ئامادەنین خۆمان فیدای ئەوانە بکەین ،چونکە داواکاریەکانیان پێچەوانەی ئێمەن، چونکە ئێمە سەربازێکی، پێشمەرگەیەکی، گەریلایەکی، شەرڤانێکی، ماندونەناسی وونی کوردستانی ئازادین.

ئەوەی وەك ئەنجام لە ریفراندۆم دەرکەوتوون چەند خاڵێکی گرنگن: ١- هەرسێ داگیرکەری سەرکوردستانی کردوە بەیەك، بێگومان سوریا لە گیانڵادایە بۆیە ناتوانێ جموجۆڵ بکات، چونکە لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەی ڕابردوو کورد گەورەترین و سەرکەوتووترین هێزی ناوچەکەبووە، ریفراندۆم هەرسێ داگیرکەری کۆکردەوەو پیلان و بەرنامەی هاوبەشیان دانایەوە بۆ چۆنیەتی باشتر و زیاتر و توندتر و بەهێزتر لەناوبردنی گەلی کوردستان.

٢- جارێکیتر سەلمێنرایەوە لە باشور، کورد چەندەی هێز و تانك و تۆپی هەبێ، بەڵام کەلتوری ڕاکردن، سەنگەر چۆڵکردن و بڕوبیانو هێنانەوە بۆ شکست و هەرەسەکان تەواو نابێ.

٣- هێزی دایەوە بەر دەوڵەتی عێراق تاکو هێرش بکاتەوە سەر کوردستان و داگیرکەری خۆیان لەسەر خەڵکی کوردستان بەڕێوەبەرنەوە.

٤- سەلماندی بەبێ سیاسەتی یەکریزی و یەکێتی نەتەوەیی، نە ئۆتۆنۆمی، نە فیدڕالی و نە دەوڵەت ناتوانێ سەربگرێ و بپارێزرێت.

- چۆن دەکرێت ئەزموون لەو شکستە سیاسیە وەربگرین:

ئەوەی روویدا بەهەست و سۆز چاوەڕێی نەبووین، بەڵام هەر مرۆڤێکی ژیر کەدەست بخاتە سەر ویژدانی دەزانێ ئەو وشکە کەڵەکە هەتا سەر سەرناگرێ و لەشوێنێك ئەڕمێ، ئەگەر خوێنی شەهیدەکان و ماندوبوون و ڕەنجی پێشمەرگە و گەریلا و شەرڤان نەبوایە، ئەو سیاسەتەی دەسەڵاتداران لە باشور دۆڕانی خۆیان لە ئابی ٢٠١٤ ڕاگەیاندبوو، هەڵبەت هێزە نێودەوڵەتیەکانیش ئەوکات دەیانویست




ئەمانە بمێنن، قۆناخێکی سەختمان لەگەڵ بردنە سەر، چونکە کارەساتی شەنگالی تێدابوو ئەویش وێنەی کرکوك فرۆشرابوو، بەڵام دیسان بەرگەمان گرتن، داوایان کرد کە وانەیان لە رابردوو وەرگرتووە، بۆیە دەیانەوێت بەهێزتر لە گۆڕەپانەکەبن و سەرەڕای برسیەتی و نەبوونی کار و مووچە و دزی و تاڵانیش، دیسان بە«بەڵێ» دەنگیان بۆدان و کردنیان بە دەوڵەت، بەڵام ئەفسوس ئەوە نەبوون کە مانگێك دەوڵەتەکانتان بپارێزن.

بۆیە ١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ ئیتر پێویستە دوا دەرفەتبێ، ئیتر پێویستە بەو حیزب و هێز و رێکخستن و دەسەڵاتدارانە بگووترێ ئیدی بەسە!! هیچیان لەدەست نایەت لەدەروەی دزی و تاڵان و درۆ و فیشاڵ و پارچە کردنی وڵات و لەپەلوپۆختنی کۆمەڵگە، خەڵکی باشور خاوەن ئەزمونێکی زۆرە لەتێکۆشان، لەو پێناوەش شەهید و قوربانیەکی زۆری داوە، هێشتا خوێنی

## پێویستە بەدوای هێڵی سیاسەتی ئەخلاقیەوە بگەڕێت کە بەهێڵی سێیەم ناسراوە، پێویستە ئیرادەی خۆبەڕێوەبردنی دیموکڕاتیانەی خۆی بەدەست بخات.

هەڵەبجە و ئەنفالی لێ وشك نەبۆتەوە، بۆیە ناکرێ چیتر چارەنووسی خۆی پەیوەست بکا بەو سیاسەتە فاشیل و بەرژەوندی خێزان و حیزب پەرستیە، پێویستە بەدوای هێڵی سیاسەتی ئەخلاقیەوە بگەڕێت کە بەهێڵی سێیەم ناسراوە، پێویستە ئیرادەی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیانەی خۆی بەدەست بخات، پێویستە ستراتیژی پاراستنی رەوا بونیادبنێت، پێویستە هێڵ و رێباز و فەلسەفە و سیاسەتی نەتەوەیی رێبەر ئاپۆ بەبنەما بگیرێت، « چونکە ئەمڕۆ رێبەر ئاپۆ رێبەری شۆڕشی کوردستان و گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە«» لەپێناو ئەوەی خەڵکی باشور بتوانێ بەدیل و جێگرەوەی باشتر بدۆزێتەوە کە خودی خەڵك خۆی تێدا خاوەن بڕیاربێت و بەدەستی خۆی خۆی بەڕێوەببات و بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، ئەگەرنا ئەو سیاسەتە کلاسیك و شکستخواردوو بێ ئیرادە و نا نەتەوەیە، نەك جارێك سەد جاریتر دەمانفرۆشێتەوە بەتورك و عەرەب و عەجەم.

# کورد لە باشور لە سایەی حیزب و دەسەڵاتی تەقلیدیەوە



ئازادیی کۆمەڵگە
پ. د. سالار باسیرە

حیزبە بنەماڵەیی و تەقلیدیەکانی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان و هاوشێوەکانی کە حیزبی دیکتاتۆرین ئیتر هەر نێوێکی بەخۆیەوە نابێت، پەرلەمان و حکومەت تێیدا بێکاریگەرەوە لەلایەن حیزبەوە فەرمانڕەوایی دەکرێت و حیزبیش لەم سیستمەدا حیزبی قائیدەوە حیزبی قائیدیش وەک یەکێتی و پارتی هەمیشە بە ئاڕاستەی تاک حیزبیدا ڕۆیشتون. سەرۆکی ئەم حیزبە بنەماڵەیی و خێزانیانە دەیانەوێ ڕۆڵی کاریزما ببینن و بەرگی حیزب و سیاسەتیش بکرێنە بەری ئەمان. لەم سیستمەدا داروودەستە کارەکان دەبەن بەرێگاوەو سیستمەکە سیستمیکی موئەسەساتی نیەو لەسەر بنەمای ئەقڵ و مەنتق دانەمەزراوەو بڕوای بە سیستمی لامەرکەزی نیەو هەربۆیە لەگەڵ بنەما دیموکراسیەکان یەکتر ناگرێتەوە. کۆمەڵگە لە سایەی ئەم شێوازی دەسەڵات و سیستمە حیزبییەدا گەشە ناکات و ئابووریش تێیدا گێر دەبێت و ئابوری خزمایەتی تێدا پەیرەو دەکرێت، هەربۆیە گرنگە لە ڕوانگەی زانستی سیاسیەوە بۆ شیکردنەوەی ڕۆڵی حیزب و ئەو بەناو سیستمە سیاسیەی هەرێم بڕوانین.

**کۆمەڵگەی دواکەوتوو دیکتاتۆر بەرهەم دێنێت**

> **خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی تەقلیدی بریتیە لە پێکهاتەیەکی داخراوی کۆمەڵایەتی کە بەزەحمەت خۆی دەداتە دەست گۆڕانکاری بەتاییەت بەمۆدێرن کردنی هەرەمی سەرەوەی.**

کۆمەڵگەی کوردی هێشتا کۆمەڵگەیەکی تاڕادەیەکی زۆر دواکەوتووەو تەقلیدیە. خەسڵەتی کۆمەڵگەی تەقلیدییش بریتیە لەکردەوە تەقلیدیە کۆمەڵایەتیەکان. واتا ئەو کردەوانەی کە لەسەر بنەمای ئەقڵ و مەنتق دانەمەزراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەو کردەوانەی کە سەردەمانێک کاری پێکراوەو جێگیربووەو بە میرات ماوەتەوە وەک شتێکی تەقلیدی. یەکێک لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی تەقلیدی بریتیە لە پێکهاتەیەکی داخراوی کۆمەڵایەتی کە بەزەحمەت خۆی دەداتە دەست گۆڕانکاری بەتایبەت بەمۆدێرن کردنی هەرەمی سەرەوەی. دەسەڵاتی سیاسیش خەسڵەتێکی حوکمی فەردیە تێیدا. ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیە سەربەخۆییان نیەو بەستراونەتەوە بەنەریتی گشتی کۆمەڵگەکە. کۆمەڵگەی دواکەوتووش بەپێی ئەزمونە مێژوییەکان دیکتاتۆر بەرهەم دێنێت. لێرەدا هوشیاری ئاینی زاڵە بەسەر بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا.

ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە زیاتر لە




شوێنی خۆی چەقیوەو گۆڕانیشی کاتێکی دورودرێژی دەوێ کە ئەمیش بەندە بەکۆمەڵێک فاکتەرەوە. لەم سیستمە تەقلیدیەدا وەک ئەوەی لە باشوری کوردستانیش بەدی دەکرێت ئابوری خزمایەتی و بارودۆخی پابەندبوون و پەیوەندی شەخسیی دروست بووەو ڕۆڵ دەبینێت. ئەم دەسەڵاتەی هەرێم دەسەڵاتێکی خێزانی و خێلەکی و کلاسیکیەو هوشیاری کۆمەڵگەش وەک پێویست لە ئارادا نیەو ئەو دەسەڵاتە تەقلیدیەش سوود لەم دیاردەیە وەردەگرێ و دەشیەوێ کەش و هەواو پێکهاتە کۆمەڵایەتیە دواکەوتوەکە هەر بەم شێوە کۆنە بمێنێتەوە لە شێوەی داب و نەریتە تەقلیدیەکان. هەموو ئاڕاستەیەکی مۆدێرنیزم و پێشکەوتن و هوشیاری کۆمەڵایەتی دەبێتە لاوازکردن و گۆرینی ئەو نەریتە تەقلیدیەی کەدواتر دەبێتە ڕێگر لە بەردەم دەسەڵاتی دەسەڵاتدارە تەقلیدی و خێلەکیەکە. هەربۆیە بەگشت شێوەیەک ئەم لایەنە هەوڵی لەناوچونی پێشکەوتن ئەدات و دەیەوێ کۆمەڵگە کۆنەکە کۆمەڵگەیەکی داخراو بێت و بەهۆی ناهوشیاری کۆمەڵەوە بۆی بچێتە سەرو دەسەڵاتدار جێگای یاساش بگرێتەوەو دەیەوێ لەم زیاتر کۆمەڵ هیچیتر نەبینێت.

لەو کۆمەڵگەیانەی کە هوشیاری سیاسی لای هاولاتیان کزو لاوازەو هەروەها ڕەوشی ئابوری و کۆمەڵایەتی تیایاندا لاوازە، ئەوا سیستمی سیاسی پەیڕەوکراولەدەولەتدا سیستمێک دەبێت کە لەسەر زەبروزەنگ و خۆسەپاندن بنیاد دەنرێت. لێرەدا پێشێلکردنی مافی تاکەکانی کۆمەڵ و سەربەستیەکانیان و بوارنەدان بەگروپی سیاسی جۆراوجۆر لەدەولەتدا شتێکی ئاسایی دەبێت و گەل بێ ئیرادەی سیاسی کراوە. واتا سیستەمی دیکتاتۆری لەدەولەتدا پەیڕەو دەکرێت ، ئیتر ئەو سیستمە دیکتاتۆریە سیستمی دیکتاتۆری تاکە کەسی بێت ، یان ڕێچکەیی بێت. حیزبەکانی ئەم شێوە دەسەڵاتە ناکرێ حیزبی تەقلیدی و شمولی نەبن لە بیرکردنەوەو لە کرداردا: ئەوەی لە باشور (هەرێمی) کوردستاندا بەدی دەکرێت نمونەیەکی حاشا هەڵنەگرە.

> ” **حیزب لەژیانی دیموکراسیدا هەلبژاردن رێک دەخات و بەشداری تێدا دەکات بۆ ئەوەی دەنگ بهێنێت**

**حیزبی سیاسی دەبێت دەزگایەکی ژیانی دەستوری بێت**

حیزبی سیاسی دەبێت دەزگایەکی ژیانی دەستوری بێت. حیزب لەژیانی دیموکراسیدا هەلبژاردن رێک دەخات و بەشداری تێدا دەکات بۆ ئەوەی دەنگ بهێنێت. حیزب لەکاتێکدا هەولی بەدەستهێنانی دەنگ و دەسەڵات ئەدات، هەر بۆیە گرنگیشە کە بیروڕای سیاسی گەلیش بخوێنێتەوەو هەروەها بوارو

بنەماکانی ژیانی سیاسی ڕوون بکرێنەوەو هەلوێست دەربارەیان وەربگیرێن بەشێوەیەک کە لەکاتی هەلبژاردنی گشتیدا توانای بریاری سیاسی ڕوون و تەواو بۆ گەل بخولقێندرێت.

دەستور پەیمانێکی کۆمەڵایەتیە لەنێوان دەسەڵات و کۆمەڵدا، هەربۆیە دەسەڵات ناکرێ دەسەڵاتێکی دەستوری و شەرعی بێت ئەگەر ڕاپرسی گەلی لەسەر نەبێت. ئەوەی پەیوەندی بە دەستوری هەرێمی کوردستان هەیە سەبارەت بە حیزبی سیاسی لە ماددەی هەژدە فەقەرەی ٥دا هاتوە ، یەکێک لەو بڕگانە :

«حیزب دەبێت داهات و سەرچاوەکەی و چۆنیەتی بەکارهێنانی بۆ دەسەڵاتی یاسا ئاشکرا بکات» . بەلام دەستور و یاسا کاتێک گرنگی خۆی دەبێت ئەگەر حکومەت بە کردار کاری پێبکات و پەرلەمان لێپرسینەوە بکات بەرامبەریان.

حیزب لە هەرێمی کوردستان

سێ شێوە لە سیستمی حیزبایەتی هەیە کە بریتین لە تاک، سیستمی دوو حیزبی (وەک ئەوەی لە بەریتانیاو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەیە)، هەروەها سیستمی فرە حیزبی؟ ئایا کام لەم سیستمە حیزبیانە لە هەرێمی کوردستان پیادە دەکرێ؟ ئەو بەناو سیستمی حیزبایەتیە لە هەرێمی کوردستان بە ڕوکەش بریتی نیە لە سیستمی تاک حیزب بەلام سیستمی دوو حیزبیش نیە، جەوهەری ڕاستەقینەی «سیستمی حیزبایەتی» لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە حیزبی قائید. بۆنمونە حیزبەکانی وەک یەکێتی و پارتی حیزبی قائیدن، بەلام حیزبی قائیدی کاریزما کە ئیرادەی سیاسی بەندە بە کەسی قائیدەوە. دەکرێ بۆ قۆناغیک لە قۆناغەکان ڕێگا بدات بە دروستبونی حیزبی تر بەلام خۆی دەبێت برا گەورە بێت و دەسەڵاتدار بێت. ئەم شێوازی حیزبایەتیە چەندین حیزبی سێبەر دروستدەکات بۆ بەرژەوەندی خۆی و سەرلێتێکدانی ڕای گشتی بەوەی کە گوایە سیستمی فرە حیزبی پیادە دەکرێ. حیزبی قائید هەمیشە

> **لێرەدا بایەخ بە دروستکردنی کاریزما ئەدرێت کە بریتیە لە سەرۆکی خێزان و خێل و بنەماڵە خۆی، سیاسەتێک کە نیشانەی سروشتی سیستمێکی تەقلیدیە.**

بە ئاڕاستەی تاک حیزبیدا دەڕوات و هەربۆیە ناکرێ خەسڵەتی دیموکراسی پێوە دیاربێت. حیزبی سێبەریش لە ڕووی زانستی سیاسیشەوە بۆی بڕوانین کاریگەری خراپی هەیە لەسەر پرۆسەی دیموکراسی.

ئەم میتۆدە لەلایەن سەرجەم حیزبە دیکتاتۆرەکانەوە کاری پێکراوە. بودجەی دەولەتیان پێئەدرێ لەگەل کورسیەکی پەرلەمان ، یان پۆستێکی حکومی بەلام بێکاریگەر هەروەک ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێم پیادەی کردوە. لێرەدا حیزبە پچووکە بەشدارپێکراوەکان یان دروستکراوەکان وەک ئامرازی پرۆپاگەندە بەکاردەهێنرێن بۆ سەقامگیری سیاسی دەسەڵات. هەروەک ئەحزابی سێبەر میدیای سێبەریش هەیە.

لە هەرێمی کوردستان هاوپەیمانیەکی تەنیا ( تا ئەم ساتە وەختە) هەرەمی سەرەوەی دوو حیزبی قائید لەژێر دوو ئیدارەی جیاوازی حیزبیدا دەسەڵات پیادە دەکات و حیزب لە غیابی دەستوردا سیاسەت و دەسەڵات پیادە دەکات هەربۆیە شتێکی گرانە لێرەدا باس لە شەرعی بوونی ئەحزاب بکرێت و کۆمەڵگەی کوردیشیان دابەش کردوە.

**بێ ئیرادە کردنی سیاسی کۆمەڵگە**

ئەم جیهازی دەسەڵاتە بە شێوەیەکی سەرەکی لە کەسانی پابەندو دارودەستە بە وەلاو وەفا بۆ حیزب و سەرۆک دروستبووە. لێرەدا بایەخ بە دروستکردنی کاریزما ئەدرێت کە بریتیە لە سەرۆکی خێزان و خێل و بنەماڵە خۆی. سیاسەتێک کە نیشانەی سروشتی سیستمێکی تەقلیدیە. سێ دەسەڵاتەکە (دادوەری ، حکومەت ، پەرلەمان) و مافە سیاسیەکانی تر لە لایەن دەسەڵاتدارەوە وەک شتێکی ، مولکێکی شەخسی مامەلەی لەگەلدا دەکرێ و توانای بەسەر ئامرازەکانی دەسەڵاتدا هەیە هەروەک بەسەر شمەکێکی خۆیدا هەبێت. بەم شێوەیە دەکرێ بکڕدرێ و موزایەدەی پێوە بکرێ ، لە وەرەسەدا بەش بکرێ. لەم بارودۆخەدا ئیرادەی سیاسی لە کۆمەڵگە سەندراوەتەوەو

دوور خراوەتەوە لە هوشیاری سیاسی.
گەل بێ مافی سیاسیەو وەک خزمەتکار ، وەک ئۆبجەکتی ڕوتاندنەوە سەیر دەکرێ نەک وەک هاولاتی لە تێڕوانینی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە. جوداکردنەوە لە نێوان شتە شەخسیەکان و گشتیەکان نیە. سەرجەم پەیوەندیەکانی دەسەڵات پەیوەندی کەسییە نەک موئەسەساتی. جوداکردنەوەی دەزگاکان بە ڕوکەش دان پێدا نراوە ، هەربۆیە دەکرێ لە ڕای گشتیدا ئاماژەی پێبدرێ ، بەلام لە پراکتیکدا بوارە شەخسیەکان و گشتیەکان لەیەکتر جودا ناکرێنەوە. داگیرکردنی موڵکی گشتی بە ڕێگای دەسەڵاتداری کەسەوە ڕەفتاری پێوە دەکرێ هەروەک ئەم ولاتە هەمیشە موڵکی خێزان و بنەماڵە (بنەماڵەکان) بوبێت. بارودۆخێک خولقێندراوە کە تەنیا بە ڕێگای وەلاو وەفا بۆ سەرۆک و بە ڕێگای حیزبەوە دەگەیت بە بەرژەوەندیەکانی خۆت و حیزبیش لەم هاوکێشەیەدا بۆتە ئامانج نەک ئامراز. دیاردەیەک کە دەبێتە هۆی سەقەت کردنی کۆمەڵگە. هەربۆیە ئەم سیستمە سیاسیە خێزانی و بنەماڵەییانە لە هاوکێشەی کۆتایدا بەهۆی بلۆک کردنی خۆیەوە ڕێگریش دەبێت لە گەشەکردن بە ئاڕاستەی هەرێمێکی ، دەولەتێکی مۆدێرن. پشت دەبەستێت بە دارودەستەکانی ، بەئیدارەکانی سەر بە کەسی دەسەڵات و بە هێزی چەکداری میلیشیاو ئاسایش و دەزگا هەوالگریەکانی ... ئەم شێوە سیستمە تەواو نوقمی جۆرێک لە گەندەڵی دەبێت کە لە کۆتایدا سەری سیستم و دەسەڵاتەکە خۆی دەخوات.

**( سەرۆک بایەخ بە باش گوزەرانی دارودەستەکەی دەدات )**

ئەم شێوازی دەسەڵاتە کار بۆ بەکاریزمابوون دەکات کە بەرێگای سەرۆکی بنەمالەوە پراکتیزە دەکرێ بەلام بەر لە هەموو شتێک پێویستە بایەخ بە باش گوزەرانی دارودەستەکەی بدات. بەرێوەبەرانی ئیداری بەتەنیا

> **حیزبی کوردی لە باشور نەیتوانیوە قۆناغی ئەقڵی خێڵایەتی لە دونیای پەیوەندیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان تێبپەرێنن**

لەلایەن سەرۆکەوە هەلدەبژێردرێن. هەروەها سەرجەم نمونە تەقلیدیەکان لەراستیدا بەو شێوەیە چارە دەکرێن کەدەلێت: «هەرچەندە نوسراوە، بەلام من پێتان دەلیم..». ئەم شێوازی کاریزمایە ڕەوتێکی نائەقلانیە. بەبۆچوونی من کاریزمایەکی نەگەتیف کە دەیەوێ بەرگی حیزب و فکری سیاسیش گەر بوونی هەبێت بکرێتە بەری ئەم و کۆمەڵ تەنیا ئەم ببینێت. هەر فەرمانێک لەلایەن ئەو سەرۆکەوە دەربچێ بە یاسایەک دادەنێ و دەبێت کۆمەڵ جێبەجێی بکات و لەو فەرمان و یاسایانە لانەدەن. خالی جەوهەری لەم بەرپرسیارێتیە ئەوەیە کە هەر بەرپرسێک نەک هەر لەلایەن سەرۆکەوە دەستنیشان دەکرێ بەڵکو ئەوەندەش لە پۆستەکەیدا بێت دەبێت لە بەرگی سەرۆکدا ڕۆڵ و کاریگەری و چالاکی ببینێت. دەسەڵات خواستی لە بوونی پلورالیزمی سیاسی نیە. ئەحزابی زۆری دەستکردو، هەندێکی تری بەشدارپێکراو یان بەشدار بوو لە دەسەڵاتدا بەلام بێکاریگەر ، میدیای زۆری سێبەر...تاد. هیچی گوزارشت لە کۆمەڵگەیەکی سیاسی پلورالیستی ناکات.

**هەمی فیکری مۆدێرنەیەو خێلیش بەرهەمی پێش مۆدێرنەیە**

حیزب وەک خۆی بەرهەمی فیکری مۆدێرنەیەو خێلیش بەرهەمی پێش مۆدێرنەیە کەچی حیزبی کوردی لە باشور سەرەڕای بوونی هەموو ئامرازەکان نەیتوانیوە قۆناغی ئەقڵی خێلایەتی لە دونیای پەیوەندیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان تێبپەرێنن و سیستمە سیاسیەکە لە لایەن خێلی سیاسیەوە بەرێوە دەبرێت و دەبێت سەرجەم ئەندامانی خێل ملکەچی بریارەکانی بن و لە دونیای حیزبی کوردیشدا لە هەرێم و باشوری کوردستان دەیانەوێ سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگە لە چەمانەوەی بەردەوامدا بن لەبەردەم دەرگای سەرۆک و حیزبدا. تەنیا لە سایەی حیزبدا دەبیتە خاوەن پلەو پایەو بەرژەوەندیەکانت دەستەبەر دەبێت. لێرەدا ئەو حیزبانە دەیانەوێ لە جیهانێکی گۆڕاوی سیاسی و مێژویی و ئابوریدا بە ئەقڵیەتێکی نەگۆڕو بەسەرچوو پیادەی سیاسەت و دەسەڵات بکەن و درێژە بە سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی بدات.

# بۆچی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی؟



ئازادیی کۆمەڵگە
دیارغەریب(هەڵمەت)

بەشی دووەم

## پەیوەندی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی لەگەڵ دەوڵەتدا

سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی سیستەمێکە کار بۆ ڕوخاندنی دەوڵەت ناکات چاوەڕوانیشی لە دەوڵەت نییە بۆ ئەوەی خۆی ڕێکبخات. دەخوازێت لەچوارچێوەی پرەنسیپی حقوق و پێوەری دیموکراتیدا مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتدا بکات. ڕێکخستنی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی پەیوەندی بە شێوەو میکانیزمەی دەوڵەتەوە نییە. واتە مەرج نییە دەوڵەت ناوەندی بێت یان فیدراڵ یان کۆنفیدراڵ هەتا سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی خۆی ڕێکبخات. پەیکەر و شێوەی دەوڵەت بە هەر ڕەنگێك بێت هاووڵاتی و کۆمەڵگەی ئازاد دەتوانن لەناو کۆمەڵگەدا سیستەمی خۆیان بئافرێنن، چونکە لەم سیستەمەدا پشت بە دامودەزگاکانی دەوڵەت و ڕێکخستنەکانی دەوڵەت نابەسترێت. سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی تەنها ئەوە لە دەوڵەت دەخوازێت کە ڕێز لە کۆمەڵگەو پێوانەکانی دیموکراتییەت بگرێت و دانیان پێدا بنێت. بێگومان ئەو دان پێدانە نانەش دوولایەنە دەبێت، ئەگەر دەوڵەت ماف و ناسنامەی گەلی پەسەند کرد، ئەو کاتە گەلیش دامەزراوەکانی دەوڵەت پەسند دەکات.

## پێگەکانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی

هاووڵاتێی ئازاد کارەکتەری سەرەکی دروستکردنی ئەم سیستەمەیە بەبێ هاووڵاتی ئازاد ناتوانین باس لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی بکەین، بە واتایەکی تر بەبێ بوونی هاووڵاتی ئازاد ناتوانین کۆمەڵگەیەکی دیموکرات و یەکسان بونیاد بنێین. هەربۆیە هەنگاوی یەکەم بۆ دروستکردنی ئەم سیستەمە، ئافراندنی تاکی ئازادە. هەر بۆیە گرنگە لەسەرەتادا باس لە ڕۆڵی تاك بکەین لەناو سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا.

## ڕۆڵی تاك لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا

سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی پشت بە ڕێکخستنی کۆمەڵگە دەبەستێت، بەبێ کۆمەڵگەیەکی وشیارو ڕێکخراو ناتوانین باس لەم سیستەمە بکەین. دیارە کۆمەڵگەیەکی وشیارو ڕێکخراویش بەهەبوونی تاکی وشیارو ئازاد دروست دەبێت. هەر بۆیە تاکی ئازاد ڕۆڵێکی سەرەکی و دیاریکەری هەیە لە بونیادنانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا. واتە بەبێ بوونی هاووڵاتییەکی ئازاد ناتوانرێت سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی بونیاد بنرێت. بەڵام دەبێت بزانین ئەو تاکە ئازادە چۆنەو جیاوازی لەگەڵ تاکی ئاساییدا چیە؟ تاك لەم سیستەمەدا لەچوارچێوەی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی یاخود نەتەوەیی یاخود هەر پێکهاتەیەکی تری کۆمەڵایەتی ئینتیمای خۆی دیاری دەکات و لەپێناوی ڕێکخستنێکی دیموکراتیانەی ئەو پێکهاتەیەدا خەبات دەکات. چارەسەری ئەم پرسانە لە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی یان ئەتنیکی یان مەزهەبیدا نابینێت، بەڵکو لە ڕێکخستنی دیموکراتیانەی ئەو کۆمەڵەدا دەبینێت.

بۆ نموونە بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی، دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی وەکو چارەسەر نابینێت، لە جێگەی ئەوە دروستکردنی نەتەوەیەکی دیموکرات و رێکخستنی ئەو نەتەوەیەو بە ئیرادەکردنی وەکو چارەسەری دەبینێت. لەهەمانکاتدا چارەسەری ناکۆکییە نەتەوەییەکان لە ڕێگەی خۆسەپاندن یاخود خۆڕادەستکردنی بەرامبەرەوە نابینێت، بەڵکو چارەسەری لە پەیوەندییەکی هاوتاو هاسەنگی نێوان رێکخستنی دیموکراتیانەی نەتەوەکاندا دەبینێت. ئەم مۆدیلە بۆ پێکهاتە ئەتنیکی و ئایینی و ئایینزاییەکانیش بە بنەما دەگرێت. دیارە تاک بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم ڕۆڵانە بەرجەستە بکات پێویستە ئەو پێگەیە تێپەڕ بکات کە سیستەم بە تاکی بەخشیوە. ئەمە لە کۆمەڵگەی باو و دەوڵەتە سۆسیالیستە بونیادنراوەکاندا دەبینین کە تاک تا ئاستێکی زۆر بێ ڕۆڵ دەکرێت و پێوانەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە بەسەر تاکدا دەسەپێنرێت و بەمڕەنگە تاک ناتوانێت خوڵقکار و خاوەن ڕۆڵ بێت. پێچەوانەی ئەمە لەسیستەمی سەرمایەداریدا لەبن ناوی ئازادیی تاکدا لایەنە غەریزییەکانی تاک فووی تێدەکرێت و ئەمەش وادەکات تاک لەپێناوی بەدەستهێنانی داخوازییە شەخسییەکانی و تێرکردنی ئارەزووەکانیدا هیچ سنوورێك نەناسێت و تاکڕەوێتی تاک بگاتە لووتکە و پرەنسیپ و پێوانە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە هیچ حیسابی بۆ نەکرێت. هەربۆیە لەپێناوی ئافراندنی تاکێکی ئازاد یاخود هاووڵاتییەکی ئازاددا پێویستە ئەم دوو ناهەوسەنگییە ڕاست بکرێنەوە، واتا تاك و کۆمەڵگە هاوسەنگ بن، چەندە تاك بوون ئەوەندەش کۆمەڵگەبوون هەبێت. هەروەها ناسنامەی تاك نەبەسترێت بە دەوڵەتەوە، کە ئەمە جیاوازی سەرەکیە لە نێوان هاووڵاتی سیستەم و هاووڵاتی ئازاددا. چونکە لە سیستەمی دەوڵەت نەتەوەو ئەو دەوڵەتانەی پێیان دەوترێت دەوڵەتی هاوڵاتی (کە ئەمە درۆیەکی شاخدارەو تەنیا بۆ فریودانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە) تاك ئینتیمای بۆ دەوڵەت هەیەو لە ڕێگەی دەوڵەتە دەناسرێتەوە، بەڵام لە سیستمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا تاك ئینتیمای بۆ کۆمەڵگە هەیەو لەڕێگەی ناسنامە کۆمەڵایەتیەکانیەوە دەناسرێتەوە. بۆ نمونە لە سیستمی ئەمڕۆدا کاتێك پرسیار لە کەسێکی کوردی باشووری کوردستان بکرێت کە هاووڵاتی کوێیە دەبێت بڵێت کە هاوڵاتی ئێراقە. بەڵام لە سیستمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا شانبەشانی ئەوەی کە هاوڵاتی ئێراقە دەڵیت هاووڵاتی ئازادیی نەتەوەی دیموکراتی کوردم. واتە تاکەکان دەبنە خاوەنی دوو ناسنامە، ناسنامەی کۆمەڵگەکەیان و ناسنامەی ئەو دەوڵەتەش کە تێیدا دەژین. ئیتر نە دەوڵەت و نە خۆبەڕێوەبەریە هەرێمیەکان ناسنامەی نەتەوەیەك یان ئەتنیکێك هەڵناگرن. لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا تاك لەگەڵ کۆمەڵگەو دەوڵەتیشدا لەناو هاوسەنگیدا لەپەیوەندیدا دەبێت. واتە پێویستە تاك سنووری کۆمەڵگەو دەوڵەت و پرەنسیپەکانیان بناسێت و کۆمەڵگەو دەوڵەتیش سنووری ئازادیی تاك بناسن. لێرەدا ئەو ڕاستییە دەرك پێبکرێت کە ئازادیی رەها نە بۆ تاك نە بۆ کۆمەڵگەو دەوڵەت بوونی نییە. ئازادیی رەها ئەگەر لەلایەن تاك یان کۆمەڵگە یان دەوڵەتەوە پەیڕەو بکرێت بە واتای تێپەڕاندنی سنووری ئازادیی و مافەکانی بەرامبەرە. هەربۆیە شانبەشانی مافی ئازادیی پێویستە باس لەبوونی عەدالەت و یەکسانی بکرێت، لەکاتێکدا توانرا لە پرەنسیپدا عەدالەت و یەکسانی جێگیربکرێت ئەو کاتە دەتوانرێت ئازادییش وەکو مافێك پەیڕەو بکرێت. ئەوەی کە گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە تاك وکۆمەڵگە لە خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا پشت بە جیاوازیەکان دەبەستن و جیاوازیەکان وەکو دەوڵەمەندی دەبینین نەك وەکو کێشە. بەمڕەنگە تاك دەتوانێت پێشەنگایەتی بکات بۆ سیستمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی و کۆمەڵگەش دەتوانێت خاوەنداری لە بەها ئەخلاقی و ژیانییەکانی خۆی بکات، هەروەها سنوور بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەتیش دادەنرێت کەنەتوانن خۆیان بسەپێنن بەسەر کۆمەڵگەو تاکدا. دوای ئافراندنی تاکی ئازاد ئیتر کارکردن لەسەر بونیادنانی سیستەم دەبێتە ئەرکی سەرەکی ئەم تاکە. بۆ دروستکردنی سیستەمەکەش ئەم هەنگاوانە پێویستە:

یەکەم: دروستکردنی ئەکادیمیای زانستی و پەروەردەکردنی تاك و کۆمەڵگە. ئەکادیمیاکان دەبێت بەشێوەیەك بن کە بتوانن تاك و کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ئەم سیستەمە

پەروەردە بکەن. ڕاستە ئەمڕۆ گەلێك دامودەزگای ئەکادیمی و پەروەردەیی بوونیان هەیە، بەڵام پرەنسیپەکانی پەروەردە و فێرکردن ئەو پرەنسیپ و پێوەرانەن کە لەچوارچێوەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا داڕێژراون و سیستەم لە ڕێگەیەوە دەخوازێت تاك بۆخۆی بئافرێنێت. واتا سیستەمی پەروەردە سەکۆیەکە بۆ پاراستنی سیستەمی دەسەڵات. ئەوەتا ئەو تاکەی لەناو سیستەمی پەروەردەی دەوڵەتدا پێدەگات هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە کە چۆن بتوانێت ببێتە خاوەنی زیاترین بەرژەوەندی و لەناو دەسەڵاتدا جێگەیەك بۆ خۆی پەیدا بکات، ئەم تاکە هەمیشە دەسەڵات بۆخۆی وەکو گەرەنتی دەبینێت. هەرئەمەش وا دەکات کە ئەو تاکانە لەناو سیستەمدا هەمان ڕۆڵی یەکتری ببینن. واتە جێگەو پێگەی تاك زۆر کاریگەری نابێت لەسەر ڕۆڵی تاك، هەر بۆیە لە بوارە جیاجیاکانداو لەپێگەی جیاشدا چەندە گۆڕانکاری لە تاکەکانیشدا ئەنجام بدرێت ئەوانەی کە دێن بە هەمان پرەنسیپی ئەوانەی پێش خۆیان کار دەکەن. ئەمەش ناچارمان دەکات کە لەچوارچێوەی سیستەمێکی نوێدا گرنگی بە پەروەردە بدەین. واتا بنەما فەلسەفی و ژیانییەکانی ئەو پەروەردەیە بەشێوەیەك بێت کە بتوانێت پێوانەکانی پەروەردەی سیستەم تێپەڕێنێت. هەر بۆیە ئەرکی هەر تاکێکی ئازادە لەلایەکەوە هەمیشە خۆی پەروەردە بکات، لەلایەکی ترەوە لەڕێگەی خولی پەروەردەو ڕۆشنبیری و کردنەوەی سەنتەر و ئەکادیمیای پەروەردە و ڕۆشنبیرییەوە دەوروبەری خۆی پەروەردە بکات، هەتا بتوانێت لەڕووی ڕۆشنبیری و عەقڵییەتەوە زەمینەی بونیادنانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی دروست بکات.

لێرەدا دەبێت دەرك بەو ڕاستیە بکەین کە هیچ سیستەم و نوێگەریەك بە بێ پەروەردەیەکی تایبەت بە خۆی لەدایك نابن و نابنە هەمیشەیی. ئەوەتا لەمێژوودا دەبینین کە ڕاهیبەکانی سۆمەر لە ڕێگەی میتۆلۆژیەوە توانیان زەمینەی سیستەمی ئەو پاشایانە ئامادە بکەن کە خۆیان بە خوداوەند دەزانی. ئیمپراتۆریە ئایینیەکانیش پەرتوکە پیرۆزەکان و پەروەردەی ئایینیان کردە بنەما بۆ چەسپاندنی سیستەمەکانیان. مۆدێرنیتەی سەرمایەداریش ئەو مۆدێلە پەروەردەییەی ئەمڕۆی کردۆتە بناغەی چەسپاندنی سیستەمەکەی. هۆکارێکی سەرەکی داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت و بلۆکی سۆسیالیستی بونیادنراویش ئەوەبوو کە نەیانتوانی مۆدێلی پەروەردەی خۆیان گەشە پێ بدەن و سیستەمی پەروەردەکەیان لە ناوەڕۆکدا زۆر جیاوازی نەبوو لەگەڵ ئەو سیستەمەی کە ناوەندە ڕۆژئاواییەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری گەڵاڵەیان کرد. لێرەوە دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە هەتا سیستەمێکی پەروەردەی نوێ پێش نەخرێت، ناتوانرێت سیستەمێکی نوێ بونیاد بنرێت. هەر لەبەر ئەمەیە کە ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان دامەزراندنی ئەکادیمیای پەروەردەیی بە کۆڵەکەیەکی سەرەکی دادەنێت بۆ بونیادنانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی.

دەکرێت لێرەدا جیاوازیە سەرەکیەکانی سیستەمی پەروەردە لە خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی و سیستەمی پەروەردە لەدەوڵەتدا لەچەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە.

١. پەروەردەی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی هاوسەنگی ژینگە، ڕەگەز و کۆمەڵگە بەبنەما دەگرێت. ئەمەش وا دەکات کە ئەو پەروەردە مرۆڤێك بەرهەم بێنێت کە خۆی بەبەشێك لەگەردوون ببینێت و بە شێوەیەك هەڵسوکەوت نەکات کە زیان بە گەردوون بگەیەنێت. هەروەها ژن و پیاوێك بەرهەم دینێت کە وەکو موڵك سەیری یەکتری نەکەن و خۆیان بەتەواکەری یەکتر ببینن. هاوکات تاکێك گەورە دەکات کەپیشەکەی خۆی خۆش بوێت و پیشە نەکات بە هۆکاری جیاکاری و چینایەتی، ڕێز لە پیشەی هەر کەسێکی تر بگرێت. بەم شێوەیە ئەو پەروەردە ڕێگە لەوە دەگرێت تاکێك بەرهەم بێت کە خۆی بەناوەندی گەردوون و کۆمەڵگە ببینێت و لەو ڕوانگەیەوە سەیری دەوروبەر بکات. بەڵام لەپەروەردەی دەوڵەتدا مرۆڤ دەکرێتە ناوەندو بناغەو مرۆڤ فێری ئەوە دەکرێت کە گەردوون بۆ ئەوەو لە خزمەتی ئەودا دروست کراوە. لەناو کۆمەڵگەشدا جێندەر دەکەنە بناغەی جیاکاری و بەمەش پیاو خۆی بەناوەندی کۆمەڵگە دەبینێت و ژن دەکەنە بوونەوەرێکی لاوەکی. لەبەرامبەر ئەمەدا هەندێك گروپ و ڕێکخراو دەخوازن هاوکێشەکە هەڵگێڕنەوەو ژن ببێتە ناوەندو پیاو ببێتە بوونەوەرێکی لاوەکی کە ئەوەش هیچ لە بابەتەکە

ناگۆڕێت، چونکە هەردوولا لاسەنگی بەبنەما دەگرن شەڕی دەسەڵات دەکەن نەك ئازادیی. هاوکاتی ئەوانە لە پەروەردەی دەوڵەتدا پیشە جیاوازەکان بەهاوسەنگی گرنگیان پێ نادرێت، بەڵکو گرنگی بە هەندێك پیشەو بابەت دەدرێت و هەندێك پیشەو بابەتیش بەلاوە دەنرێن، ئەمەش هەمیشە ئەو زەمینەیە لە تاکدا دروست دەکات کە تاك هەوڵ بدات پیشەکەی بکاتە بناغە بۆ بوونە دەسەڵاتدار.

٢. لەپەروەردەی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی تاك لەسەر ئەوە پەروەردە دەکرێت کە خزمەت بەدەوروبەر بکات و لە ڕوانگەی خزمەتەوە لە دونیا بڕوانێت. ئەمەش وا دەکات کە تاکەکانی کۆمەڵگە ئاسوودەیی و ئازادیی خۆیان لە ئاسوودەیی و ئازادیی بەرامبەرەکانیان و کۆمەڵگەدا ببینن. ئەمەش دەبێتە بناغەی کۆمەڵگەیەکی ئاسوودە. هەرچی پەروەردەی دەوڵەتیە تاکەکان لەسەر بنەمای دابینکردنی بەرژەوەندیە تایبەتەکانی پەروەردە دەکات و ئەمەش وا دەکات کە مرۆڤەکان لەڕوانگەی بەرژەوەندییەوە مامەڵە لەگەڵ یەکترو لەگەڵ کۆمەڵگەشدا بکەن. ئەمەش کۆمەڵگە لە یەکتری دوور دەخاتەوەو تاکەکان دەکاتە نەیاری یەکتری و لێرەوە بارێکی دەروونی بۆ هەر تاکێك دروست دەکات کە سەرکەوتنی خۆی لە ژێرکەوتنی بەرامبەرەکەیدا ببینێت و بەمەش مرۆڤەکان بەرەو ئەوە دەچن کە ببنە گورگی یەکتری. بێگومان کۆمەڵگەیەکی بەو ڕەنگەش ڕۆژبەڕۆژ کێشەی زیاتر دەبێت نەك کێشەکانی کەم ببێتەوە. ئەم ڕاستیەش ئەمڕۆ لە ناو سیستەمی باڵادەستدا دەبینرێت.

٣ . لەپەروەردەی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی زۆر گرنگی بە بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیەکان دەدرێت، یاساکانی دەوڵەت تەنیا ئەو کاتە ڕێزی لێ دەگیرێت کە بکەوێتە خزمەتی کۆمەڵگەوە. لەم بوارەدا ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان دەڵێت: «کۆمەڵگە بەبێ یاسا بەڕێوە دەچێت، بەڵام بەبێ ئەخلاق بەڕێوە ناچێت.» یان دەڵێت «ئەخلاق چیمەنتۆی کۆمەڵگەیە»ئەمەش بناغەیەکی سەرەکی پەروەردەی ئەم سیستەمەیە. کوردەواری خۆشمان دەڵێت «ئەخلاق شیرازەی کۆمەڵگەیە». بێگومان لەهەر جێگەیەك ئەم بنەمایانە گەشەیان پێ بدرێت و کاریان لەسەر بکرێت و بەگوێرەی سەردەم نوێ بکرێنەوە، ئەوا لەو جێگەیە ژیان گەشە دەکات. بەپێچەوانەوە لە پەروەردەی دەوڵەتدا گرنگی بە یاسا دەدرێت و ئەخلاق دەخرێتە پەراوێزەوە. ئەمەش وا دەکات کە شیرازەی کۆمەڵگە تێك بچێت و تاکێك بەرهەم بێت کە بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت دژی بەها کۆمەڵایەتیەکان کار بکات و بەمەش کێشەیەکی تر بخولقێنێت. ئەویش ئەنجامدانی کارەکانە بە دابڕاوی لە ئەخلاق و ویژدان. واتە هەنگاو بۆ ئەوە دەنرێت کە کۆمەڵگەیەکی دابڕاو لە ئەخلاق و ویژدان دروست بکرێت. ئەوەش بۆ خۆی لەناوبردنی کۆمەڵگەو ژیانە. لەم بوارەشدا سیاسیەکان پێشەنگایەتی دەکەن، بەوەی بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە سیاسەت و ئەخلاق پەیوەندیان پێکەوە نیەو لە یەکتری دابڕاون، بەو کارەشیان گرنگترین کاری کۆمەڵگە کە سیاسەتە لە گرنگترین بەهای کۆمەڵگە کە ئەخلاقە دادەبڕن، بەوەش گەورەترین گورز لە کۆمەڵگەو کۆمەڵگەبوون دەدەن.

٤. لەپەروەردەی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا گرنگی بەزانست دەدرێت، بەڵام زانستگەرایی پەسند ناکرێت و زانستەکان لەیەکتری دانابڕدرێن، هەروەها بڕوانامە ناکرێتە پێوەری سەرەکی بۆ پێگەو کاری مرۆڤەکان. بەمەش ڕێگە لەو نەخۆشیانە دەگیرێن کە دەرهاویشتەی ئەو جۆرە هەڵسوکەوت و مامەڵانەن کە بەهۆی سیستەمی پەروەردەی دەوڵەتەوە سەریانهەڵداوە. چونکە لەسیستەمی پەروەردەی دەوڵەتدا بڕوانامە دەکرێتە پێوەر بۆ مرۆڤەکان، زانستگەرایی و لەبن ناوی پسپۆڕیدا دابڕانی زانستەکان لە یەکتری بە بنەما دەگیرێن. ئەمانەش لەگەڵ خۆیاندا کۆمەڵێك کێشەیان دروست کردووە کە ئەمڕۆ لە کێشە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەن، لە وێنەی کۆپیکردنی بڕوانامە، کڕینی بڕوانامە و کڕینی پرسیار لە کاتی ئەزموونەکانی خوێندنەگەکاندا.

دووەم: بابەتی ئابووری بابەتێکی ترە کە هاووڵاتی ئازاد لە خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا پێویستە بەهەند وەری بگرێت. لە سیستەمی دەوڵەتدا دوو جۆر ئابووری پێشخراوە کە هەردووکیان خزمەت بە کۆمەڵگە ناکەن، جۆری یەکەم؛ ئابووری دەوڵەتە کە زیاتر لەلایەن دەوڵەتە سۆسیالیست و ئایینییەکانەوە پەیڕەوکراوەو ئەم ئابووریە بەرژەوەندی دەوڵەت و چینی دەسەڵاتدار بە بنەما دەگرێت.

ئەزموونەکانی ڕابردوو سەلماندوویانە کە ئەم ئابوورییە ناتوانێت وەڵامی پێداویستییەکانی تاك و کۆمەڵگە بداتەوە. جۆری دووەم؛ ئابووری تایبەتە کە سیستەمی سەرمایەداری پەیڕەوی دەکات و بەرژەوەندی سەرمایەدارەکان و کۆمپانیاکانیان و قازانجی ئەوان لە بەرهەمهێناندا بە بنەما دەگرێت. واتا ئەمیش پێویستییەکانی کۆمەڵگە بە بنەما ناگرێت و ئەو قەیرانەی ئەمڕۆش ڕووبەڕووی ئەم سیستەمە بۆتەوە سەرچاوەی خۆی لێرەوە دەگرێت. هەربۆیە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی شێوازێکی تری ئابووری بەبنەما دەگرێت؛ ئەم ئابوورییەش بە ئابووری هاوبەش یاخود ئابووری کۆمەڵگە ناوزەد کراوە، ئەم ئابوورییە پێداویستی کۆمەڵگە بەبنەما وەردەگرێت و تاکەکان بەئازادیی بەشداری ئەم ئابوورییە دەکەن و سیاسەتی ئابووریش لەلایەن کۆمەڵگەوە دیاری دەکرێت و بەرهەمیش بۆ کۆمەڵگە دەبێت. ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێکوپێك ئەم ئابوورییە پێش بخرێت ئەوا دەتوانرێت بنەمای دووەم بۆ دروستکردنی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی بئافرێندرێت. بۆ زیاتر روون بوونەوەش دەتوانین لەچوارچێوەی ئەم خشتەیەدا جیاوازی نێوان هەردوو سیستەمەکە دیاری بکەین:

ئابووری دەوڵەت ئا بو و ر ی تایبەت ئابووری کۆمەڵگە

١. بەرژوەندی دەوڵەت بە بنەما دەگرێت و لەلایەن دەوڵەتەوە ئاڕاستە دەکرێت. ١. بەرژەوەندی سەرمایەدار و کۆمپانیا سەرمایەدارییەکان بە بنەما دەگرێت و لەلایەنی ئەوانەوە ئاڕاستە دەکرێت. ١. پێداویستی کۆمەڵگە بە بنەما دەگرێت، لەلایەنی کۆمەڵگەوە ئاڕاستە دەکرێت.

٢. هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەژێر ناوی خۆماڵیکردن و گشتیکردندا دەخاتە ژێر کۆنتڕۆڵی دەوڵەتەوە.

**له بن ناوی ململانێی ئازاددا سەرمایەو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەدەستی چەند کۆمپانیاو گروپی کەمدا کۆ دەکاتەوە**

تاك لەبەرهەمهێنان دادەبڕێت. تاك دەکاتە تاکێکی بێ بەرهەم و لە رێگەی دامودەزگاکانی خۆیەوە بەخۆیەوە دەبەستێتەوە. ئەمەش تاك لە ڕەنج دوور دەخاتەوەو کۆمەڵگەش بەرەو مێگەل بوون دەبات. ٢. له بن ناوی ململانێی ئازاددا سەرمایەو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەدەستی چەند کۆمپانیاو گروپی کەمدا کۆ دەکاتەوەو ئەوانە دەبنە خاوەنی هەموو شتێك. تاکڕەوێتی تاك پێشدەخات و بەشێکی زۆری کۆمەڵگەش دەکاتە سوپای بێکاران، چاوەڕوانی دەستی دەوڵەمەندەکان و کۆمپانیاکانیان دەکەن بیانژیێنن.

٢. ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بەموڵکی هەموو کۆمەڵگە دەبینێت و ڕێگە نادرێت کە لەدەستی چەند کەسێك یان دەوڵەتدا کۆ ببنەوە. هاوسەنگی لەنێوان تاك و کۆمەڵگە بە بنەما دەگرێت و تاك و کۆمەڵگەیەکی چالاك و بە بەرهەم بەبنەما دەگرێت. ڕێگە لەو ململانێیە دەگرێت کە تەنیا سوودو قازانج بەبنەما دەگرێت. لە جێگەی ئەوە گرنگی بەململانێی خزمەت و بەرهەمی پێویست بۆ کۆمەڵگە دەدات.

٣.ڕێگە بە ئازادیی بازاڕ نادات و بازاڕ لە چاودێری حکومەتدا دەبێت.

٣. لەبی ناوی ململانێی ئازاددا، بازاڕ ئازاد دەکات بۆ سەرمایەداران و هیچ چاودێریەك لەسەر سەرمایەگوزاریی و بازاڕ نیە. ٣. لە چوارچێوەی پێوانەی ئەخلاقیدا ئابووری پێش دەخات و چاودێری دەکات.

٤. هەوڵدەدات لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا باوەڕی و کاری هاوبەش پێشبخات.

٥. کشتوکاڵ وەکو سەرچاوەی سەرەکی ئابووری سەیر دەکات. گرنگیش بە پیشەسازی دەدات، بەڵام دژی چەمکی پیشەسازیگەراییە.

٦. پەیڕەوی لە سیستەمی بانکی ناکات و سوو وەرگرتن و یاریکردن بە دراوەکان وەکو ئابووری نابینێت و لە جێگەی ئەوە گرنگی بە سندووقی هاوبەشی کۆمین و ئەنجومەنەکانی گەل دەدات کە ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێری

گەل خۆیدا بێت و بە بێ سوو بدرێتە ئەو کەسانەی کە دەخوازن پرۆژەی ئابووری ئەنجام بدەن یان پێویستیان پێی هەبێت.

٧. لەپرۆژەو کارەکانیدا ڕەچاوی ژینگە دەکات.

٨. بە پێی پێویستی کۆمەڵگە بەرهەم دەهێنێت.

٤. لە سیستەمی دەوڵەتدا لەنێوان تاکەکاندا گومان و بێباوەڕی پێشدەخرێت.

٥. پیشەسازیگەرایی بەبنەما دەگرێت.

٦. پشت بە سیستەمی بانکی حکومی دەبەستێت. سوو وەرگرتن و یاریکردن بە نرخی دراوەکان بە ڕێبازێکی سەرەکی دەسکەوت دەبینێت و پەیڕەوی لێ دەکات.

٧. لە پرۆژەو کارەکانیدا ڕەچاوی ژینگە ناکات.

٨. لەڕوانگەی چەسپاندنی دەسەڵاتەکەیەوە بەرهەم دێنێت.

٤. لە سیستەمی سەرمایەداری تایبەتدا لەنێوان تاکەکاندا گومان و بێ باوەڕی پێشدەخرێت.

٥. پیشەسازیگەرایی بەبنەما دەگرێت.

٦. پشت بە سیستەمی بانکی ئەهلی دەبەستێت. سوو وەرگرتن و یاریکردن بە نرخی دراوەکان بە ڕێبازێکی سەرەکی دەسکەوت دەبینێت و پەیڕەوی لێ دەکات.

٧. لە پرۆژەو کارەکانیدا ڕەچاوی ژینگە ناکات.

٨. بەپێی هاوکێشەی قازانج هەڵسوکەوت دەکات. لە پێناوی قازانجدا کاڵا بەرهەم دێنێت.

## ”کۆمین و ئەنجوومەنی گەل سێیەم کۆڵەکەی سەرەکی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتین.

ئەم سیستەمە ئابوورییەی کە ئێمە بە ئابووری کۆمەڵگەمان ناودێر کردووە لە کۆندا لەنێو کۆمەڵگە پەیڕەو کراوە و تائێستاش لە هەندێك شوێن بەردەوامی هەیە. لەکاتی بەرەو پێشچوونی ئەم مۆدێلەی ئابووریدا وردەوردە ئابووری لەدەستی دەوڵەت و سەرمایەداران ڕزگار دەکرێت و دەکەوێتەوە دەستی کۆمەڵگەو بەم شێوەیە بێکاری و هەژاری چارەسەر دەکرێت.

سێیەم: کۆمین و ئەنجوومەنی گەل سێیەم کۆڵەکەی سەرەکی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتین. لێرەدا هەوڵدەدرێت لە گوندو کۆڵانەکاندا جەماوەر بەبێ گوێدانە جیاوازی ئایدیۆلۆژی، سیاسی، ڕەگەزی، نەتەوەیی، ئەتنیکی و ئایینی و ئایینزایی خۆی ڕێکبخات و خۆی بەڕێوەببات. لەم سیستەمەدا گەل خۆی بڕیار دەدات و خۆی بەڕێوەدەبات. واتە لە ڕێگەی نوێنەرەوە بەشداری لە خۆ بەڕێوەبردندا ناکات. بەڵکو خۆی خۆی بەڕێوەدەبات. بۆ نموونە؛ ئەگەر هاووڵاتییەکی ئازاد لە کۆڵانێکدا بێت یاخود لە گوندێکدا بێت دەتوانێت وەك هاووڵاتییەکی ئەو کۆڵانە یان ئەو گوندە هەستێت بە پێشەنگایەتی کردن بۆ وشیارکردنەوەو ڕێکخستنی گەل لەو کۆڵانە یان گوندەدا. لەم پێشەنگایەتیکردنەدا پێویستە مۆرکی حزبایەتی یاخود پێکهاتەی جیاواز بە بنەما نەگیرێت. دەبێت لە دروستکردنی کۆمین و ئەنجوومەنی گەلدا هاووڵاتیانی گوند یان کۆڵانەکان بەبێ سانسۆر بتوانن بەشداری لەو ئەنجوومەنەدا بکەن و ڕۆڵ ببینن لە بڕیاردان و خۆ بەڕێوەبردندا. کاتێك ئەو ئەنجوومەنە دروست بوو ئەوا وردە وردە لە ڕێگەی پرۆسەی وشیاربوونەوە و پێشخستنی ئابووری هاوبەشەوە دەتوانێت کێشەکانی خۆشی چارەسەر بکات و پێداویستییەکانی خۆی دابین بکات. لەنێوان گوندێك و گوندێکی تر یان کۆڵانێك و کۆڵانێکی تردا ئەنجوومەنی هاوبەش دەتوانرێت دروست بکرێت و ئەو بابەتانەی کە هەردوولا پەیوەندیدار دەکات دەتوانن بەیەکەوە بڕیاری لەسەر بدەن.

چوارەم: کۆنگرەی گەل لە نوێنەری سەرجەم پێکهاتەکانی جەماوەر، پارتە سیاسییەکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان

و كۆمەڵە ئەتنیكییەكان پێكدێت. ئەم نوێنەرانە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بۆ ماوەی دووساڵ هەڵدەبژێردرێن. لەم ماوەیەدا كۆنگرە بابەتە گشتی و چارەنووسسازەكانی گەل تاوتوێ دەكات و دوای ئەوەی لەناو گەلدا گفتوگۆی لەسەر دەكرێت دەیگەیەنێتە ئاستی بڕیار. ژمارەشیان بەپێی پێویست دیاریدەكرێت. كۆنگرە بۆ بەڕێوەبردنی كارەكانی خۆی دەستەیەك هەڵدەبژێرێت كە سەرۆكایەتی كۆنگرە دەكات. هەروەها ئەنجوومەنێك یان دەستەیەكی بەڕێوەبەر هەڵدەبژێرێت، كاری ئەو دەستەیە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەركانەیە كە كۆنگرەی گەل دەیخاتە بەردەمی. هەروەها كۆنگرە سەبارەت بە بابەتە جیاوازەكان كۆمیسیۆنی تایبەت دروست دەكات و لەڕێگەی ئەو كۆمیسیۆنانەوە چاودێری كاری دەستەی بەڕێوەبەر دەكات و پرۆژەش ئامادە دەكات.

**شێوازی خۆ ڕێكخستنی جەماوەر لەسیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموكراتیدا**

لەسیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموكراتی، لەبەر ئەوەی جەماوەر بەبنەما دەگیردرێت، گەل خۆی خۆی بەڕێوە دەبات و بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی دەدات، پێویستە لەهەموو جێگەیەكدا خۆی ڕێكبخات هەتا بتوانێت خۆی بەڕێوە ببات و بڕیار لەسەر خۆی بدات. بەو پێیە لەگوند و كۆڵان و گەڕەك و شارەدێیەكاندا هەتا شارەكان لەچوارچێوەی كۆمین و ئەنجومەنی گەلدا خۆی ڕێكدەخات. خۆی بڕیار لەسەر چارەسەركردنی كێشە سەرەكییەكانی دەدات. لەسەرەتاوە هەتاوەكو جەماوەر بتوانێت خۆی ڕێكبخات و ئەنجوومەن لەنێوخۆیدا دروست بكات ئەو كەس و ڕێكخراوانەی كە باوەڕیان

> **لەهەر كۆمەڵگە یاخود سیستەمێكدا پێشەنگ ڕۆڵی سەرەكی هەیە، بێ بوونی پێشەنگ بونیادنانی سیستەمێك جێگای باس نییە،**

بەم شێوە ڕێكخستنە هەیە دەتوانن بەیەكەوە كۆمین یاخود ئەنجوومەنی كاتی بۆ دامەزراندنی ئەم سیستەمە دروست بكەن. ئەم ئەنجوومەن یاخود كۆمینەش لەگەڵ زەمینە سازبوون بۆ دروستبوونی ئەنجوومەنی گەل ڕۆڵیان تەواو دەبێت و ئەوانیش دەتوانن لەناو ئەو ڕێكخستنەدا بەپێی هەڵبژاردنی گەل جێگەی خۆیان بگرن. لەشارۆچكەو شارەكاندا ئەنجومەنی شار دیاری دەكرێت. ئەندامانی ئەنجومەنی شارو شارۆچكەكان نیوەی ڕاستەوخۆ لەلایەنی خەڵكی ئەو شار یان ناوچەیەوە هەڵدەبژێردێن، نیوەكەی تری لەنوێنەری ئەنجومەنی گەڕەك و دامودەزگاو پارتی و ڕێكخراوەكانی ئەو ناوچەیە پێك دێت.

**ڕۆڵی پێشەنگایەتی لەسیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموكراتیدا**

لەهەر كۆمەڵگەیاخود سیستەمێكدا پێشەنگ ڕۆڵی سەرەكی هەیە. بێ بوونی پێشەنگ بونیادنانی سیستەمێك جێگای باس نییە، بۆ نموونە لە سیستەمی كۆیلەداریدا كۆیلەدارەكان و ڕاهیبەكان پێشەنگایەتی بونیادنانی سیستەم دەكەن، ئاغاو دەرەبەگەكان پێشەنگایەتی سیستەمی دەرەبەگایەتی دەكەن، بازرگانەكانیش پێشەنگایەتی بونیادنانی سیستەمی سەرمایەداری دەكەن، كرێكاران و جوتیارانیش لە بونیادنانی سیستەمی سۆسیالیستی بونیادنراودا ڕۆڵی پێشەنگیان هەبوو. ئەگەر لە كارەكتەری ئەو پێشەنگانە ورد بینەوە دەبینین بارودۆخی ژیانی و كۆمەڵایەتی هەریەك لەو سەردەمانە زەمینە خۆشكەربوون بۆ ئەوەی كە یەكێك لەو چین و توێژانە ڕۆڵی پێشەنگایەتی وەربگرن، هۆكاری سەرەكیش ئەوە بووە كە ئەو توێژانە لەهەموو چین و توێژێك زیاتر لەناو ناكۆكیدا بوون لەگەڵ سیستەمدا و پێویستیان بینیوە كە سیستەم بگۆڕێت. ئەمڕۆش بەم پێوەرە هەڵسوكەوت بكەین دەبینین ژن و گەنج دوو توێژی سەرەكی كۆمەڵگەن كە لە رووی كۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لەهەموو توێژەكانی تر زیاتر دەچەوسێنەوەو لەناو ناكۆكیدان لەگەڵ سیستەمدا، ئەمەش وا دەكات كە ئەم دوو توێژە بتوانن لەهەموو توێژەكانی تر زیاتر ڕۆڵ

ببینن بۆ گۆڕینی سیستەم و بونیادنانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی.

یەکەم: ڕۆڵی ژنان لەپێشەنگایەتیدا

ژن بە هۆکاری ئەوەی پێشەنگی کۆمەڵگەی سروشتیە کە مرۆڤایەتی درێژترین تەمەنی لەم کۆمەڵگەیەدا بەسەربردووە. بۆ جاری یەکەم لەو کۆمەڵگەیەدا شۆڕشی گوندو کشتوکاڵ، بەخێوکردن و ماڵی کردنی ئاژەڵ و هەنگاوی یەکەمی ئابوریش پێش دەکەوێت. کۆمەڵگەبوون لە دەوری هێزی دایك گەشە دەکات. لەم کۆمەڵگەیەدا مرۆڤەکان پێویستی بەتوندوتیژی وچەوسانەوەی یەکتر نابینن و بەشداربوونی تاکەکان سروشتیەو بێ سنورە. ئەگەر شێوازی ژیانی ئەو قۆناغە سەرەتاییش بێت ئەوا لەبواری بەڕێوبردندا بنەمای سیستەمێکی دیموکراتی دەبینرێت. کەواتە لەو کۆمەڵگەیەدا کە بە پێشەنگایەتی ژن بەڕێوە دەچێت و یاساکانی بەکاریگەری هەستی دایکایەتی دادەڕێژرێت کەئەویش ژیری سۆزداریەو بۆجاری یەکەم لە لای ژن پێش دەکەوێت، لەسایەیدا کۆمەڵگەیەکی ئازادو بێ چین کە ژیانێکی ئاشتیانەی تێدا بەرقەرارە گەشە دەکات. بەڵام لە گەڵ پێشکەوتنی سیستەمی پیاوسالاری و دەوڵەتگەرادا کەلە سەربنەمای نکۆڵیکردن لە ڕەنج و بەهاکانی ژن خۆی بونیاد دەنێت، بۆجاری یەکەم کۆیلایەتی لەسەر ژن بەڕێوە دەبات. بەم شێوەیەش لەکەسایەتی ژندا تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی کۆیلایەتی دەبێتەوە. دەسەڵات هەموو هێزی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ هەڵوەشانەوەو پارچە پارچەکردنی پێوانە ئەخلاقی و مرۆییەکانی کۆمەڵگە. ئیتر سیستەمی دەوڵەتگەرا کە هەریەك لە سیستەمی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری لە خۆدەگرێت، ژن پەراوێز دەکات وهەموو شێوازێکی چەوسانەوە بەسەریدا دادەسەپێنێت و

## ژن لە کۆمەڵگەی دەوڵەتگەراداو لە دەستدانی تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتیە بەهێزەکانی خۆی سەرەکیترین لادانی کۆمەڵگەیە

دەیکاتە»کۆیلە و موڵك و کاڵا «. هەربۆیە سەرچاوەی هەموو کۆیلایەتیەکان بە کۆیلایەتی ژن دەست پێدەکات، ئەمەش وا دەکات کە کۆیلایەتیەکانی دیکە ئیلهامی خۆیان لە سیستەمی کۆیلایەتی سەر ژنانەوە وەربگرن. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هەتا بندەستکردنی ژن شینەکرێتەوەو تێنەپەڕێندرێت، بندەستیەکانی تریش بەلاوە نانرێن. ئاشکرایە پەراوێزکردنی ژن لە کۆمەڵگەی دەوڵەتگەراداو لە دەستدانی تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتیە بەهێزەکانی خۆی سەرەکیترین لادانی کۆمەڵگەیە کە دەسەڵات وەکو شۆڕش ناودێری دەکات. بەڵام ئەوە شۆڕش نیە بەڵکو گەورەترین شۆڕشی چەواشەیە کە لە کۆمەڵگەدا ئەنجامدراوە. لە ماوەی ئەو پێنج هەزارساڵەی تەمەنی دەوڵەتداکەبەردەوام پیاو مۆرکی خۆیان لە هەموو سیستەم و ئایدیۆلۆژیاو فکرو بڕیارەکانی شەڕو توندوتیژی داوە، هیچ کاتێك نەیانتوانیوە کارێکی وەها بکەن کە هەموو ژنان ئەم سیستەمە پەسند بکەن. بەڵکو بەشێکی زۆری ژنان لە گەوهەری خۆیاندا ئەو سیستەمەیان قبوڵ نەکردووەو وەك هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی شاراوەو بۆ پاراستنی بەها مەعنەوی و مرۆییەکانی کۆمەڵگە خۆیان لەسەر پێ ڕاگرتووەو لەدژی ئەو سیستەمە تێکۆشاون. بەتایبەتی لە سەدەی بیستویەکەمدا کەوەك سەدەی ئازادیی ڕەگەزی ژن بەناودەکرێت و لە رۆژی ئەمڕۆشدا ژنانی کورد لەڕێگەی تێکۆشانی ئازادییخوازانەی ژنانەوە بونەتە خاوەن بزوتنەوەو رێکخستنی سەربەخۆی ژنان و گەلێك نرخی ئازادییان ئافراندووەو تەواوی بەهانەکانی سیستەمی پیاوسالاریان بۆ بەڕێوەبردنی کۆیلایەتی پوچەڵکردۆتەوە. لە هەموو بوارەکانی سیاسی و سەربازی و چالاکی دیموکراتیدا ڕۆڵی پێشەنگ دەگێڕن. بەڵام هێشتا زۆربەی هێزە باڵادەستەکان لەهەوڵی ئەوەدان کە بەبێ ڕەچاوکردنی ڕۆڵ و ڕاستی ژن کێشەکانی سیستەم چارەسەر بکەن و درێژە بەتەمەنی خۆیان بدەن. هەر ئەمەشە وایکردووە

زۆربەی دەوڵەتە زلهێزەکان دەخوازن لەم قۆناخەدا ژن بکەنە ڕووپۆش بۆ سیستەمەکەیان.

ئەوەی دیارە لەم سەردەمەدا کێشەی ژن لەم کۆمەڵگەدا سەرەکیترین کێشەیە و تاکە چارەسەریش بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هۆشیارکردنەوەی ژنانە لەسەر بنەمای زهنیەتێکی سەربەخۆی ژنانەو ڕزگاربوونە لە زهنیەتی وابەستەیی و بەشداربونێکی ئاکتیفانەی ژنانە لە خزمەتکردن و بونیادنانەوەی کۆمەڵگەدا. بێگومان کاتێك باس لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی دەکەین کە ئامانجی سەرەکی ژیانەوەی کۆمەڵگەو ئاکتیفکردنی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەیە. ئەوەی دەتوانێت ببێتە هێزی سەرەکی بۆ ژیانەوەی کۆمەڵگەو ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و گەڕانەوەی بەها مرۆییەکان بۆ کۆمەڵگە هێزی ژنانە. هەربۆیە پێویستە ژن بەگەوهەری خۆی و تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتیەکانی کە ئاشتی و یەکسانی و عەدالەتە ئەو هێزە شاراوەی خۆی تەڤگەڕ بکات و جارێکی تر پێشەنگایەتی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیەکی ئازادو یەکساندا بکات.

دووەم : ڕۆڵی لاوان لە پێشەنگایەتیدا

لاو وەك توێژێکی سەرەکی کۆمەڵگەو ئەویش وەك ژن یەکێکە لە قوربانیانی سیستەمی دەوڵەتگەرا بەردەوام لەلایەن سیستەمەکانەوە پەراوێزو چەواشە کراوەو هێزو تواناکانی لاوان لە خزمەتی سیستەمەکاندا بەکارهێنراوە. بە گوتنی لاوان داهاتوومانن، تواناکاریەکانیان دەخنکێنن وبێ کاریگەریان دەکەن. بەتایبەتی لەڕۆژی ئەمڕۆدا لە باشوری کوردستاندا تا دواڕادە لاوان لە ڕێ دەرخراون و لە ئەرك و بەرپرسیارێتی سەرەکیان دوورخراونەتەوەو لەجیاتی خزمەتکردن و پێشەنگایەتی بۆ گەل، کۆچ بۆ دەرەوەی وڵات

سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیش کە سیستەمێکی نۆژەنە پشتی خۆی دەبەستێت بە هێزی نوێ و دینامیك و ڕۆڵ دەگێڕێت لە وەرچەرخاندن و گۆڕانی کۆمەڵگەی کلاسیکدا.

دەکەن و بەشتی لاوەکییەوە خەریك دەبن. بێگومان لاو جگە لە هەبوونی هێزێکی بێ سنور لە بواری جەستەیی و فکریەوە دووبارەبوونەوەو دۆگماتیزم پەسەند ناکات و خاوەن تایبەتمەندی گۆڕانکاریە. لەم واتایەدا لاوان هێزی هەرە دینامیکن بۆ گۆڕاندن و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە. بەڵام سیستەمی دەسەڵاتداری قۆناخ بە قۆناخ لاوی لەبەڕێوەبردنی خۆی دوور خستۆتەوە، بەڵام لە هیچ قۆناخێکی مێژوویدا هێندەی ڕۆژگاری ئەمڕۆ لاوان لە خۆبەڕێوەبردن دوور نەخراونەتەوەو ئەوەندە پیرسالاری گەشەی نەکردووە. لە ئێستادا قوڵبوونەوەی پیرسالاری وایکردووە کە ناکۆکی نێوان دەسەڵات و لاو ببێتە ناکۆکیەکی سەرەکی و ئەمەش ڕۆڵی پێشەنگایەتی دەداتە لاوان و سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیش لەسەر ئەم بنەما خۆی ڕێکدەخات.

سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیش کە سیستەمێکی نۆژەنە پشتی خۆی دەبەستێت بە هێزی نوێ و دینامیك و ڕۆڵ دەگێڕێت لە وەرچەرخاندن و گۆڕانی کۆمەڵگەی کلاسیکدا. هەربۆیە ئەم سیستەمە لاوان وەك هێزی پێشەنگ و ئاکتیف دەبینێت، لاوبوون وەکو ئیرادەی چارەسەری دەبینێت. لەسەر ئەو بنەمایە پێویستە لاوان لە سیستەم و زهنیەتی دەسەڵاتداریتی خۆیان ڕزگاربکەن و بەئیرادەیەکی سەربەخۆو وەك هێزێکی هاوپەیمان لەگەڵ هێزی ژناندا ئەرکی پێشەنگایەتی خۆیان بگێڕن.......

# ئیخوان موسلیمین و پرۆژە شکەستخواردووەکەی



ئازادیی کۆمەڵگە
دارا مەحمود

لەگەڵ ئەوەدا کە بزووتنەوەی ئیخوان موسلیمین دیرۆکێکی نزیک بەسەدەیەکی هەیە، بەڵام بۆئێمەی کورد هیچکات هێندەی ئێستا، گرنگ و بەهەند وشیاوی لێدوان و لێکۆڵینەوە نەبووە. ئەمەش لەبەر چەند هۆکار، لەمانە وبەر لەهەرشت، ئیخوان گەورەترین بزووتنەوەیەکی سیاسییە لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی کە ژمارەی ئەندام و لایەنگرانی بەدەیان ملیۆن مەزندە دەکرێت، بەتایبەتیش بەم ساڵانەی دوایی تائاستێکی زۆر لەشێوازی پارت و بزووتنەوەی جۆراوجۆردا پەرەی سەندووە. و تاوای لێهاتووە لەناو خۆشماندا و بەتایبەتی لەباشوری کوردستان، پارتی سیاسی هەڵگری بیرو باوەڕی ئیخوان، درووستبوون و بەشێکن لەپرۆسەی سیاسی. لەمەش گرنگتر ئەمڕۆ پارتێکی ئیخوانی لەبەرگی (ئاکەپە)دا لەوڵاتێکی وەک تورکیا حوکمڕانی دەکات، کە لە ناخەوە کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی کورد لەسەر ئاستی گشتی داناوە. بەتایبەتیش کە ئەم پارت و دەسەڵاتدارێتییە خۆی وەک نەیارو دوژمنی ستراتیژیکی کورد پێناسەدەکات.

ئیخوان موسلیمین، بزووتنەوەیەکی سیاسی مەزهەبگەرای، سەرتاسەرییە ساڵی ١٩٢٨ لەشاری ئیسماعیلیەی میسر لەسەردەستی حەسەن بەننا (١٩٠٦-١٩٤٩) دامەزرا. و ساڵی ١٩٣٨ دەستی بە نواندنی چالاکی سیاسی کرد. بەڵام چەکەرەی درووستبوونی ئیخوان دەگەڕێتەوە بۆ چەندان ساڵی پێشتر و چەند هۆکاری سەرەکی لەپشت مۆتیڤ دامەزراندن و بەردەوامی و پەرەسەندنی ئەم بزووتنەوەیە بوون. لەمانە:

١- لەناوچوونی ئیمپراتپریای عوسمانی: ئیمپراتۆریای عوسمانی کە هەڵگری ئاڵای خەلافەتی ئیسلامی بوو. لەناوچوونەکەی وەک ڕووداوێکی گەورەی دیرۆکیی، بۆشاییەکی مەزنی لەناو موسوڵماناندا هێنایە ئاراوە. چونکە ئیتر لەوەبەدوا ئیسلام پێگەی دەوڵەتی خۆی کە لەخەلافەتدا بەرجەستە دەبوو لەدەستدا، و موسوڵمانان بێ مەرجەع و ئۆتۆریتەیەکی فەرمی گشتی مانەوە. سەرەڕای ئەمە هەستی نائومێدیی و خەم وئازاری لەدەستچوونی خەلافەت، سەرگەردانییەکی ئاشکرا و لەتوپەتبوونی فکریشی لەناو موسوڵمانانی جیهاندا بەدیهێنا. و گەلێک بیرمەندی ئیسلامی چ پێش، یانیش دوابەدوای ڕوخانی ئیمپراتۆریاکە بەپرۆژە و بیروباوەڕی جۆربەجۆر هاتنە گۆڕەپانەکە. لەوانە: جەمالەدین ئەفغانی (١٨٣٨-١٨٩٧)، محەمەد عەبدە (١٨٤٩-١٩٠٥)، محەمەد ڕەشید ڕەزا (١٨٦٥-١٩٣٥)، ئەمیر شەکیب ئەرسەلان (١٨٦٩- ١٩٤٦)... کە خوازیاری بەدیهێنانی ریفۆرم و نوێخوازیی و یەکخستنی مەزهەب و گروپە ئیسلامییە جۆربەجۆرەکان بوون. و حەسەن بەنناش لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی ئەو کەسایەتیانەدا، و بەمەبەستی زیندووکردنەوەی خەلافەت و یانیش هێنانەکایەی دەسەڵاتێکی دەوڵەتی ئیسلامی بەهێز کە نوێنەرایەتی گشت موسوڵمانانی جیهان بکات. هەوڵێکی زۆری فکری و ڕێکخراوەیی دا، تا لە ئەنجامدا لەشێوەی بزووتنەوەیەکی وەک ئیخوان موسلیمیندا بەرجەستەبوو.

٢- سەرهەڵدانی مۆدێرنیتەی ئەوروپا و پەیڕەوکردنی سکولاریزم: ڕەواجی سکولاریزم و بڵاوبوونەوەی

بیروباوەڕەکانی لە خۆرهەڵات و بەتایبەتیش میسر کە بنەما هەرەسەرەکیەکەی بریتییە لە جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت. تەواوی ڕەوت و بزووتنەوە ئیسلامییەکانی تۆقاند، لەوەی بەرەبەرە ئایین و خواپەرستی لەناودەچێت. کاتێکیش زانییان کە ئۆتۆریتەی فەرمیی و نەریتیی ئەو سەردەمە گەندەڵ و سواو وکۆن بووە، و لەمڕووەوە هیچی لەدەست نایەت، وەک هەوڵدانێک بۆ نوێکردنەوە و ئەنجامدانی ڕیفۆرم، پەنایان بۆ دامەزراندنی وەها بزووتنەوەیەکی وەک ئیخوان موسلیمین برد. جگە لەمەش سکولاریزمی خۆرئاوا، کاریگەرییەکی وای لەسەر خۆرهەڵات دانا، کە بەشێکی زۆر لەبیرمەندو نووسەرو ڕۆشنبیرانی ناسراو وەها هیوایان لەسەر سکولاریزم و سیستەمی حوکمڕانی لیبرالیستیی هەڵچنی کە گوایە بەهەشتە بزربووەکەی خۆیانیان لەوێدا دیتۆتەوە و بەجۆرێک کەوتنە سووکایەتیکردن بەفەرهەنگ و دیرۆک و زمان و تەنانەت جلوبەرگی خودی... کە لەبری ئەوەی ببێتە هۆکارو پاڵنەری چاوکردنەوەی خەڵکی بەرەو پێشکەوتن، ئاکامی پێچەوانەی دابەدەستەوە. لەمیسر لەوسەروبەندەدا ڕەوتێکی فراوانی فکری نوێخواز، پەیدابوو کە کەسایەتی ناوداری وەک: تەها حوسێن، سەلامە موسا، ئەحمەد لوتفی... لەخۆدەگرت، کە ڕەواجیان بەبیروباوەڕی خۆرئاوایی دەدا، بیروباوەڕی ڕۆژهەڵاتیان، بەهەموو ڕەنگەکانییەوە بەدواکەوتوو، وکۆنەپەرست و خورافاتی لەقەڵەمدەدا، سەلامە موسا دەنووسێت: (ئێمە ئەمڕۆ لەنێوان خۆرهەڵات وخۆرئاوادا دوودڵی دەنوێنین، حکومەتێکمان هەیە بەشێوازی ئەوروپایی. کەچی لەناو ئەو حکومەتەدا هەندێ دەزگای خۆرهەڵاتی وەک وەزارەتی ئەوقاف و دادگا شەرعیەکان دەبینینەوە کە پێشکەوتنی وڵات بەدوادەخەن. زانستگایەکمان هەیە فەرهەنگی جیهانی شارستانی بڵاودەکاتەوە، کەچی لەتەک ئەودا ئەزهەر هەیە کەپەرە بە فەرهەنگی

**بڵاوبوونەوەی جلوبەرگی خۆرئاوایی، مەترسی تێکچوونی بنەما ئەخلاقیە نەریتییەکانی هێنایە ئاراوە.**

سەدەکانی ناوەڕاست دەدات، ئەفەندی فەرهەنگیمان هەیە خاوەن ماڵ وحاڵی خاوێن و پەرتوکی باش دەخوێننەوە، کەچی لەتەک ئەواندا پیرمێردی واهەیە هێشتا عەباو جبەیان لەبەردایەو قیبتی و جولەکە بەکافر ناودەبەن هەربەوجۆرەی عومەری کوری خەتاب پێش ١٣٠٠ ساڵ دەیکرد.)١ جگە لەمە بڵاوبوونەوەی جلوبەرگی خۆرئاوایی، مەترسی تێکچوونی بنەما ئەخلاقیە نەریتییەکانی هێنایە ئاراوە. هەرلەبەرئەمەیە کە ساڵی (١٩٣٨) شێخی ئەزهەر پێشنیاز دەکات کە ئەفسەرە میسریەکانی لە جیاتی بێری و شەپقەو کڵاوی خۆرئاوایی، عەمامە لەسەر بکەن و حەسەن بەناش لایەنگیری دەکات٢ لەرووی زانستیشەوە دەرکەوتنی تیۆریی داروین، کە ئەوکات زۆر زووبوو تا کۆمەڵگەی ئیسلامیی لەخۆرهەڵات، وەها تیۆرییەکی پێ قبوڵ و هەرس بکرێت و لەلایەن موسوڵمانانەوە وەک سوکایەتیەک بە قورئان و پرسی پەیدابوونی مرۆڤ و ژیان بەگشتی هەڵسەنگێنرا. ئەمڕۆش کەئەو مەودا زەمانیە درێژە بەسەر ئەو دیرۆکەدا تێپەڕیوە دەبینین (ئاکەپە) و ئەردۆگانی ڕێبەری لە رووی فکرییەوە هێشتا لەو رابردووەدا دەژین، و خوێندنی ئەم تیۆریە جارێکی تر لەتورکیا قەدەغە دەکرێت.

٣- کۆلۆنیالیزم و لاوازیی حوکڕانان لەوڵاتە ئیسلامییەکاندا: خۆرئاوا، بەتایبەتیی، دوو وڵاتی کۆلۆنیالیستیی، ئینگلیز وفەرانسە سوودیان لەلاوازبوون و پاشانیش روخانی ئیمپراتۆریای عوسمانی وەرگرت و چاویان بڕیە پاشماوەو میراتی ئەو ئیمپراتۆرییە. و لەچەند شێوازو بەرگی جۆراوجۆردا داگیرکاریی و تاڵان و بڕۆیەکی بێ ئەمانیان دەستپێکرد و بەسنووری دەستکرد وڵاتانیان پارچەپارچەکرد، و تۆوی دووبەرەکیان لەناو نەتەوەکاندا چاند و تەنانەت کاتێک، پاشەکشەشیان کرد، تەنیا حوکڕانانی لاوازو گەندەڵ و ملکەچ شوێنی کۆلۆنیالیستەکانی گرتەوە. ئەمەش ناڕازیبوونێکی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی لێکەوتەوەو هەست و غروری نیشتمانپەروەریی و مەزهەبیی لەیەک کاتدا رووشاند و گەلێک پارت

وبزووتنەوە و ڕێکخراوی جۆراوجۆر وەک کاردانەوەیەکی بەرهەڵستکارانە هاتنە کایەوە و بزووتنەوەی ئیخوانیش وەک یەکێک لەو هێزانە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکاریی بێگانان خۆی سەپاند.

٤- پەیمانی بلفۆڕ و دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل: ساڵی ١٩١٧ ئارتور جیمس بلفۆر، کە ئەوکاتە وەزیری دەرەوەی بەریتانیاو، پێشتر سەرۆکی وەزیرانی ئەم وڵاتە بوو، نامەیەکی بۆ لۆرد والتەر روچیلد نووسی و لەوێدا لایەنگیریی دەوڵەتی بەریتانیا لەدامەزراندنی قەوارەیەک بۆ جولەکان ڕادەگەیەنێت. و پاشان ئەم نامەیە وەک سەرەتای هەوڵدان بۆ دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل هەڵسەنگێنرا. بەتایبەتیش کەدوای مانگێک لە نووسینی ئەم نامەیە بەریتانیا فەلەستینی داگیرکرد. و ساڵانی دواتریش هەوڵێکی زۆر خرایەگەڕ تا لەئاکامدا ساڵی ١٩٤٨ دەوڵەتی ئیسرائیل بەفەرمی دامەزرا. و ئەم ڕووداوانە موسوڵمانانی ترساندو کاردانەوەیەکی هێجگار گەورەی لەلایەن عەرەب و موسوڵمانانی جیهانەوە بەدوای خۆیدا هێنا و چەندان شەڕو کێشەی گەورەی لێکەوتەوە، کە هێشتاش هەر بەردەوامە. و یەکێک لە فاکتەرەکانی دروستبوونی بزووتنەوەی ئیخوان و پەرەسەندنەکەی ئەمەبوو کە بێدەسەڵاتی و پەرش وبڵاوی موسوڵمانان لەبەرانبەر هێزو هەژموونگەرایی بزووتنەوەی زایۆنیزم و دەوڵەتەکەی وایان لە موسوڵمانان کرد کە بیر لە چارەسەری و ڕێگاوشوێنی بەرپەرچدانەوە بکەنەوە، کە بزووتنەوەی ئیخوان وەک یەکێک لەئاکامەکانی ئەم هەوڵانە خۆی سەپاند. و بەتایبەتیش لەبەرانبەر شکەستی سیاسەتی فەرمیدا، ئیخوان ڕەنگێکی خواوەندی بەبزووتنەوەکە بەخشی و وەک تاکە ئەڵتەرناتیڤێکی مسۆگەر خۆی ناساند. کەپاشانیش دەرکەوت نەک هیچی پێنەکرا، بەڵکو بۆخۆشی بووە بەشێک لەهۆکارەکانی شکەست و ناکۆکیەکان.

> **ڕەواجی کۆمۆنیزم، لەسەرەتادا هیچ پەیوەندییەک لەنێوان دروستبوونی ئیخوان و کۆمۆنیزمدا نەبوو.**

٥-ڕەواجی کۆمۆنیزم، لەسەرەتادا هیچ پەیوەندییەک لەنێوان دروستبوونی ئیخوان و کۆمۆنیزمدا نەبوو، بەڵام بەبڵاوبوونەوەی ئەو بیروباوەڕەو دروستبوونی پارتەکۆمۆنیستەکان لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیی و دروستبوونی بەرەی چەپ بەگشتیی، ئیخوان بەرەبەرە لە ترسی ڕەواجی کۆمۆنیزم کە وەک سیمبۆلی کوفرو بێدینی و خوانەناسیی دەناسرا، خۆرئاوای داگیرکارو کۆلۆنیالیزمی بیرچۆوە و دژایەتی کۆمۆنیزم، لەلایەن بزووتنەوە مەزهەبیەکان و ئۆتۆریتەی ئاینی بەگشتی و لەهەمووشیان پتر ئیخوان بوو بە ئامانجی هەرەگەورەو پیرۆزو هێزو تواناو مۆتیڤی مانەوەو پەرەسەندنی خۆیان لە دژایەتی کۆمۆنیزمدا دەدیتەوە. کە بێگومان لێرەدا ڕۆڵی خۆرئاوا بەگشتیی و ئیسرائیل بەتایبەتی، بریتی بوو لە قوڵکردنەوەی ئەم ململانێیەو خۆشکردنی ئاگرەکەی تا بەڵکە دوو دوژمن بە گژ یەکتردا بکەن و خۆشیان بەرهەمەکەی بچننەوە.

### چۆن ئیخوان پێناسە بکەین؟

بزووتنەوەی ئیخوان کە لەژێر کاریگەریی ئەو هۆکارانەی سەرەوەدا، بەدیهات، لەقۆناغ و سەردەمێکدا بوو، کە زۆر زوو پەرەی سەند و بۆشاییەکی گەورەی وەهای پڕکردەوە کە بە بزووتنەوە سیاسییەکانی تر پڕنەکرابۆوە. ئیتر ئەم بزووتنەوەیە، بەمیسر دەستی هەڵنەگرت و سنووری وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی یەک لەدوای یەک دەربازکرد. ئەمەش وەنەبێ هەروا لەخۆڕا بەدیهاتبێ بەڵکو لەئاکامی نەخشەو پرۆژەیەک بوو، کە ڕێبەری ئەم بزووتنەوەیە، واتا حەسەن بەننا، داڕشتبوو. و پێناسەی ئیخوان بەلای حەسەن بەنناوە لەو گۆشە نیگایەوە دەبینرێت کە ئیسلامی پێ پێناسەدەکات و دەڵێت: (ئیسلام بریتییە لەبیروباوەڕو عیبادەت، نیشتمان و ڕەگەز، ئایین و دەوڵەت، ڕۆحانیەت و کردار ، قورئان وشمشێر. و هیچ کام لەم جووتانە لەیەکتر جیانابنەوە.)٣ ئیتر دوای ئەوەی بزووتنەوەکەی خۆی گرت و فراوان بوو، ساڵی ١٩٤٧ نامەیەکی بۆ زۆربەی سەرانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیی نارد بە ناونیشانی: (نحو النور)، واتا: بەرەو ڕووناکیی، کە لە پەنجا خاڵدا، ڕێنوێنیان دەکات سەبارەت

چۆنییەتی بەڕێوەبردنی دەسەڵات و شێوازی حوکمڕانیی و زیندووکردنەوەی نەریتە ئیسلامییەکان و چۆنیەتی رووبەرووبوونەوەی مەترسییە دەرەکییەکان. هەروا نوێنەرانی خۆی بەمەبەستیی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕە نوێکەی بۆ ناو خەڵکی ئەو وڵاتانە نارد و هەرزوو لەوڵاتانی سوریا، لوبنان، فەلەستین، ئوردون... باڵی ئیخوان دامەزران و پاشانیش بەرەبەرە بە تەواوی وڵاتە ئیسلامییەکاندا، چ بەشێوازی ئاشکرا و یاسایی، یان بەنهێنی و نایاسایی، لەژێر ناوی جۆربەجۆردا بڵاوبۆوە. وەهەرچەندە ئیخوان سەرەتا خۆی وەک چوارچێوەیەکی گشتیی فکریی، نەک پارت و رێکخراوی سیاسیی خستە روو، لەهەندێ قۆناغدا توانی ئەم رۆڵەی واتا وەک چوارچێوەیەکی گشتیی ببینێت، بەڵام پتری بزووتنەوە ئیخوانییەکان لەئاکامدا هەر بوونەوە بە پارتی سیاسیی.

بزووتنەوەی ئیخوان وەک هەر بزووتنەوە و رەوتێکی فکریی سیاسیی یان مەزهەبیی، پارچەبوون و جیاوازیی بیرو بۆچوون و ناکۆکی سەبارەت شێوازی کارکردنی سیاسیی و مامەڵە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی تردا تێکەوت و بەسەر جۆرەکانی وەک ئیخوانی توندڕەو، و ئیخوانی میانەڕەو... دابەشبوون. و ئەمڕۆ بزووتنەوەی ئیخوان لە وڵاتی تورکیا لەژێر ناوی ئاکەپەدا خاوەن گەورەترین پێگەی دەسەڵاتە، و لەوڵاتانی مەغریب، تونس، ئوردون... لەناو پرۆسەی سیاسییداون و خاوەن نوێنەرایەتیی پەرلەمانیین. و ئەگەر بخوازین بەشێوازێکی راست ودروست پێناسەی ئیخوان و شرۆڤەی بیروباوەڕ و دیرۆکە پڕ لەهەورازو نشێوەکەی بکەین پێویستمان بە دوو شێوازی پێناسەکردنە یەکەمیان بەوجۆرەی ئیخوان خۆی پێناسەی خۆی دەکات کە لێرەدا ناچارین زۆر بەکورتی لەمیانی ئەو ئامانجانەوە کە ئیخوان بۆخۆی بانگەشەی راپەڕاندن و بەدەستهێنانی دەکات، بەدەستی بخەین،

> **چەمکی "جەهل"، لای ئیخوان وەک شێوازە ستانداراد و باوەکەی بەواتای نەخوێندەواریی، دواکەوتوویی، بێئاگایی، ناهۆشیاریی... نایەت، بەڵکو یەک واتای هەیە ئەویش، بێباوەڕەییە.**

کە بەمجۆرەیە:

١- تەفسیرکردنی قورئان بەشوێوازێکی راست ودروست، کە بکرێت لەبەرانبەر تەفسیرە هەڵەکاندا بەکاربێت.

٢- بانگهێشتنی میسرو وڵاتانی عەرەبی بۆ ئەوەی لەسەر بنەماو ئەحکامی قورئان وشەریعەتی ئیسلام حوکمڕانی پەیڕەو بکەن.

٣- لەرووی ئابوورییەوە، پارێزگارییکردن لەسامانی نەتەوەیی، پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی خەڵک و پەیڕەوکردنی عەدالەت.

٤- کارکردن لەپێناو دژایەتیکردنی جەهل و نەخۆشی و هەژاریی.

٥- ئازادکردنی میسر، وەک هەنگاوی یەکەم، و پاشانیش تەواوی وڵاتانی عەرەبی. دواتریش بنیاتنانی دەوڵەتی ئیسلامی لەجیهاندا.

٦- لایەنگیریی و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئاشتیی جیهانی، لەسەر بنەمای شارستانیەتی مرۆڤایەتیی و بنەما نوێیەکانی مادی و مەعنەوی ئیسلام، و ئیخوان موسلمین.

بەڵام لەپشت ئەم واژەو دەستەواژنەدا کە هەندێکیان زۆر جوان و شایستە خۆ دەنوێنن، واتاو چەمکی تر شاردراونەوە، کە لە وردەکارییەکاندا بەدیاردەکەون. بۆنموونە چەمکی (جەهل)، لای ئیخوان وەک شێوازە ستانداراد و باوەکەی بەواتای نەخوێندەواریی، دواکەوتوویی، بێئاگایی، ناهۆشیاریی... نایەت. بەڵکو یەک واتای هەیە ئەویش، بێباوەڕەییە. بێباوەڕیش بەواتای ئەوەی کەسێک کە هێشتا موسوڵمان نەبووە. موسوڵمانیش لای ئەوان، ئەوکەسە نییە نوێژورۆژو ئەرکەکانی تر پەیڕەودەکات بەڵکو پێوەریی تایبەتی هەیە، کە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکی تۆکمەدا بنەماکانی داڕێژراون. ئەمە دەربارەی تەواوی چەمکەکانی تری وەک عەدالەت، ئازادیی، شەڕو ئاشتیش... هەربەوجۆرەیە و واتاو لێکدانەوەی ئیخوانییەکان بۆئەم چەمکانە جیاوازن لەگەڵ ئەوەی لەسەر

ئاستی جیهانی پێناسەیان بۆدەکرێت و بۆنموونە، ئازادیی لەبیری ئیخوانیدا هیچ پەیوەندییەکی بەئازادیی سیاسیی، و بیروبۆچوون و داهێنان و شێوازی ژیانەوە نییە بەڵکو بەلای ئیخوانەکانەوە ئازادیی تەنیا ئازادیی ئیسلامییە (ئازادیی ئیسلامیش بریتییە لەوەی دەوڵەتەکەی لەژێردەستی غەیری خۆیدا نەبێت)٤ ئەمەش ئەم واتایە دەگەیەنێت کە دەوڵەتی ئیسلامی خۆی بەواتای ئازادییە و ئیتر هیچ کەس مافی ئەوەی نییە باس لەئازادییەکی تر بکات.

بێگومان ئیخوان، خاوەنی ناکۆکیی و پارادۆکسێکی فراوانە لە نێوان تیۆریی و پراکتیکدا، و هەروا لەنێوان باڵەجۆربەجۆرەکان و دوودڵی و رارایش سەبارەت هەندێ لە بنەماکانی لەئارادایە و لەبەر ئەوەی ئیخوان خاوەن یەک رەنگ و یەک فۆرم نییە، ناکرێ هەموو ئەمانە بخەینە ناو قاڵبێکەوە، بەڵام تەواوی بزووتنەوە ئیخوانییەکان لانیکەم لەپەیڕەویکردن و باوەڕهێنان بە بیروباوەڕی دامەزرێنەرو رێبەرەکەیان حەسەن بەننا کۆکن، ئێمەش بیروباوەڕەکانی بەننا دەکەینە پێوەرو بنەما بۆ ئەم ناساندنە، کەدەکرێ لەچەند خاڵی سەرەکیدا بیخەینە روو:

١- سەلەفیەت (کۆنەپەرەستیی): ئیخوان وەک خۆیان هەمیشە هەر لەسەرەتای درووستبوونیانەوە تا ئەمڕۆ و لەسەر ئاستی گشت رەوت و باڵە جۆربەجۆرەکانی جەختیان لەسەر کردۆتەوە، پابەندبوونیانە بەسەلەفیەتەوە. واتای ئەمەش ئەوەیە کە یەکێک لە ئامانجە هەرە سەرەکی و بنەڕەتیەکانی ئیخوان گێڕانەوەی کۆمەڵگای ئیسلامی و بگرە تەواوی مرۆڤایەتی بۆ سەردەمی ١٤سەدەپێش واتا سەردەمی پەیدابوونی ئایینی ئیسلامە.

> **کۆنەپەرەستیی خەسڵەت و تایبەتمەندیی هەر کەس و لایەنێکە کەدژی هەر جۆرە گۆڕانکاری لەپەیوەندیی و بنەما ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکانی ئێستا بێت**

و بەپێی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ئەوان بۆ ئەو هەموو گرفتانەی بەرۆکی ئیسلامیان گرتووە، دوورکەوتنەوەی موسوڵمانانە لەبنەماکانی ئەو سەردەمە. جا هەرکات توانرا کۆمەڵگە جارێکی تر بگێڕدرێتەوە بۆ ئەوکاتە، تەواوی گرفتەکانی موسوڵمانان و مرۆڤایەتی چارەسەر دەبن. کەدیارە ئەمەش بەکەمێک شیکردنەوە بەواتای کۆنەپەرستییەکی رەهادێت. چونکە کۆنەپەرەستیی خەسڵەت و تایبەتمەندیی هەر کەس و لایەنێکە کەدژی هەر جۆرە گۆڕانکاری لەپەیوەندیی و بنەما ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکانی ئێستا بێت و خوازیاریی گێڕانەوەی گشت ئەو پەیوەندیی و بنەمایانە بۆ رابردوو بێت. کاتێکیش بە کەس و لایەن و دەسەڵاتێک دەگوترێت کۆنەپەرەست کە توندڕەوانە دژی هەر نوێکاریی و خولیای گێڕانەوەی کۆنیان هەبێت. لەبەرانبەردا پێشکەوتنخوازیی بریتییە لەباوەڕهێنان بە گۆڕانکاریی و تۆکمەترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئەخلاقیی. پێشکەوتنخواز، هەمیشە خەبات بۆ باشترکردنی ژیانی مرۆڤ و لابردنی کۆسپە سیاسیەکان و بەدیهێنانی سیستەمی حوکمڕانی باشترو عادلانەتر دەدات. لێرەدا پێویست بە ئاماژەو جەخت لەسەرکردنەوەیە کە نواندنی توندڕەوی لە پێشکەوتنخوازیدا بەرابەرە بە توندڕەوی لە نەریتخوازیدا. چونکە رەتکردنەوەی هەر شتێکی رابردوو ئاکامی خراپ و پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە. ئیتر نە گشت بایەخەکانی رابردوو لەنەریتی کۆمەڵگادا هەموو خراپن و دەبێ وەلایان بنێین نەهەموو ئەم شتانەش کە بەرهەمی مۆدێرنیزمن دەچنە خانەی پێشکەوتنخوازییەوە. لەبەر ئەمە نەهەموو ئاوڕدانەوەیەک بۆ رابردوو کۆنەپەرستییە. و نەڕەتکردنەوەی هەمووشیان پێکەوتنخوازییە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئیخوان توندڕەویەکی بێسنوور لە پەرستنی رابردوو، و رەتکردنەوەی هەر نوێخوازیی و گۆرانکاریەکی نوێش پەیڕەودەکات دەچێتە خانەی کۆنەپەرستییەکی تۆخەوە و بەکارهێنانی چەمکەکانی وەک ریفۆرم و چاکسازیی و نوێکردنەوە ... لە لایەن ئیخوانەکانەوە هیچ واتایەکیان نییە چونکە واتای گشت ئەمانە لای

ئیخوان دیسان هەر گەڕانەوەیە بۆ پشتەوە و نوێبوونەوە دیسان بەواتای زیندووکردنەوەی رابردوو دێت. جێگای ئاماژەیە کە ئیخوان تاکە بزووتنەوەی سەلەفی نییەو بزووتنەوەی تری وەک وەهابی، وسنوسی، مەهدەوی... هەرچەند لەگەڵ ئیخواندا ناکۆکن، بەڵام سەبارەت پرسی سەلەفیەت، هاوشێوەن.

٢- تەکفیر: پرسی کوفرو ئیمان بەشێوازیی جۆراوجۆرو لەچەندان بۆنەی جیاوازدا هەم لەلایەن حەسەن بەنناو هەمیش رێبەرە یەک لەدوای یەکەکانی ئیخوان باسی لێوەکراوە، حەسەن بەننا بنەمایەکی رەها بۆ کێشانەوەی سنووری نێوان ئیماندارو بێ ئیمان لە دەوڵەتان و کۆمەڵگەکان دەکێشێتەوە و دەڵێت: (ئیسلام شەریعەتێکی خواوەندییە، رێنوێنی مرۆڤایەتی حوکمی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆی هێناوە، کەپاراستن و بڵاوکردنەوەو چاودێری جێبەجێکردنی و گەیاندنی بەوانەی تا ئێستا باوەڕیان نەهێناوە بەدەوڵەت بسپێرێت. هەردەوڵەتێک ئەمانەی پشتگوێ خست ئیتر ئیسلامی نییە، هەر کۆمەڵ و نەتەوەیەکیش بەوەها دەوڵەتێک رازی بێت ئیتر موسوڵمان نییە.)٥

بەگشتی لەناو ئیخواندا باس لەدوو باڵی سەرەکی سەبارەت پرسی تەکفیر دەکرێت کە یەکێکیان هەمان باڵی حەسەن بەنناو ئەوی تریشیان باڵی سەید قوتبە و جیاوازیی نێوان ئەم دووانەش توندرەووی و میانەرەویەو لەم ناوەدا باڵی سەید قوتب بە توندرەوەکە دادەنرێت. کەبەبڕوای من هیچ جیاوازییەکیان نییەو هەردوو لەیەک ئاستی توندڕەویدان. فەرید عەبدولخالق ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ئیخوان لە نوسراوێکیدا بەناوی (ئیخوان موسلمین لە تەرازووی حەقدا) دەڵێت:

> **"جماعة التكفير والهجرة"، لە میسر دروووست بوو، کە باوەڕیان وابوو، جگە لەخۆیان تەواوی مرۆڤایەتی کافرن و بەڵکو لەسەدەی چوارەمی کۆچی بەملاوە، تەواوی سەدەکانی تر، بەسەدەی کوفر ناودەبەن.**

(بیروباوەڕی تەکفیر لە ناو گەنجانی ئیخوانیدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پەنجا وشەستەکان لە زیندانی قەناتر، لەژێر کاریگەریی بیروباوەڕو ناسینەکانی سەید قوتب، دەربارەی ئەوەی کە کۆمەڵگە لەسەردەمی جاهیلیدایە، و قوتب ئەو دەسەڵاتدارانە بەکافر لەقەڵەم دەدات، کە لەحوکمەکانی خواوەند لایانداوە و ئەوانەش کە بەم دەسەڵاتدارانە رازین)٦ دەبینین ئەم قسەیەی سەید قوتب لەگەڵ ئەو نموونەی پێشتری حەسەن بەننادا یەک واتایان هەیە وبریتییە لەوەی هەرکەس موسڵمان نەبێت کافرە، و کافریش شایستەی لەناوبردنە!

لەشەستەکانی سەدەی رابردوو و لەژێر کاریگەریی بیروباوەڕی ئیخوان و بەتایبەتیش سەید قوتب، گروپێکی تەکفیری توندڕەو لەمیسر بەناوی (جماعة التكفير والهجرة)، لە میسر درووست بوو، کە باوەڕیان وابوو، جگە لەخۆیان تەواوی مرۆڤایەتی کافرن. و بەڵکو لەسەدەی چوارەمی کۆچی بەملاوە، تەواوی سەدەکانی تر، بەسەدەی کوفر ناودەبەن، و تەواوی دەوڵەتان کافرن چونکە لەسەر بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام ناڕۆن و تەواوی کۆمەڵگەکانیش کافرن چونکە لەبەرانبەر ئەم دەوڵەتانەدا یاخی نابن، و تەواوی زانایانی ئیسلامیش هەر بەمجۆرە و هەرکەسێکیش ببێتە ئەندامی ئەم گروپەو پاشان دەست هەڵگرێت ئەویش کافرەو خوێنی حەڵاڵە. چەمکی (هیجرە) ش لەمەوە هاتووە کە ئەوان باوەڕیان وایە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هاوچەرخ، جاهیلە و بتپەرستە دەبێ موسوڵمانانی راستەقیبە ئەم کۆمەڵگەیە بەجێبێڵن و لەدوورەپەرێزیدا جیهادی خۆیان بکەن.

کاریگەریی بیروبۆچوونەکانی حەسەن بەنناو سەید قوتب بەتایبەتی لەم چاند ساڵانەی دواییەدا بەئاشکرا بەسەر گروپە تێرۆریستیەکانی وەک ئەلقاعیدە وداعش و لەوانەش پتر بەسەر بەرەی نووسرەوە دیار بووە و لەوشوێنانەی ئەم گروپانە دەسەڵاتداربوون گوفتارەکانی سەید قوتبیان وەک دروشم بەسەر

دیوارەکانەوە هەڵدەواسی. (ئەمیری بەرەی نوسرە، ئەبو محەمەد جولانی ساڵی ٢٠١٥ لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کەناڵێکی تەلەفزیۆنیدا، دان بەمەدا دەنێت کەپەرتووکەکانی ئیخوان موسلمین دەخوێنن و وانەکانی فێری لەیەنگرانیان دەکەن، بەتایبەتیش بیروباوەرەکانی سەید قوتب دەربارەی جهاد و کوشتنی کافران)٧

لەجیهانی ئەمڕۆدا، وڵاتان، تەنانەت ڕێکخراوە ئیسلامییەکانیش زمانی دیپلۆماتیک بەکاردەهێنن، چ لەگەڵ دۆست یانیش دوژمنەکانیان. و هیچ وڵاتێک، یان ڕێکخراوێکی ئیسلامی، تەنانەت عەرەبستانی سعودی و ئێرانیش لەپەیوەندی خۆیان بەدەرەوە باسی کوفرو ئیمان ناکەن، بەڵام بزووتنەوە تێرۆریستییەکان، بەئیخوان و پاڵپشتەکانیانەوە ئەم کارە دەکەن. ڕۆژی ٢٤-٨-٢٠١٧ تونس باڵیۆزی تورکیای بانگهێشت کرد تا یاداشتێکی ناڕەزایی بداتە وڵاتەکەی لەسەر ئەوەی بانگخوازی ئیخوانی میسری، وەجدی غونەیم، کە لەتورکیا پارێزراوە، بە سەرۆکی تونس، ئەلباجی قائد سبسی گووتبوو کافرە. پێشتریش ڕێبەری فکریی هەرگەورەی ئیخوان یوسف قەرەزاوی سەدام حوسێنی ناردبوو بۆ بەهەشت چونکە بەر لەسێدارەدانی شەهادەی هێنابوو، بەڵام بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی بەکافر دانابوو، چونکە لەپێناو بەدەستخستنی مافە زەوتکراوەکانی خۆیدا و لەپێناو پاراستنی ئابڕوومەندیی نەتەوەکەی سەری خۆی بۆ ئەردۆغان ناچەمێنێتەوە.

تێرۆریزم: بزووتنەوە ئیخوانیەکان بەحوکمی ئەوەی سەلەفی جیهادیی، و شمشێر بەدەستن.. ئەو باوەڕو بنەمایانەی دامەزرێنەر و ڕێبەرەکەیان کە ئەگەر نەڵێین هەمووی، ئەوە زۆربەی هەرەزۆری بزووتنەوە ئیخوانییەکان قبوڵیانە و پەیڕەوی دەکەن، بۆی داڕشتوون، زۆر بەئاسانیی ئەو مەشروعیەتەیان دەداتێ هەر کات بۆیان هەڵکەوێت و توانای ڕاپەڕاندنیان هەبێت، وەک یەکەمین بژاردەیەک پەنا بۆ تێرۆر ببەن.

> **ئەرکی ئیخوان دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامییە کەسەرتاسەری جیهان و مرۆڤایەتی لەژێر دەسەڵات و لەناو قەڵەمڕەیدا و ملکەچ و فەرمانڕەوای بن.**

بزووتنەوەی ئیخوان بەپێی بنەماسەرەکیەکانی کە حەسەن بەننا دایڕشتووە، ئەرکی هەرەسەرەکی بریتییە لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیی. ئەو دەوڵەتە ئیسلامییەش کە پێناسەی دەکات، خاوەن چەند تایبەتمەندییە، لەسەرووی هەموویانەوە (جیهانییبوون) یەتی. بەم واتایەی ئەرکی ئیخوان دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامییە کەسەرتاسەری جیهان و مرۆڤایەتی لەژێر دەسەڵات و لەناو قەڵەمڕەیدا و ملکەچ و فەرمانڕەوای بن. بۆ بەدیهێنانی ئەم دەوڵەتەش دوو ئەرکی بنەڕەتی و حاشاهەڵنەگر دەستنیشاندەکات کە بریتین لە (دعوة) و (جهاد)، مەبەستیش لەدەعوە، ئاگادارکردنەوە و بانگهێشتی تەواوی کۆمەڵگەو دەوڵەتان و گشت خەڵکی جیهانە بۆ ئەوەی ببن بە موسوڵمان، ئەو بانگهێشتنەش بۆئەوەی بەباشی و بەوجۆرەی پێویستە بەڕێوەبچێت دەبێت لەسایەی جهاد دابێت، جهادیش وەک پاشان بۆمان دەردەکەوێت بێ پێچ و پەنا مەبەستەکەی بریتییە لەجەنگ. حەسەن بەننا ساڵی ١٩٤٨ لە وتارێکدا کە لە گۆڤاری (الشهاب)، بڵاودەکرێتەوە ئەو هەلومەرجانە دیاریدەکات کە جهاد لەوێدا دەبێتە ئەرکێکی شەرعی کە بریتین لە:

١- پارێزگارییکردنی بانگهێشت (دەعوە)، چونکە دەبێ ئاینی ئیسلام بەهەموو مرۆڤایەتی ڕابگەیەنرێت، و هەر کۆسپێک بێتە سەر ئەم ڕێگایە دەبێ لاببرێت و دەبێ دوای ئەم دەعوەیە هەڵوێستی هەر کەس ولایەنێکیش کە دەعوەی پێ ڕاگەیەنراوە، بزانرێت.

٢- فریاکەوتنی مەزڵومانی خاوەن باوەڕ لەهەر شوێنێکی جیهاندا بن و سەرخستنیان بەسەر زاڵماندا.

٣- بەسزاگەیاندنی ئەوانەی پەیمان دەشکێنن وئەو تاقمانەی بەسەر خاوەن باوەڕانەوە خۆیان دەسەپێنن وسەرکوتیان دەکەن، و ئەوانەی لە فەرمانەکانی خواوەند یاخی دەبن، وئەوانەی فەرمانی عەدل و ئیسلاح ڕەتدەکەنەوە٨

پاشان لەوتارێکی تردا بە ناونیشانی (فی سبيل الكرامة) واتا: لە پێناوی ئابڕوومەندیدا، باس لە مەرجێکی تر دەکات بۆ جیهاد و دەڵێت: بڵاوکردنەوەی عەدالەت لە نا و خەڵکدا، تا هیچ کافرێک لەسەر رووی زەوی نەمێنێت کە ببێتە فیتنە و بۆئەوەی ئایین هەمووی بۆ خوابێت.)٩

ئەمجار دەڵێت: بێجگە لەم حاڵەتانە ئیسلام رێگا بەجەنگ نادات!! ئێمەش دەپرسین: مەگەر شتێک دەمێنێتەوە؟ هەموو مرۆڤایەتی بە زەبری شمشێر و زۆرەملێیانە دەبێ ببن بە موسوڵمان و هەتا یەک تاکە کەسێک لەجیهاندا بمێنێتەوە کە موسوڵمان نەبووبێت، ئەوە جەنگ بەردەوام دەبێت. مەگەر رێکخراوە تێرۆریستییەکانی وەک ئەلقاعیدە و داعش و بۆکۆحەرام و شەباب موجاهیدین... شتێکی لەمە زۆرتریان گووتووە؟ مەگەر گێچەڵ و شەڕفرۆشتن بەمرۆڤایەتی دەکرێ رەنگێکی لەمە خراپتر و ئاشکراتری هەبێت. ئیتر کاتێک ئەمە دەبینین، ئەمجار بۆمان دەردەکەوێت بۆچی و چۆن ئاکەپە و ئەردۆگانی ریبەری یارمەتی تێرۆریزمی جیهانی دەدەن و خۆیان بە بەشێک لەوان دەزانن.!!

ئیخوان بەو بیروباوەڕە توندڕەوە شەڕخوازانەیەوە، نەک تەنیا بۆ ئەندام و لایەنگرو پەیڕەوانی خۆی، بەڵکو بۆ هەر موسوڵمانێکی سادە، وەک قوتابخانەیەکی بنەڕەتی وایە بۆ فێرکردنی تێرۆر. هەربۆیە دەبینین ئوسامە بن لادن لەژێر دەستی رێبەرێکی تری ئیخوانی بەناوی عەبدوڵا عەزام کە ئیمامی موجاهیدە عەرەبەکانی ئەفغانستان بوو، پەروەردە دەبێت و ئەو مرۆڤەی لێدەردەچێت کە هەمووان دەیناسن. و لەسەردەمی هاتنەسەرکاری تالیبانیش لەئەفغانستان بزووتنەوە ئیخوانییەکان پشتیوانی ئاشکراو راشکاویان بۆ ئەو حکومەتە راگەیاند. هەروا یوسف قەرەزاویش بەئاشکرا رایگەیاند کە ئەبوبەکری بەغدادی سەرەتا ئیخوانی بووە و لەناو ئەو بزووتنەوەیەدا پەروەردە بووە. ئەمەش شاراوە نییە کە ئەیمەن زەواهیری رێبەری ئێستای ئەلقاعیدە لەتەمەنی پانزەساڵیەوە ئەندامی بزووتنەوەی ئیخوان بووە لە میسر.

> **لەبیروباوەڕی ئیخواندا بە پێچەوانەی هەموو ئایدیۆلۆژیاکان، ئەوەی هەیە لەپێناوی مەرگدایە و مرۆڤ دەبێ تەنیا لەپێناوی مەرگدا بژیت و بمرێت.**

**مەرگپەرستیی:** تەواوی ئایدۆلۆژیاکانی جیهان بەباش و خراپیانەوە، هەرئامانجێکی پیرۆز یان چەپەڵیان هەبێت، لەئاکامدا لەپێناوی ژیان و شتێک کە لەژیاندا مرۆڤ بەدەستی دەهێنێت، پاساوی بوونی خۆی رادەگەیەنێت. ئیتر لەجۆرە باشەکانیدا باس لەئازادیی و ماف و بڕوومەندیی و عەدالەت و بەگشتیی بەختەوەریی مرۆڤە، لەجۆرە خراپەکانیشیدا باسی دەسەڵات و پارەو سامان و نەژادپەرستیی وهەژموونگەرایی و چەمکەکانی هاوشێوەیانە. تەنانەت لەفاشیزمدا، کە خراپترین ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسییە، دیسانیش ئامانجێک هەیە کەبریتییە لە نەتەوە، یانیش دەوڵەت. و هەمیشەش لەدیرۆکی کۆن و نوێدا مرۆڤ لەپێناوی بەدەستهێنانی مافە رەواکانیدا قوربانی دەدات و گیانی خۆی فیدا دەکات. واتا، خۆفیداکردن لەپێناوی شتێکدا کە ژیان پێویستییەتی. بەڵام لەبیروباوەڕی ئیخواندا بە پێچەوانەی هەموو ئایدیۆلۆژیاکان، ئەوەی هەیە لەپێناوی مەرگدایە و مرۆڤ دەبێ تەنیا لەپێناوی مەرگدا بژیت و بمرێت. حەسەن بەننا دەڵێت: (مەرگ هونەرە، هونەرێکی جوانە لە پاڵ تاڵیەکەیدا، بەڵکو جوانترین هونەرێکە ئەگەر بەدەستی هونەرمەندێکی لێهاتوو بەرهەم هاتبێت، قورئانیش ئەمەی خستۆتە روو کە خەڵک چەندە ژیانیان خۆشدەوێت خاوەن باوەڕان مەرگ)١٠ لێرەدا حەسەن بەننا کە پەیڕەوانی هانی مەرگ دەدات، پێشتر وەک هەر بیروباوەڕو مەزهەبێکی تر باسی هەموو چەمکەکان و خواستەکانی مرۆڤ دەکات بەڵام پرسیار ئەمەیە ئایا کاتێک مرۆڤ فەلسەفەی ژیانی تەنیا بریتی بێت لەوەی ئەویندارى مەرگ بێت ئیتر باسکردنی ئەو چەمکانە واتایەکیان تێدا دەمێنێتەوە؟

مرۆڤ چ لەسەر بنەمای غەریزەکانی،

یانیش لۆژیک و عەقڵ و هەستەکانی بێت، ژیانی خۆشدەوێت. و ئەمە شێوازی ئاساییە و هەرشتێک پێچەوانەی ئەمەبێت، نامۆ، و نائاسایی، ودژی بایەخە ئەخلاقیەکانیشە ئەوانەش کە گیانی خۆیان فیدای ئامانجێک دەکەن، هەرگیز لەبەرئەوە نییە کە مەرگیان خۆشدەوێت، بەڵکو لەبەر بایەخدانانیانە بۆ ژیان و کاتێکیش ژیانێک کەشایستە بێت لەئارادا نییە خۆی دەکاتە قوربانی تا خەڵکانی تر بەوژیانە شایستەیە بگەن، ئیتر بوونی مەرگ بە ئامانجی پیرۆزو کۆتایی تەنیا لەفەرهەنگیی تێرۆریستاندا دەبینرێتەوە کە بەراستی دژی ژیان و مەرگپەرستن!

نەژادپەرستیی: یەکێک لەشانازییەکانی تری ئیخوان ئەمەیە کە گوایە لەسەرووی نەژادو تایەفەو گروپەوەن و خاوەن باوەڕان هەموو لەسەرئاستی باوەڕو خواپەرستیان لەبەرانبەر خواوەندا بەپێی حەدیسی پەیامبەر(لافرق بین عربی و عجمی الا بالتقوی)، بەرابەرن. بەڵام وەک پاشان لەگوفتارو ڕەفتاردا دەردەکەوێت، ئەوان تەنیا دژی تایەفەگەریی و نەتەوەپەرستیی و نەژادپەرستین ئەگەر نەتەوە غەیرە عەرەبەکان بیکەن. بەواتایەکی تریش هەموو نەتەوەکان بۆئەوەی تایەفەگەریی و نەتەوەگەرایی نەمێنێت هەموو لە عەرەبدا بتوێنەوە. هیچکەس نابێ باس لەنەتەوەی خۆی بکات بەڵام ئەوان دەتوانن بیکەن. حەسن بەننا ساڵی ١٩٤٠ لەگۆڤاری (التعارف)دا دەنووسێت: (دەوڵەت و میللیگەرایی وزانست لەبەنەما سەرەکییەکانی ئیسلامن)١١، بەمەندەش ڕاناوەستێت و گوناهی هەرچی شکەستی ئیسلام هەیە بەئەستۆی نەتەوەکانی تری وەک تورک و فارس و مەمالیکدا دەدات و هۆکاری ئەو شکەستانە لەوەدا دەبینێت کە چونکە دەسەڵاتی ڕێبەرایەتی لەدەست عەرەب هاتۆتە دەرێ و کەوتۆتە دەست غەیرە عەرەب.

> **لەفۆرمە تورکیەکەی ئیخوانی ئاکەپەییدا بەهەمان شێوازەو تورکچیەتی و پانتورکیزم و نەژادپەرستیی تورکی جێگای عروبەی ئیخوانی عەرەبی گرتۆتەوە**

محەمەد عەبدە کە ڕوناکبیرترین و نوێخوازترین ڕێبەرێکی ئیخوانییە دەڵێت: (ئیسلام کراوە بە عەجەمی و دەوڵەت کەوتۆتە ناو مشتیان. ئەوان نە ئەو عەقلەیان هەیە کەئیسلام ڕابهێنابێت و نەئەو دڵەش کەئایین پاکیکردبێتەوە. بەڵکو بەتوندوتیژیی جەهلەوە هاتنە ناو ئیسلام...)١٢، حەسەن بەنناش بەهەمان شێوزی عەبدە، هۆکاری شکەستی ئیسلام دەگێڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتنی دەسەڵاتدارانی غەیرە عەرەب لەناوەڕۆکی قورئان و حەدیس و حوکمە شەرعییەکان و دەڵێت: (ئەوانەی تامی ئیسلامی ڕاستەقینەیان نەچەشتووەو دڵیان بە تیشکی قورئان ڕووناک نەبۆتەوە چونکە لەواتاکەی نەگەیشتوون، لەگەڵ ئەوەدا کەبیشی خوێننەوە).١٣ ئەمە لەفۆرمە تورکیەکەی ئیخوانی ئاکەپەییدا بەهەمان شێوازەو تورکچیەتی و پانتورکیزم و نەژادپەرستیی تورکی جێگای عروبەی ئیخوانی عەرەبی گرتۆتەوەو ئامادەن لەپێناو مرۆڤێکی بەڕەچەڵەک تورک لەهەر شوێنێکی جیهاندا جەنگ بەرپاکەن، کەچی وای بەحاڵی کەسکی تر کە باسی مافێکی سروشتیی فەرهەنگی و نەتەوەیی خۆی بکات. ئەمە، نیشانەی ئەوەیە کەبیروباوەڕی ئیخوانی لەهەرشوێنێک بێت بەرگی ناسیونالیزمی ئەوشوێنە لەبەردەکات و لەم خاڵەشدا لەگەڵ ناسیونالیزمی غەیرە مەزهەبی یەکدەگرنەوەو هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ یەکتردا نامێنێت. کاتی خۆشی سەدام و حزبەکەی بە هەمان شێواز سیاسەتیان پەیڕەودەکرد، عەرەب و عروبە ئەو دووچەمکە بوون کەلەپیرۆزیدا لەدوای خواوە دەهاتن کەچی دەیانگوت تایەفەگەریی، و میللیگەرایی قەدەغەیە! هەرلەبەر ئەم یەکگرتنەوەیەش بوو کەئیخوانەکان هیچکات، چ لەشەڕی دژی ئێران، و داگیرکردنی کوێت وچ شەڕی دژ بەکورد پشتی سەدامیان بەرنەدا.

سەیر ئەوەیە ئەوان نەتەوە غەیرە عەرەبەکان بەمە گوناهباردەکەن کە لەبەرئەوەی زمانی عەرەبی نازانن لەقورئان ناگەن. کەچی ڕێگاش نادەن قورئان تەرجەمەبکرێت بۆ زمانەکانی تر، و لەحەسەن بەننا دەگێڕنەوە کە هەرکات وەها پێشنیازێکیان بۆ کردبێت ڕەتی

کردۆتەوە. دکتۆر ئیبراهیم بەیونی غانم کە نووسەرێکی ئیخوانییە لە پەرتوکێکی خۆیدا بەناوی: الفکر السیاسی للأمام حسن البنا دەڵێت (هەمیشە گومانی دەردەبڕی سەبارەت خواستی وەرگێڕانی قورئان بۆ زمانەکانی تر.)١٤ ئەمە مرۆڤ تەنیا یەک واتای لێ هەڵدێنجێ کە بریتییە لە: (ئەی میللەتانی جیهان لەبەر ئەوەی ئێوە لەقورئان ناگەن شایستەی هیچ جۆرە رێبەرایەتییەکی ئیسلام نین و ئەم کارە بۆ ئێمە هەڵگرن و چیتان پێدەڵێین بەقسەمان بکەن!!) . بەننا لەزۆر بۆنەو شوێنی تردا بەتوندی دژی وەرگێڕانی قورئان دەوەستێتەوە بۆ زمانەکانی تر و هەوڵدەدات پاساوی ئەم باوەڕەی خۆی بەمەوە ببەستێتەوە کە پەیوەندی گەلانی موسڵمانی غەیرە عەرەب بە ئایینی ئیسلامەوە تەنیا زمانی عەرەبییە و ئەگەر قورئان بۆ زمانەکانی ئەوان تەرجەمە بکرێت ئیتر ئەو پەیوەندییە نامێنێت و بیروباوەڕی نەتەوەیی بەسەر ئیسلامیدا زاڵ دەبێت و دەڵێت ( کۆڵۆنیالیستەکان دەخوازن بە هەرشێوازێک بێت پەیوەندی گەلانی ئیسلامی ژێردەستە لەگەڵ زمانی عەرەبیدا کە هەڵگری فەرهەنگی ئیسلامیە بپچڕێنن. و ئەگەر قورئان تەرجەمە بکرێت، کاری کۆلۆنیالیستەکان ئاسانتردەکات، بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان... )١٥ بەڵام حەسەن بەننا کە ئەم هەموو گرنگییە بە بانگهێشتنی گەلانی جیهان دەدات بۆ ئەوەی موسوڵمان بن، پێمان ناڵێت، ئەگەر ئەو گەلانە بەزمانی خۆیان قورئان نەخوێننەوە، ئیتر چۆنی تێبگەن، و چۆن باوەڕ بەبانگخوازەکان بکەن لەوەی دەیڵێن و بانگەشەی بۆدەکەن؟

بەڵام ئەگەر بۆ بنەما فاشیستیەکانی بیروباوەڕی ئیخوان بگەڕێینەوە ئیتر سەرمان سوڕنامێنێت. و هەرئەمەشە کە ئیخوانی تورکی لەبەرگی ئاکەپەدا،

> **لەشێوازی ئیخوانی عەرەبیدا، بەهەمان پاساو هەوڵی لەناوبردنی زمانی کوردی دەدات و دەڵێن کە زمانی تورکی بناغەی یەکپارچەیی گەلی تورکیایە**

لەشێوازی ئیخوانی عەرەبیدا، بەهەمان پاساو هەوڵی لەناوبردنی زمانی کوردی دەدات و دەڵێن کە زمانی تورکی بناغەی یەکپارچەیی گەلی تورکیایەو ئەگەر هەر پێکهاتەیەک زمانی خۆی بەکار بهێنێت ئیتر ئەو یەکپارچەییە لەناودەچێت و تورکیاش لەتوپەت دەبێت!! بەڵام کارەکە دروست بە پێچەوانەوەیە. و وەک چۆن تێنەگەیشتنی موسوڵمانانی جیهان لەقورئان لەبری یەکیەتی پارچەپارچەی کردون. دژایەتی زمانی کوردیش لەلایەن فاشیزمی تورکیەوە کوردی شێلگیرتر کردووە، بۆ پاراستن و پەرەپێدانی فەرهەنگ و زمانەکەی و رەتکردنەوەی

هەردەسەڵاتێکی خۆسەپێنەری فاشستی و خەباتکردن بۆ خۆسەری و خۆبەڕێوەبردن.

پیاوسالاریی: ئەگەر هەر بزووتنەوەیەکی مەزهەبی پیاوسالاربێت، هەرگیز نامۆ نییەو بەگشتی هەموو بیروباوەڕە مەزهەبییەکان، کەم یان زۆر هەر بەم جۆرەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێجار کەسایەتی مەزهەبی وا پەیدادەبن، کە بەدیدێکی پێشکەوتنخوازانەوە سەبارەت پرسەکانی ژن و ئازادیی و مافەکانی دەردەکەون. کاتێکیش بزووتنەوەی ئیخوان درووست بوو، و هەتا ئەمڕۆش خەرمانەیەکی لەشانازیی و خۆهەڵنانەوە بەدەوری خۆیدا کێشاوە و بانگەشەی ئەمەدەکات کە لەپێشکەوتنخوازیدا سەبارەت مافەکانی ژن بۆڕی هەموو بیروباوەڕە مەزهەبی و سکولارەکانی داوە و بەڵگەی ئەم شانازییەشیان درووستکردنی باڵێکی ژنان بەناوی (اخوات المسلمات)ە، بەڵام کاتێک بە سەر ئەرشیفی نووسین و وتارەکانی حەسەن بەننادا دەچینەوە، سەرمان لەم هەموو بیروباوەڕە دواکەوتووانانە سووڕدەمێنێت.

ساڵی ١٩٣٩ شێخی ئەزهەرو قازی شەرعی میسر محەمەد مستەفا مەراغی، وتارێک لە گۆڤاری روزلیوسفی میسریدا بڵاودەکاتەوە، لەو وتارەدا لایەنگری خۆی بۆ مافەکانی ژن رادەگەیەنێت و دەڵێت کە ژن ماف و توانای وەئەستۆگرتنی هەرجۆرە کارو پلەوپایەیەکی هەیە جگە لەدووان، یەکەم: دادوەریی باڵا، دووەمیش پێگەی خەلیفە. بەڵام حەسەن بەننا زۆر بەتوندی وەڵامی دەداتەوە ودەڵێت: (ژن بۆی نییە بەهیچ شوەیەک

ببێتە وەزیر یان ئەندامی پەرلەمان چونکە ئەم کارانە ناچاری دەکەن بەتەنیا لەگەڵ پیاوانی نامەحرەمدا بێت. وەهەرکات ژن کارەگشتیەکان وەئەستۆبگرێت ناچاردەبێت لەگەڵ پیاواندا بەتەنیا بێت. بۆنموونە ئەگەر سەرۆکی وەزیران یان سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ وەزیرێکی ژن یان ئەندامێکی پەرلەمانی ژندا کۆبێتەوە تا دەربارەی کارێکی تایبەت راوێژ بکەن. و لەوەبەولاوەتریش ئەو وەزیرە ژنە چۆن دەتوانێت لەگەڵ باڵوێزی وڵاتێکی بێگانە کۆبێتەوە؟ ئایا واز لەو دیدارە دەهێنێت یان کەسێکی مەحرەمی خۆی لەگەڵ خۆیدا دەبات)١٦

حەسەن بەننا بەوەندە راناوەستێت و لەدەیان نووسین و وتاری تردا، بیرو باوەڕی ئیخوانی بەجۆرێک سەبارەت ژن رووندەکاتەوە، کە ژن، لەوەی کاری ناوماڵ بکات هیچ شایستەیی و توانایەکی نییەو جگەلەوەش وەک هەر بیروباوەڕێک کە بەدووربێت لەلۆژیک و توانای قەناعت پێکردن، بیروباوەڕەکانی خۆی بەمە پشتڕاستدەکاتەوە کە خواوەند وەهای داناوە و دەڵێت: (ئیسلام کارکردنی ژنی لەدەرەوەی ماڵی خۆی حەرامکردووە)١٧ دیسان نەک هەر ئەوەی بۆی نییە کارە دەوڵەتیەکان وەئەستۆ بگرێت، تەنانەت مافی دەنگدانیشی پێ رەوا نابینێت: (نەهەڵبژێرێت و نەهەڵیبژێرن)١٨ هەروا بەباوەڕی بەننا، ژن نەپێویستی بە زانستەو نەبەفێربوونی زمانی بێگانە و بەشێوازێکی پێچ وپەنادار دەخوازێت بڵێت ژن پێویستی بە خوێندن نییەو دەڵێت: (ئەو زانستانەی ژن پێویستی پێیان نییە بێ سوودو بێهودەن، وباشترە بۆ ئەو خۆی بەشتێکی بەسوودەوە خەریک بکات. هەروا ژن پێویستی بەوەنییە فێری زمانی جۆربەجۆر بێت، یان یاساو مافەکان بخوێنێت....)١٩

> **پەیوەندییەکانی ئیخوان، بەجیهانی دەرەوەی خۆی خاوەنی دوو رەهەند بووە، یەکەم بەجیهانی ئیسلام، و دووەمیش بەجیهانی دەرەوەی ئیسلام**

پەیوەندییەکانی ئیخوان بە جهانی دەرەوەی خۆی:

پەیوەندییەکانی ئیخوان، بەجهانی دەرەوەی خۆی خاوەنی دوو رەهەند بووە، یەکەم بەجهانی ئیسلام، و دووەمیش بەجهانی دەرەوەی ئیسلام، کەلەسەر هەردوو ئاستەکە هەمیشە پڕ لەگرفت وکێشە بووە. ئەمەش ئاکامێکی سروشتی سیاسەت و بیروباوەڕەکانی ئیخوانە. چونکە کاتێک ئیخوان خاوەن بیروباوەڕی سەلەفی، تەکفیری، جهادیی بێت، هەر غەیرە موسوڵمانێک لێی دەسڵەمێتەوە. بەتایبەتی دەقی رۆشەن و ئاشکرا لەئارادایە کە رێبەرە ئیخوانییەکان بەزمانێکی زبری نکوڵیکارانە دژی غەیرە موسوڵمانان دەریان بریوە. بۆنموونە قیبتییەکانی میسر کە دانیشتوانی رەسەنی میسرن و بەر لەعەرەب لەم وڵاتەدا ژیاون، کەچی وەک داگیرکارو بێگانەو کافر لەلایەن رێبەرە مەزهەبیەکانەوە مامەڵەیان لەگەڵداکراوە ساڵی ١٩١١ شێخ عەبدولعەزیز چاویش وتارێک دژی قیبتیەکان دەنووسێت؛ لەژێرناوی (ئەمجار کاتی ئەوە هاتووە لێتان بپرسینەوە، سەردەمی موجامەلە بەسەرچوو..)٢٠ کە هەر لەناونیشانەکەیەوە دەردەکەوێت نووسەرەکەی چی دەخوازێت بڵێت. وئیتر لەم وتارەو دەیان وسەدان وتاری تردا نەک هەر قیبتیەکان، بەڵکو فەرهەنگی قیبتی، و دیرۆکی فیرعەونی وتەواوی سیمبۆل و پاشماوە دیرۆکیەکانی فیرعەونیەکانیش کەوتنە بە پەلاماری هێرشی کوێرانە، و تەنانەت باس لەوەدەکرا کە قیبتیەکان لەبەرئەوەی لەوڵاتی موسوڵمانادان و ژیانیان پارێزراوە دەبێ باج (جزیە) بدەن. حەسەن بەننا دەڵێت: (دەربارەی ئەهلی کیتاب، ئیسلام کاروباری ئەوانەی یەکلاکردۆتەوە، کەدەبێ جزیە بدەن. و هەرکات ئەم کارەیان کرد شمشێریان لەسەر هەڵدەگیرێت، ئەمە گشت مەجوس، و سابیئەو موشریکانی غەیرە عەرەب و بتپەرستانیش دەگرێتەوە)٢١

بێگومان ئیخوان لەلایەن دەوڵەتانی غەیرە موسڵمانیش هەمیشە بەچاوی ترس وگومان مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار وەک تاکتیک و پاراستنی بەرژەوەندی، ئەم کێشانە بۆ ئایندەی نزیک یان دوور دواخراون، و ئیخوان وەک کارتی سیاسیی بەکارهێنراوە. بەتایبەتی وڵاتی

ئینگلستان هەمیشە مۆڵگەی سەرەکی ئیخوان بووە لەدەرەوەی وڵاتانی ئیسلامیی بەتایبەتیش ئیخوانی میسری. و بۆتە پرسێکی دیپلوماتیکی نێوان، میسرو ئینگلستان. بەڵام دوای لەناوچوونی یەکیەتی سۆڤیەت و سەرهەڵدانی بزووتنەوە تیرۆرستەکانی وەک ئەلقاعیدە و داعش، و ئاشکرابوونی پەیوەندی گەلێک لەبزووتنەوەکانی ئیخوان بە تێرۆریستانەوەو بەتایبەتئش پەیوەندیی ئایدیۆلۆژیکی نێوانیان، وڵاتانی خۆرئاوای وەئاگا هێنایەوە کە ئیتر پێویستییەک بەئیخوان وەک کارتی سیاسیی نەماوەو لەبەرئەوەی بۆخۆیان سەرچاوەی مەترسی گەورەن پێویستە جۆرێکی تر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. و ئەمڕۆ پرسی قەدەغەکردنی ئیخوان، و ناساندنی وەک بزوتنەوەیەکی تێرۆریستی مژاری گفتوگۆی گەرمی لایەنە پەیوەندارەکانە لە خۆرئاوا. لەمڕووەوە چەند پرسیاریان لەبەردەمدایە کە دەبێ وەڵامەکانی بۆ ببیننەوە. لەمانە: ئایا بزووتنەوە ئیخوانییەکان هەموو وەک یەک بزووتنەوەی لەیەک جیانەکراوە دەبێ هەڵسەنگێنرێت و هەرمامەڵەیەک دەبێ هەموویان بگرێتەوە؟ ئەگەر نا! کامانەن ئەوانەی دەبێ سزابدرێن و قەدەغەبکرێن و بخرێنە ناو لیستی تێرۆرەوە و لەسەر کام بنەماو پێوەرێک دەبێ ئەم کارە ئەنجام بدرێت؟ چ مامەمەڵەیەک لە گەڵ ئەو بزووتنەوە ئیخوانیانە بکرێت کەلەسەر دەسەڵاتن و پشتیوانیان بۆ تێرۆریزمی جهانی سەلماوە؟

بەڵام، رەهەندیی دووهەم، واتا پەیوەندییەکانی ئیخوان بەجهانی ئیسلامەوە، قەیراناوی ترو پڕ لەکێشە ترە. چونکە ئیخوان خۆی وەک چارەسەریی و ئەلتەرناتیفی هەرەکۆتایی پێناسەدەکات و هەبوونی خۆی لەنەمانی ئەوانی تردا دەبینێتەوە. هەروا ئەمڕۆ لەجهانی ئیسلامدا، دوو قوتبی سەرەکی هەن یەکێکیان ئێرانە کە نوێنەرایەتی شیعەدەکات، ئەوی تریان عەرەبستانی سعودیە کە نوێنەرایەتی سوننەدەکات. ئیخوانیش گەرچی خواست و ئامانجەکانی

> **ئیخوان هەرلەسەرەتای درووستبوونیانەوە، تائەمڕۆ، پەیوەندییەکی تا ئاستێک باشیان لەگەڵ شیعەدا وبەتایبەتیش شیعەکانی ئێراندا هەبووە.**

لەهی ئەم دووانە فرەتر دەڕوات، نەک هەر شیعەو سوننە بەڵکو دەخوازێت ببێتە تاکە قوتبی فەرمانڕەوای جهان. بەڵام لەبەرئەوەی هیچکات نەیتوانیوە بەشێوازی ئێران و عەرەبستان ببێتە خاوەن دەسەڵاتێکی دەوڵەتیی سەقامگیرو درێژخایەن، ئەم خواستەی هەر لەبواری تیۆریدا ماوەتەوە و تازە وردە وردە تورکیا خۆی بۆ وەرگرتنی ئەم رۆڵە ئامادەدەکات. بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەر ئاستی گشتیی سیاسەتێکی ناشیانە پەیڕەودەکات، خۆی وەها لە ناو کۆمەڵە کێشەیەکی ناوخۆ و دەرەوەی گەورەدا نوقم کردووە کە نایپەرژێتە سەر بەدیهێنانی ئەم خەونەی، و تادێت پتر لەبایەخ و قورساییەکەی کەمتر دەبێتەوە. لەبەر ئەمە پەیوەندیی ئیخوان بە جهانی دەرەوەی خۆی لەئاستی هەرەخراپی خۆیدایەتی، بەڵام هەندێک پارادۆکسیشی تێدایە! ئیخوان هەرلەسەرەتای درووستبوونیانەوە، تائەمڕۆ، پەیوەندییەکی تا ئاستێک باشیان لەگەڵ شیعەدا وبەتایبەتیش شیعەکانی ئێراندا هەبووە. و ساڵی ١٩٤٦ لەئێران گروپێکی توندڕەوی جهادی بەناوی فیداییانی ئیسلام لەسەر دەستی مەلایەکی گەنج بەناوی موجتەبا نەواب سەوفەوی دامەزرا، و خوازیاریی هێنانەسەرکاری حکومەتێکی ئیسلامی بوو، یەکێک لە چالاکیەکانی ئەم گروپە تێرۆرکردنی نووسەری ناوداری ئیسلامی ئەحمەد کوسرەوی بوو، کە بەچەقۆ تێرۆرکرا. هەروا دو سەرۆک وەزیریش (عەبدولحوسێن هەژیر، و حاجی عەلی رەزمارا) هەر بەدەستی ئەم گروپە تێرۆر کران. لەئاکامدا نەواب سەفەوی و بەشێک لەلایەنگرانی دەستگیرکران و بە ئیعدام مەحکوم کران. ئەوکات ئیخوان موسلمینی میسر بەپەلە وەفدێکی خۆی نارده ئێران تا نەواب سەفەوی و هاوڕێکانی ئیعدام نەکرێن. هەرچەندە ئەوان لەئاکامدا هەر ئیعدام کران بەڵام ئەم هەڵوسێتەی ئیخوان لەسەر ئاستی دیرۆکی بوو بە بەردی بناغەی

دارشتنی پەیوەندیی بە شیعەوە. و دەبینین ساڵی ١٩٧٩ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، ئیخوانی میسر بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و ئەم شۆڕشە وەک نموونەو سەرمەشق بۆ میسر پێناسەداکات و لەگشت موسوڵمانانی جیهان دەخوازێت، لەو شۆڕشە پەیڕەوی بکەن. هەروا پەرتوکێکیان بە ناونیشانی (خومەینی ئەلتەرناتیڤی ئیسلام)، کە لەلایەن فەتحی عەبدولعەزیزەوە نووسرابوو، بڵاوکردەوە. لەوێدا هاتووە: (شۆڕشی ئیمام خومەینی، شۆڕشی گروپێکی ئیسلامی دژی گروپێکی تر نییە، بەڵکو چەقی قورسایی هەموو ئەو بایەخ و باوەڕە هاوبەشانەیە کە هەموو موسوڵمانان بەرەو یەکیەتی کۆدەکاتەوە)٢٢

هەروا لەسەردەمی ڕێبەرایەتی ئیخوان لەلایەن محەمەد مەهدی عاکیفەوە پەیوەندی نێوان ئەم دوو لایەنە بەرەو باشتربوون چوو بەتایبەتی کە ئیخوانەکانی میسر لایەنگیریی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێرانیان کرد. و لەمەبەولاوەتریش ڕۆیشتن و بەمافی ئێرانیان زانی کە چەکی ئەتۆمیش درووست بکات. بەڵام ئەم پەیوەندییە لەهەموو قۆناغ و ئاستەکاندا هەروا باش نەبووەو لەسەردەمی جەنگی نێوان ئێران و عێراق، ئیخوانەکان بەگشتی لایەنگری سەدام حوسێنیان دەکرد، دوای درووستبوونی شەڕی ناوخۆی سوریاش ئیخوانەکان، بەهاندان و دەست لەپشتدانی تورکیا بوونە بەشک لە ئۆپۆزسیۆنی چەکدارو درووشمی رووخاندنی ئەسەدیان کردە ئامانجی هەرسەرەکیان و ئەمەبووە هۆی ئەوەی جۆرێک لەساردی بکەوێتە ناو پەیوەندییەکانی نێوان بزووتنەوە ئیخوانیەکان و ئێران، بەتایبەتیش بزووتنەوەی حەماس، بەڵام هیچکات ئەم ساردییە نەگەیشتە لوتکەو لەبەر ئەوەی هەردوولا پێویستییان بەیەکترە وا جارێکی تر پەیوەندییەکان پەرەدەستێننەوە. یەکێک لە خاڵی هاوبەش کە پتر لەیەکتر نزیکیان دەکاتەوە،

**گرفتی هەرەسەرەکی نێوان ئیخوان و عەرەبستان، پرسی ڕێبەرایەتیکردنی جیهانی ئیسلامە**

دژایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردە. ودوای ئەویش کێشەی هەردوو لایانە لەگەڵ عەرەبستانی سعودی. دیارە کە پەیوەندی ئاڵۆزو پڕ لەکێشەی نێوان ئێران و عەرەبستان، لەدەرەوەی ئەم باسەیە، پەیوەندییەکانی ئیخوانیش بەم وڵاتەوە چەندێک هەورازو نشێوی تێدایە.

(ساڵی ١٩٤٦ حەسەن بەننا دەچێتە حەج و وەک هەوڵدانێک بۆ کردنەوەو دامەزراندی ئیخوان لەو وڵاتە لەوێ چاوی بەنوێنەرانی ئیخوان لەوڵاتانی فەلەستین، سوریا، مەغرب، سودان، هیند... دەکەوێت و گوتاریان بۆ دەدات. بەڵام دامەزراندنی ئیخوان لەعەرەبستان هیچکات سەرکەوتوو نەبوو. چونکە لە عەرەبستان درووستکردنی هەر ریکخراو، کۆمەڵ، و پارتێک قەدەغەو ریگا پێنەدراوە)٢٣. بەڵام گرفتی هەرەسەرەکی نێوان ئیخوان و عەرەبستان، پرسی ڕێبەرایەتیکردنی جیهانی ئیسلامە، عەرەبستان، بەحوکمی ئەوەی پێگەی یەکەمی سەرهەڵدانی ئیسلام و زێدی پەیامبەرو کەعبە کەلەو وڵاتەیە خۆی وەک میراتگری خەلافەت و مەرجەعی هەرەگەورە دەبینێت. لەکاتێکدا ئیخوان دەسەڵاتدارانی عەرەبستان وەک تایەفەیەکی دەسەڵاتدار دەبینن. لەبەرابەردا ولە بەر تیشکی بیروباوەڕەکانی حەسەن بەنادا خۆیان بەخاوەن پرۆژەیەکی تۆکمەو تەواو، و شایستەی ئەم ڕۆڵە دەزانن. وبەگشتیی ئیخوان کەسی قبوڵ نییە. و لەگشت پەیوەندییەکانیدا هەوڵ دەدات لە پێگەی براگەورەیی و هەژموونگەراییەوە مامەڵە لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا بکات، و بێگومان دەرەوەش بەچاوی گومانەوە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ بزووتنەوە ئیخوانیاکاندا هەڵدەسەنگێنێت.. لەگەڵ ئەوەشدا لەقۆناغی جۆراوجۆردا گەرموگوڕیش هەبووە لەپەیوەندیی نێوان ئەم دووانەدا. و ئەوەی کە دواجار پەیوەندی نێوان ئەم دووانەی تێکدا، لایەنگری ئیخوان بوو بۆ داگیرکردنی کوەیت لەلایەن سەدام حوسێنەوەو

ئیخوانەکان بەردەوام لەبەرەی سەدامدا بوون. ئەوکات عەرەبستان تەواوی ئەو رێبەرە ئیخوانیانەی دەرکرد کە لەو وڵاتە بوون و تەواوی کۆمەکە داراییەکانیشی راگرت. لەوەبەدوا ئیخوان لەو ئاستەدا نەبووە کە مەترسی بۆ سەر عەرەبستان دروست بکات، تائەوەی ساڵی ٢٠١٢ لەهەڵبژاردنەکانی میسر ئیخوان سەرکەوتنی بەدەستهێناو دەسەڵاتی گرتە دەست. و ئەم رووداوە سیاسییە عەرەبستانی بەجۆرێک ترساند کەهەموو هەوڵێکی خۆی خستەگەڕ تا شکەستیان پێ بهێنێت. و کاتێکیش بەسەرکردایەتی عەبدولفەتاح سیسی لەسەرکارلابران، عەرەبستان تەواوی قورسایی خۆی گستەگەڕ بۆ پاڵپشتی سیسی و هەرچی زۆرتر لاوازکردنی ئیخوان، و ئیتر لەساڵی ٢٠١٤وە ئیخوان لەناو لیستی تێرۆری عەرەبستانی سعودی دایە، و ئەوەش کەپتر بەردەوامی بەدژایەتیکردنی ئیخوان لەلایەن عەرەبستانی سعودیەوە بەخشی، پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی نێوان عەرەبستان و قەتەر بوو، کە قەتەر وەک گەورەترین پاڵپشتی ئیخوان لەرووی ماڵی و سیاسییەوە دەناسرێت و عەرەبستان ئەو پاڵپشتیەی بە دوژمنایەتیەکی ئاشکرا بۆسەر خۆی لەقەڵەمدا.

بەمجۆرە ئەمڕۆ بزووتنەوەی ئیخوان، بە هەردوو وڵاتی تورکیاو قەتەریشەوە لەجیهاندا ناشیرین و ناخۆشەویستن. و لەراستیدا جگە لەخۆیان هیچ دۆست و پاڵپشتێکی راسەقینەیان نییە و ئەوەی هەیە لە پەیوەندی روکەشانەی سیاسی و تاکتیکی کە چاوەڕوان دەکرێت هەر لەحزە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت.

## ئیخوان لەکوردستان:

> **بەڵام یەکگرتوو هەر لەسەرەتاوە هەوڵی داوە ئاوێتە بوونێک لە نێوان بنەما سەرەکییەکانی ئیخوان و پراگماتیزم دروست بکات.**

دیرۆکی دروستبوونی ئیخوان دەگەڕێتەوە ساڵانی پەنجاو شەستەکانی سەدەی رابردوو لە باشووری کوردستان، سەرەتا لەبواری ئاینییدا پتر چالاکی دەنواند تائەوەی لەهەشتاکانی سەدەی رابردوودا بزووتنەوەی ئیخوان لەژێر ناوی بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق بەرێبەرایەتی مەلا عوسمان عەبدولعەزیز، و بەپاڵپشتی کۆماری ئیسلامی ئێران، راگەیەنرا و پەرەی بەکارو چالاکی مەزهەبی، سیاسیی، چەککداریی خۆی دا. بەڵام ئەم بزووتنەوەیە هیچ کات سەقامگیریی ناوخۆیی بەخۆیەوە نەدیتووەو بەردەوام لە پارچەبووندا بووە. لەبەرئەمە دەتوانین بڵێین تەواوی پارت و رێکخراوە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆی باشووری کوردستان ریشەیەکی ئیخوانیان هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەی ئەمڕۆ وەک ئیخوان موسلمین لەباشووری کوردستان دەناسرێت، یەکگرتووی ئیسلامییە، وتەواوی ئەم بزووتنەوانە جگە لە یەکگرتوو، بە قۆناغی چەکداریدا تێپەڕیون و بەئاستی جۆراوجۆر، توندوتیژیی و تێرۆریان پەیڕەوکردووە. بەڵام یەکگرتوو هەر لەسەرەتاوە هەوڵی داوە ئاوێتە بوونێک لە نێوان بنەما سەرەکییەکانی ئیخوان و پراگماتیزم دروست بکات. و لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەخاڵێکی سەرەکی لەمڕووەوە بکەین کەلەهەمان کاتدا خاڵی جیاوازییەتی لەگەڵ بزووتنەوەکانی تری ئیخواندا، ئەویش بریتییە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دوو چەمکی تەکفیرو جیهاد لە بەرنامەی سیاسیی خۆیدا، و باوەڕهێنان بەوەی بڵاوکردنەوەو پاراستنی ئایینی ئیسلام مەرج نییە لەرێگای تەکفیر و جیهادێکەوە بێت کەبەجەنگ وتوندوتیژیی کۆتایی بێت. بەڵکو دەکرێت بەشێوازی ئاشتیانە و دوور لەتوندوتیژیش بەئاکام بگات. و خاڵێکی تریش کە یەکگرتوو وەک شانازییەک توانیوەتی بەنسیبی خۆی بکات، ئەمەیە کە هیچکات نەچۆتە ژێر باری ئەوەی بەهاندانی وڵاتانی هەرێمی و بەتایبەتیش تورکیا، دژایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد لەباشوور یان لەپارچەکانی تری کوردستاندا بکات و لەمڕووە نەک هەر یەکگرتووی ئیسلامیی بەڵکو بەم ساڵانەی دوایی، تەواوی بزووتنەوە ئیسلامییەکانی تر، هەڵوێستیان لەپارتی دیموکراتی کوردستان باشربووە، کەبەردەوام سەرەنێزەی پلان و پرۆژەی دەوڵەتی تورک بووە. و تەنانەت دوای ئەم شکەستە گەورەیەی دوابەدوای

پرۆسەی ریفراندۆم بەسەر کوردستاندا هات و لادانی پەردە لە سەر هەڵوێستی دوژمنکارانەی دەوڵەتی تورک سەبارەت باشووری کوردستان و خودی پارتی دیموکراتی کوردستانیش، کەچی هێشتا پارتی هیواکانی خۆی هەر لەسەر گێڕانەوەی پەیوەندییەکانی بە تورکیای ئاکەپەوە هەڵدەچنێت.

دەربارەی هەبوونی ئیخوان لەپارچەکانی تری کوردستاندا، بێگومان دەبێ ئاماژە بەباکوری کوردستان بکەین کە بریتییە لەهەبوونی ئیخوان لە بەرگی ئاکەپەدا. کە وەک بەهێزترین پێگەیەکی ئیخوانی دەژمێردرێت لەسەرتاسەری کوردستاندا. ئەمەش دووهۆکاری هەیە: یەکەم: بوونی ئاکەپە لەسەردەسەڵاتدا ئەو بارودۆخەی دروستکردووە کە بەشێوازی یاسایی و نایاسایی، پەرە بەخۆی بدات، و ئاسانکاریی مادیی ومەعنەوی و یاسایی وای درووستکردووە کە بتوانێت فراوان بێت و پەرەبستێنێت. دووەم: هەڵخەڵاتانی خەڵک لەوانەی سوننەی مەزهەبین بە ئاکەپە کە گوایە نوێنەرایەتی ئیسلام دەکات. ئیتر یان لەپێناوی بەرژەوەندیی مادیی، ویانیش هەڵخەڵەتان. ئاکەپە توانیویەتی پێگەیەکی تائاستێک بەهێز بۆخۆی درووست بکات. بەڵام گومانێک لەمەدا نییە، کە ئەم دۆخە کاتییەو هەرگۆڕانکارییەک لە لوتکەی دەسەڵاتدا لەتورکیا، دەبێتە هۆی درووستبوونی گۆڕانکاریی لەکوردستانیشدا ولەمەش گرنگتر وکاریگەرتر پەرسەندنی هەرچی زۆرتری خەباتی ئازادیخوازیانەی کورد و رێبەرایەتییە سیاسییەکەیەتی کە لەئاکامدا شکەست بەئاکەپە دەهێنێت و پەردەی درۆی ئیخوانی کوردی و تورکی لەبەرگی ئاکەپەدا هەڵدەداتەوە.

**هەندێ نموونەی ئیخوان، بەسەرپێچی واقیعی یان رواڵەتی لەوبنەمایانە، چ وەک ناچاریی و تاکتیکێکی سیاسیی، یانیش لەرووی باوەڕەوە، بوون بە بەشێک لە پرۆسەی سیاسیی و شێوازی هێمنانەی سیاسییان هەڵبژاردووە**

جگە لەم دووبەشەی کوردستان ئیخوان بوونێکی ئاشکراو یاسایی لە دووبەشی رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستاندا نییە. لەرۆژهەڵاتی کوردستان لەروی یاساییەوە هەربزووتنەوەو پارتێک لەدەرەوەی سیستەم قەدەغەیە و جگە لەوەش هیچ پرد و پەیوەندییەکی فکریی و فەرهەنگیی لەنێوان کوردی ئەم بەشەو ئیخواندا نییە تابەیەکەوە خرپیان بکاتەوە. ئەگەر هەشبێت، بەرتەسکە و بەئاستی تاک سنووردارە.

بەڵام لەرۆژئاوای کوردستان، کە بزووتنەوەی ئازادییخوازی کورد خاوەن باڵادەستییە، ئیخوان جێگای نابێتەوە و ئەگەر هەندێ تاک لێرو لەوێ هەشبن لەوەی بریتی بن لە کاسەلێسانی ئاکەپە شتێکی ترنین.

**ئاکەپە فۆرمی هەرەخراپی ئیخوان:**

لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو رێکخراو وبزووتنەوە ئیخوانییەکان پەیڕەوی لەیەک بنەما دەکەن، بەڵام بەوپێیەی سیاسەت هونەری سوودوەرگرتن لەتواناکانە و بەسوودوەرگرتن لەئەزمون و واقیعگەرایی، فێربوون چۆن خۆیان لەگەڵ سەردەم و قۆناغە نوێکاندا بگونجێنن. وەهەرچەندە ئیخوان بۆخۆی وەک بنەمایەکی سەرەکیی، دژە دیموکراسیی و سیستەمی پارتایەتیی و هەرجۆرە بەرهەڵستکارێکە، بەڵام هەندێ نموونەی ئیخوان، بەسەرپێچی واقیعی یان رواڵەتی لەوبنەمایانە، چ وەک ناچاریی و تاکتیکێکی سیاسیی، یانیش لەرووی باوەڕەوە، بوون بە بەشێک لە پرۆسەی سیاسیی و شێوازی هێمنانەی سیاسییان هەڵبژاردووە.

ساڵی ٢٠١١ بزووتنەوەی نەهزە لەتونس کە سەر بە ئیخوانە لەیەکەمین هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی دوای رووخانی رژێمەکەی زەینوالعابدین بن عەلی زۆرینەی بەدەستهێناو لەگەڵ دووپارتی سکولاردا کوالیسیۆنی پێکهێنا. و ساڵی ٢٠١٤ لەگەڵ ئەوەدا کە خاوەنی زۆرینەی پەرلەمانی بوو بەڵام هیچ کەسێکی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت دەستنیشاننەکرد ، و بەگشتیی ئیخوان لە تونس نموونەیەکی باشیان

لەخۆیان نیشانداوە. هەروا لە وڵاتی مەغریبیش پارتی دادوگەشەپێدان کە دیسان بزووتنەوەیەکی ئیخوانییە ساڵی ٢٠١٢ لەهەڵبژاردنەکانی ئەم وڵاتەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و حکومەتێکی نوێی بەسەرۆکایەتی عەبدولئیلا بنکیران پێکهێناو، ئەوەی کە جێگای ئاماژەیە دوای لەسەرکارلابردنی محەممەد مرسی لە میسر و دەستبەکاربوونی عەبدولفەتاح سیسی، بەپێچەوانەی بزووتنەوەو رێکخراوە ئیسلامیەکانی تر، ئەم پارتە خۆی لەکاروباری میسر هەڵنەقورتاندو بەڵکو وەزیری دەرەوەی مەغریب کە سەر بەئیخوانە بروسکەی پیرۆزبایی بۆ سیسی لێدا. هەروا لەئوردونیش بزوونەوەی ئیخوان وەک پارتێک بەشێوازی یاسایی لەناو پرۆسەی سیاسییدایە. لەپاڵ ئەم نموونە میانڕەوانەدا، چەندان نموونەی توندرەویش لەئارادان وەک لیبیا، سوریا، میسر... بەڵام لەهەموو ئەم نموونانە خراپتر ئیخوانی تورکی کە هەمان پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکەپە) و رێبەرەکەی ئەردۆگانە. کە ئەمڕۆ وەک بەهێزترین حزبێکی ئیخوانیی دەسەڵاتی لەدەستدایە و بەهاوکاری قەتەر کە دابینکەریی ماڵی بزووتنەوە توندڕەوە ئیخوانییەکانە، ناوەند و رێبەرایەتی ئەم بزووتنەوەیە پێکدەهێنن.

ئەمڕۆ ئاکەپە تەواوی خەسڵەتە نادیموکراسییەکانی ئیخوان و بەوشێوازەی حەسەن بەننا رێنوێنی کردبوو، پەیڕەو دەکات. حەسەن بەنا دەڵێ: (ئیسلام دان بە سیستەمی پارتایەتییدا نانێت وپێی رازی نییەو قبوڵ نییە)٢٤. هەروا ئیخوان بەتایبەتی مۆدێلە میسری و تورکیەکەی لەریشەوە باوەڕی بە فرەحزبی و هێزی بەرهەڵستکار نییەو حەسەن بەنا لەچەندان شوێن و بۆنەدا و بەشێوازی جۆروجۆر جەخت لەسەر ئەمەدەکاتەوەو دەڵێت:(هەموو هێزەکانی نەتەوە لە یەک حزبدا خڕبنەوە تا کار بۆ ئازادی و سەربەخۆییەکەی بکرێت، و بنەماگشتیەکانی ریفۆرم دابڕێژرێت، پاشانیش لەسایەی یەکیەتیەکدا کە ئیسلام دەیسەپێنێت ولەبەر تیشکی

> ئاکاپەو رێبەرەکەی بەچەندان شێوازی جۆراوجۆر دوو بنەمای سەرەکیی ئیخوان.

رووداوەکان، شێوازەکانی رێکخستن دارێژن)٢٥ لەنامەیەکیشدا کە ساڵی ١٩٣٨ بۆگشت پارتییە سیاسییەکانی میسری نووسیبوو داوادەکات کە (دەبێ نەتەوە سیستەمی تاکە حزبی پەیڕەو بکات)٢٦، ئەمڕۆ ئەمە بەئاشکرا لەسیاسەتی تورکیادا دەبینین کە ئەردۆغان پەیڕەوی دەکات و هیچ هێزو پارت و لایەنێکی بەهەڵستکار قبوڵ نییە مەگەر ئەوەی ببێتە هێزێکی لاوازی کارتۆنی یانیش لەژێر فەرمانی ئەودا بێت.

ئاکاپەو رێبەرەکەی بەچەندان شێوازی جۆراوجۆر دوو بنەمای سەرەکیی ئیخوان، دەعوە و جهاد پەیڕەودەکەن و باوەڕیان وایە وەک ئەرکێکی شەرعی ئەمە ئەنجامدەدەن. و ئەگەر کەمێک بەسەر خەون و خەیاڵەکانی ئەردۆگاندا بچینەوە، ئەوکات بۆماندەردەکەوێت کە ئەردۆگان دەیخواست سوود لەپەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئەوروپادا وەربگرێت و بانگەشەی دەعوەی ئیسلامی دەست پێبکات، بەڵام ئەوروپییەکان هەرزوو بەم یارییە کۆنەپەرستانەی ئەردۆگانیان زانی ودەربارەی جهادیش، هەتا دێت پتر ئەمە روونەدەبێتەوە، کەهاوکاریی نێوان تورکیاو گروپە تێرۆریستەکان شتێکی تاکتیکی نەبووە، وەک هەندێ وڵاتی تر، بەڵکو بەیەکگەیشتنێکی ئایدیۆلۆژیکی لەنێوانیاندا هەیە. و خواستەکانی داعش هەمان خواستیی تورکیاشە. ئەمە راستییەکە کەهەموو جیهان دەیزانێت. و هەر لەبەر ئەم راستییە دونالد ترامپ کە تازە هاتبووە سەرکارو بەدوور لە شێوازی دیپلۆماتیکیانە، قسەی دڵی خۆی دەکرد، چەندجار رایگەیاند کە دەخوازێت تەواوی بزووتنەوەکانی ئیخوان بخاتە ناو لیستی تێرۆرەوە، و لەگەڵ درووستبوونی ناکۆکییەکانی نێوان عەرەبستانی سعودی و قەتەر، عەرەبستان ئەم قسەیەی وەبیر ترامپ هێنایەوە، ترامپ وەڵامی دایەوە، کە چۆن ئەم کارە بکەن، ئیخوان لەهەندێ وڵات دەسەڵاتیان لەدەستدایەو سەرکۆماریان هەیە! لەمەشیاندا ترامپ راستەوراست مەبەستی تورکیاو ئەردۆگان بوو، ئەم وەڵامەش بەهیچ جۆرێک دڵی ئەردۆگانی خۆش نەکرد چونکە واتای ناوەرۆکی وەڵامەکە ئەمەبوو کە دەخوازێ بڵێت: (ئێمەش دەخوازین، بەڵام ئەم کارە لەم قۆناغەدا راناپەڕێنرێت) ئەمەش لەگەڵ

ئەوەدا کەجەختکردنەوەیە لەسەر تێرۆریستبوونی ئاکەپە، تەنیا کارەکە بۆ کاتێکی تر هەڵدەگرێت. ئەمەش جێگای تێگەیشتنە، چونکە تورکیا ئەندامی ناتۆ، و کۆنسەی ئەوروپایە، وپاڵێوراوی یەکیەتی ئەوروپاش و خاوەن تۆڕێکی مەزن و ئاڵۆزی ئابووریی بازرگانی و ماڵییە و ئەگەر بخرێتە ناو لیستی تێرۆرەوە، دەبێ هەڵوێستیشی لەبەرانبەردا وەربگرن، کەئەمەش ئاکامی خراپتری لێدەکەوێتەوەو لەم قۆناغەدا دەخوازن جارێک بە ترساندن و جارێکی تریش بەقسەی خۆش لەشوێنی خۆیدا رایگرن و پێش بە ئاکامە خراپەکان بگرن.

ئەگەر تورکیا لەگەڵ تەواوی بزووتنەوە ئیخوانییەکانی جیهان بەراورد بکەین، بە ئاکامێک دەگەین کە ئاکەپە خراپترین فۆرمی ئیخوانە. بەتایبەتی لەبواری نواندنی توندوتیژیی و پەیڕەوکردنی تێرۆر دەبینین لە کاتێکدا کە ئەم بزووتنەوەیە بەگشتیی پشتیوانەیەکی ئایدیۆلۆژیکی سەبارەت بە پەیڕەوکردنی تێرۆر هەیە، بەڵام لەخراپترین فۆرمەکانیشیدا کە نموونە میسری و سورباییەکەیەتی بەشێوازێکی سیستەماتیک و بەردەوام تێرۆری پەیڕەونەکردووە، و گەلێک جار نواندنی توندوتیژیی و پەیڕەوکردنی تێرۆر لە لایەن ئیخوانەوە، وەڵامدانەوەیەک بۆ پەلاماری دەسەڵاتی سیاسیی لەو وڵاتانەدا بووە. و تەنانەت ئەو جارانەش کە پەیڕەوکردنی تێرۆر وەک هەڵبژاردەیەک، بەپێی خواستی ئەم یان ئەو رێبەری ئیخوانی بووەو بەدەستپێشخەریی و باوەڕی خۆیان و لەئاکامی باوەڕی ئایدیلۆژیکیان بووە، دیسانیش لەسەر ئاستێکی فراوان نەبووەو ناوبانگی زۆربەی کردەوە تێرۆریستییەکانی ئیخوان پتر لەبەر ئەمە بووە کەدژی لوتکەی هەرەبەرزی دەسەڵات بووە. بەواتایەکی دیکە مەترسی ئیخوان پتر لەبەر لایەنە ئایدیۆلۆژیکیەکەیەتی. بەڵام ئەو ئیخوانەی لەبەرگی ئاکەپەدا لەتورکیا دەسەڵاتداری و حوکمی لەدەستدایە بەشێوەیەکی رەها خراپترین

> ”لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەردۆگان ئەو سەرکردە بەپرەنسیپ و خاوەن هەڵوێستە نییە، کە حسابی لەسەر بکرێت.

و درندەترین فۆرمێکی تێرۆریستی ئەم بزووتنەوەیە. چونکە سەرەڕای ئەوەی تێرۆری ئیخوانی ئاکەپەیی پشتیوانە ئایدیۆلۆژیکیەکەی هەیە، بەکردەوەش و لەسەر گشت ئاست و بوارەکانی سیاسیی، کۆمەڵایەتی، ئابووریی، فەرهەنگی، پسکولوژیی پەیڕەودەکرت، جیاوازییەکی گرنگیشی لە گەڵ شێوازەکانی تری تێرۆریزمی ئیخوانیدا هەیە، کە ئەمەیان تێرۆری دەوڵەتە و بەیاسا مەشروعیەتی پێ بەخشراوە. گشت ئەم یاسایانەش پتر لەوەی لەچوارچێوەی ستانداردە نێودەوڵەتیەکاندا بن لە فتوای رێبەرە شەرعیەکانی داعش دەچن. هەر لەبەر ئەمەیە کە تەواوی جیهان بەترس و گومان و هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ تورکیادا دەکەن، بەتایبەتیش کە رەفتارەکانی ئەردۆگان ئەمە دەسەلمێنن، کە ئەو وەک سەرکردەیەکی سیاسیی هاوچەرخ بیر ناکاتەوەو هیچکاتیش ناتوانێت وەهای لێبێت. چونکە لەخەون و خەیاڵێکدا بەسەردەبات کە سوڵتانێکی عوسمانییە و ئیمپراتۆریایەک بەڕێوەدەبات کە جیهان لەبەری دەلەرزێت! دەمێک روو لەئەمەریکا دەکات و دەڵێت، تورکیا هەر خواستێکی هەبێت دەبێ یەکسەر بۆی جێبەجێ بکەن، و دەمێکی تریش هەڕەشە لەئەڵمانیا دەکات بەوەی سیاسەتەکانی مایەی خۆکوشتنن، و یانیش خەونێک دەبینێت کە لەماوەی چەند رۆژدا باکوری سوریا کۆنترۆڵدەکات، یان حەڵەب و موسڵ و کرێما.. دەگێڕێتەوە بۆ تورکیا... هەرجارەش وەک باڵۆنێکی کون پووچدەبێتەوە، و هێشتاش بێدار نابێتەوە.

ئەمڕۆش ئەگەر دیرۆک و ئێستا و داهاتووی ئەم بزووتنەوەیە بخەینە ژێر زەڕەبینی هەڵسەنگاندنەوە، دەبینین لە راپەڕینەکانی ناسراو بەبەهاری عەرەبیدا بەلوتکەی هەرەبەرزی خۆی گەیشت و بەشکەستهێنانی گشت پرۆژە ئیخوانییەکان لە میسر و تونس و سوریاو لیبیا... و بە لاچوونی دەمامکی ساختەبازانەی ئاکەپە، کە بەپشتیوانی تێرۆریزمی داعش و هاوشێوەکانی و شکاندنی گشت ئەو هیوایانەی سەبارەت چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا لەئارادابوون ... بەرەو لێژیەو هەرچەندە هێشتا زووە تا باس

لەکۆتاییهاتن و شکەستهێنانی یەکجارەکی ئەم بزووتنەوەیە بکەین و هەلومەرجی بەردەوامبوونەکەی هێشتا و تا چەندان دەهەی تریش لەئارادایە. بەڵام دەتوانین کە بەدڵنیاییەوە، شکەستی پرۆژەکەی و بەتایبەتیش نوسخە ئەردۆگانیەکەی بەرۆشەنی ببینین. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەردۆگان ئەو سەرکردە بەپرەنسیپ و خاوەن هەڵوێستە نییە، کە حسابی لەسەر بکرێت، بەڵکو مرۆڤێکی ڕاڕاو، هەلپەرستە و لەماوەی ئەم چاندساڵەی حوکمڕانیەکەیدا دیتمان چۆن سەبارەت عێراق، ئێران، سوریا، ئیسرائیل، روسیا، ئەمەریکا، ئەوروپا... هەر رۆژە سیاسەتێک و هەڵوێستێک پەیڕەودەکات، کەئیتر جێگای باوەڕو متمانەی هیچ کەسێک نییە. و راستە کە زۆرجار لە کوچەوکۆڵانە پێچاوپێچ و تاریکەکانی سیاسەتدا راست ودرۆ، باش وخراپ، حەق وناحەق... ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت وبەوجۆرەی لەواقیعی خۆیاندا هەن نیشاننادرێنەوە و لەتارمایی و تەمومژدا دەشێوێندرێن. بەڵام یەک شت گەلێک رۆشەن وئاشکرایە ئەویش ئەمەیە کە لەم جیهانەدا تاسەر جێگای پاشڤەڕۆیی ئاکەپەی تێدا نابێتەوە.

سەرچاوەکان


١- سلامە موسی، الیوم الغد، المطبعة العصریة، القاهرە ١٩٢٨

٢- بین القبعة والطربوش فی الجیش، برقیة حسن البنا، المرشد العام للأخوان المسلمین الی رئیس ١٩٣٨الدیوان الملکی)، مجلة النذیر الأسبوعیة ٢٠-٢-١٥ جمادی الأول ١٣٥٨هـ ص٢١

٣- حسن البنا، خطواتنا الثانیة، مجلة النذیر. ربیع الأول/١٣٥٧هـ

٤- وتاری هەینی لەلایەن حەسەن بەنناوە ٣٠-ینایر-١٩٤٧ بڕوانە: دکتر ابراهیم البیومی غانم، الفکر السیاسی للأمام حسن البنا، مدارات للأبحاث والنشر، الطبعة الأولی، جمهوریة مصر العربیة-٢٠١٢ ل٢٥٥

٥- حسن البنا، معرکة المصحف: أین حکم الله؟ جریدة أخوان المسلمین الیومیة ٧٢٧-٣-٧ رجب١٣٦٧ . ١٦- مایو-١٩٤٨

٦- (لأخوان المسلمون، تاریخ من الدم والأرهاب،- ملفات خاصة) البوابه نیوز ٢٤ ابریل -٢٠١٧

٧- هەمان سەچاوە.

٨- حسن البنا، السلام و حکمه مشروعیة القتال فی الأسلام. مجلة الشهاب. العدد الرابع. فبرایر ١٩٤٨

٩- حسن البنا، فی سبیل الکرامة، جریدة أخوان السلمین الأسبوعیة ٥-٤-٢١ صفر ١٣٥٥-١٢-مایو-١٩٣٦

١٠- حسن البنا، فن الموت، جریدة أخوان المسلمین الیومیة، ٩٠-١-١٩ رمضان ١٣٦٥-آغسطس ١٣٤٦

١١- حسن البنا، هذه الثلاثة من ارکان الأسلام: الدولة والقومیة والعلم مجلة التعارف-٤-٥، محرم ١٣٥٩- مارس ١٩٤٠

١٢- بڕوانە: محمد عبده، الأسلام والنصرانیة، ص١٣٤-١٣٥

١٣- بڕوانە: دکتر ابراهیم البیومی غانم، الفکر السیاسی للأمام حسن البنا، مدارات للأبحاث والنشر، الطبعة الأولی، جمهوریة مصر العربیة-٢٠١٢ ل٢٠٤

١٤- بڕوانە: دکتر ابراهیم البیومی غانم، سەرچاوەی پێشوو ل١٠٣

١٥- حسن البنا، خواطر فی ترجمة قرآن الکریم. جریدة الأخوان المسلمین الأسبوعیة. ٢٩/محرم/ ١٣٥٥، ١٩٣٦/٤/٢١

١٦- بڕوانە: مصطفی السباعی، المرأة بین الفقه والقانون. بیروت- دمشق، المکتب الأسلامی، الطبعة السادسة ١٩٨٤ ص١٥٥-١٦١

١٧- حسن البنا، المرأة المسلمة، مجلة المنار العدد:١٠مجلد:٣٥

١٨- حسن النبا، وحی رمضان، کیف أنصف القرآن المرأة؟ بڕوانە: دکتر ابراهیم البیونی، سەرچاوەی پێشوو. ل٣٣٧

١٩- حسن البنا، المرأة المسلمة، مجلة المنار ١٠-٣٥

٢٠- دکتر ابراهیم البیومی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦

٢١- حسن البنا، نظرات فی کتاب الله، تفسیر سورة التوبة، جریدة الأخوان المسلمین الأسبوعیة،-١٧٥- ٢٥/ ذوالحجة/١٣٦٧، ٨/نوفمبر/١٩٤٧

٢٢- یوسف قاضی زادە، رابطە اخوان المسلمین با انقلاب اسلامی، مجلە الکترونیکی تبیان-١٣٨٩/١١/٢٠

٢٣- بۆ زۆرتر زانیاری، بڕوانە: د. أسحاق موسی الحسینی، الأخوان المسلمون کبری الحرکات الأسلامیة الحدیثة. دار بیروت للطباعة والنشر-١٩٥٢ ص١٣٧

٢٤- بڕوانە: دکتر ابراهیم البیومی غانم، سەرچاوەی پێشوو ل٢٩٧

٢٥- هەمان سەرچاوە ل٢٩٨

٢٦- حسن البنا، مجلة النذیر، ٣-١، ١٤/ربیع آخر/١٣٥٧

# هەندێك لەتایبەتمەندییە نوێیەکانی هەڵمەتی سۆسیالیستی لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا

ئازادیی کۆمەڵگە

ئامادەکردنی: خەبات هەولێر

واتادارترین وەڵام بۆ ١ی مایس کە بۆتە کولتوور و دابونەریتێك و رۆژی یەکێتی و هاوکاری و تێکۆشانی چینی زەحمەتکێش، ئەوەیە کە سەبارەت بە وەڵامدانەوەی پێداویستیەکانی تێروانینی جیهان و پراکتیزەکردنی تایبەت بەم چینە، خاوەنی هەڵوێستێکی بنچینەیی و ئاشکرا و بەبڕیار بین. گەیشتن بەهێزی بەرجەستەکردن و بەدیهێنانی ئەمەش وەکو ئەرکێك رووبەڕوومان دەبێتەوە.

یادکردنەوە و پیرۆزکردنی ئەم رۆژە بەشێوەیەکی واتادار و رێ و رەسمی چڕ و پڕی جەماوەری و بەخشینی واتایەکی تۆکمە و پوخت؛ پێویستیەکی دەست لێبەرنەدراوە بۆ سەرخستنی ئەم ئەرکە و بۆ ئەو رەوشەی کە دوای هەڵوەشانەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراو هاتە ئاراوە و خواستیان سۆسیالیزم لەبەرچاوان بخەن و بێواتای بکەن. کاتێك ئەمە ئەنجام دەدەین هەروەکو چۆن کێشە سەرەکییەکانی تایبەت بەمرۆڤ دەبینرێت، ئەوا ببینی رێگا چارەی ئەم کێشە مێژوویی و رۆژانەییە و بەدیهێنانی هێزی پراکتیزەکردنی هیچ گرنگییەکی خۆی لەدەست نەداوە و، بەڵکو رۆژ بەدوای رۆژ زیاتر دەرکی پێدەکرێت و دەکەوێتە پێشەوەی هەموو ئەرکەکان و، تەنانەت دەکەوێتە پێشەوەی هەموو ئەو ئەرکانەی کە بەکاری بەپەلە و دوانەخراو لەقەڵەمی دەدەین.

بێگومان هەڵوەشانەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراو کێشەکانی سەرمایەداری کەم نەکردۆتەوە، یاخود بەواتای سەرکەوتنی سەرمایەداریش نییە، هەروەکو بانگەشەی بۆ دەکرێت. بەپێچەوانەوە باری زۆر گرانتر بووە و رووبەڕووی کێشەی هێندە سەختی کردۆتەوە کە ناتوانێ بەرگەی بگرێ و لەبن باری دەربکەوێ.

باس لەوە دەکرێت کە لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا سەرمایەداری بەشێوەیەك نیشانەکانی پووکانەوە و رزینی نیشانداوە، لەگەڵ هیچ قۆناخێکدا بەراورد و پێوانە ناکرێ و تەنانەت گەشبینترین شیکەرەوە و بیریاران دەتوانن باس لەوە بکەن کە مێژوو وەستاوە. لەوانەیە هەندێکیان بڵێن:» سەرکەوتنی یەکجارەکی سەرمایەدارییە « بەڵام تەواوی نیشانە و سەرەداوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەم رەوشە نزیك لەقیامەتە و وەکو راستینەیەك پەسندی دەکەن. بەمجۆرە مرۆڤایەتی خستە نێو ئاستێکی مشەخۆری وەها کە هاوتای نەبینراوە، لەمیانی پێشبڕکێ و خێرایی بوونێکی بەمجۆرە هەناسەی لەبەرمرۆڤایەتی بڕی و خستیە نێو رەوشێکەوە کە پێشبینی و مەزندەی ئەوە نەکرێ خۆی لەکوێ دەبینێتەوە و چۆن لەنێو دەچێ. بناخەی رەشبینی و تەنگژە ئەمەیە.

بەشێوەیەکی گشتی تەواوی چینە چەوسێنەر و فشار هێنەرەکان بەتایبەتیش بێ بەزەییانەترین چین کەسیستەمی سەرمایەداری . بۆرژوازی پشتی پێدەبەستێت، هەرچەندە شێوە و روخساری خۆی گۆڕیبێت، بەڵام هەر لەزوووەوە کەوتۆتە نێو رەوشێك کە بۆتە بەڵا بەسەر کۆمەڵگەوە.

گەلێك جار دەگوترێ کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر شۆڕشێك بوو بەرلەکاتی خۆی واتە پێشوەختە لەدایك بوو، هەربۆیە رێگای لەپێش شێوەیەکی سۆسیالیزمی وەها کردەوە کە لەسەربنەمای پێکهاتەی نەخۆش بونیاد بنرێ و لەهەڵوەشانەوە رزگاری نەبێت.

دەتوانین ئەم راستینەیە لەسەر ئەو شۆڕشانەش پەیڕەو بکەین کە لەقۆناخە کۆن و دوورەکانی مێژوودا روویانداوە. لەهەر سەراوبن بوونێکی گرنگ یاخود شۆڕشێکدا ئەو چینەی کەم.زۆر پێکهاتەی سەرەکی دەسەڵاتێکی شۆڕشگێڕی پێکدێنێت، ئەو چینەیە کە لەنزمترین ئاست و سەختترین هەلومەرجدا کاردەکات. کۆیلەکان و دواییش جوتیار، دوای ئەمەش کارکەران و چینی زەحمەتکێشن کە رووخساری خۆیان گۆڕیوە.

هەروەکو دەزانین چینە باڵادەستەکانیش لەمیانی گۆڕینی روخساردا تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان هاتوون. سیستەمی سەرمایەداری . ئیمپریالیستیش لەمیانی بەکارهێنانی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و راگەیاندن و بڵاوکردنەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو و سیستەماتیك شەڕێکی سایکۆلۆژی، ئایدیۆلۆژی، کولتووری پەیڕەو کردووە و راستینەی چینەکانی شێواندووە و خستوونیەتە نێو رەوشێك کە ناتوانن ململانێ و تێکۆشان بکەن. هەروەها لەمیانی ئەو هێرشەی دەیکاتە سەر کۆمەڵگە هەناسەی لەبەربڕیوە و ئەم شاڵاوەی خۆی پەیڕەو دەکات.

شتێکی سەیرە؛ لەڕابردوودا چینە باڵادەستەکان لەمیانی چەکی ئاگرین و بۆمباکانەوە هەوڵیاندەدا چۆك بەکۆمەڵگەکان دابدەن، وەلێ لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا پێویستیان بەمجۆرە شەڕە نییە، لەجیاتی ئەمە شەڕی دەروونی، ئایدیۆلۆژی و کولتووری زۆر کاریگەر بووە. ئەو تەکنەلۆژیایەی کە لەئاراشدایە دەرفەتێکی مەزن بۆ ئەمە دەڕەخسێنێ. لەڕەوشێکی بەمجۆرەدا جیاوازی چینەکان تێکەڵ بەیەك دەبێت و لەمیانی ئەمەشدا دەرفەت دەڕەخسێ کە هەموو شتێك بەشێوەیەکی زۆر ورد بەفێڵبازی و چەوەساندنەوە و فشارێکی شاراوە

> ”
> **کۆمپانیاکانی راگەیاندن و بڵاو کردنەوە کە بەئیمپراتۆریەتی "میدیا" راگەیاندن ناوزەد دەکرێ، لەحکومەت زیاتر بەدەسەڵاتن و بەشێوەیەکی مەترسیدار کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات و ئاراستەی دەکات.**

بکەوێتە ژێر فەرمانی چینێك.

کاتێ لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لەچوارچێوەی سنووری ئاشکرا و نەخشە بۆکێشراودا باس لەچینێك ناکەین، یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی ئەوەیە کە ئاماژەمان پێکرد. لەڕاستیدا هەرچەندە مەسەلەی رەنج و ئەو چینەی سەرچاوەی خۆی لێوە دەگرێت، دووچاری گۆڕانکاری شێوە و ناوەڕۆك هاتبن، وەلێ دیسان چینی زەحمەتکێشن. بەڵام پێویست دەکات چینی باڵادەست بەشێوەیەکی باش و تەواو پێناسە بکرێت کە زێدەتر شێوەی خۆی گۆڕیوە و بەواتایەك خۆی گشتگیر کردووە و بۆ نێو تەواوی کۆمەڵگە تەشەنەی کردووە.

پێناسە کۆنەکانی لەجۆری: خاوەن کۆیلەکان ( کۆیلەدارەکان )، خاوەن زەویەکان (ئاغاکان)، خاوەن کارگەکان (سەرمایەدارەکان ) بەش ناکات و نابێتە وەڵام، هەروەها زاراوەکانی بۆرژوازی . ناوین، بۆرژوازی . بچووك یش بەش ناکات. ئەگەر بمانەوێ باش لەسۆسیالیزم تێبگەین، پێویست دەکات لەسەربنەمای لەبەرچاوگرتنی ئەو واقیعەی کە لەئارادایە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی چینەکان ئەنجام بدرێت. بەتایبەتیش لەوڵاتێکی وەکو تورکیا ئەگەر هەر لەسەرەتای ئاواکردنی رژێمەوە بڵێین « ئێمە گەلێکی بێ چین و بێ جیاوازین « و هەنگاوی سەرەتا لەمیانی ئایدیۆلۆژیایەکی بەمجۆرە هاوێشترا بێ، ئەوا ئەم رەوشە نوێیە گرنگییەکی مەزن لەخۆوە دەگرێت.

شێوازە توند و رەهاکانی فشار جێگای خۆیان بۆ فشاری ئایدیۆلۆژی و سایکۆلۆژی بەجێهێشتووە، رۆژانەش قووڵتر دەبنەوە. کۆمپانیاکانی راگەیاندن و بڵاو کردنەوە کە بەئیمپراتۆریەتی «میدیا» راگەیاندن ناوزەد دەکرێ، لەحکومەت زیاتر بەدەسەڵاتن و بەشێوەیەکی مەترسیدار کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات و ئاراستەی دەکات. جێگای تەکنەلۆژیا لەبەرهەمهێناندا زیاتر بووە و پێشکەوتووە. لەجیاتی رەنجی رەهای هزر

.بازوو ( هەرچەندە لەبناخەدا پشت بەمە دەبەستێ) وەڵێ لەمیانی بەکارهێنانی شێوازەکانی تەکنۆلۆژیا لەبەرهەمهێناندا توانیویەتی رەنجی هزر . بازوو بێ کاریگەر بکات. واتە لاوازبوونی لایەنی رەنجی هزر و بازوو جێگای باسە کە مرۆڤی زەحمەتکێش پشتی پێدەبەستێ.

لەمیانی ئەو شۆڕشە زانستی . تەکنۆلۆژیەی کە کۆمپانیا و پاوانخوازی ئەمڕۆ پێشیان خستووە بەمرۆڤ دەڵێن: «تۆ هێندە پێویست نیت». بێکارییەکی لەڕادەبەدەر و تاڕادەیەك گرێدراوی ئەم تایبەتمەندییەی سەرمایەداری هاتۆتە ئاراوە. ئیتر بۆرژوازی وای لێهاتووە کۆمەڵگە بەشتێکی ناپێویست و بێ واتا لەقەڵەم بدات. لەڕاستیدا ئەوەی بێ واتایە خودی سەرمایەداری خۆیەتی. بەڵام بەهۆی ئەو ئامرازە مەزنانەی باڵادەستی کە بەدەستیەوەیە و لەمیانی شێوازی کاریگەرکردن، دەتوانێ ئەمە بەکۆمەڵگە بە پەسندکردن بدات و پێی بڵێت: «تۆ بێ واتای».

لەمەش زیاتر دەست درێژی کردۆتە سەر هەسارەکەمان و دەیەوێ بۆری هەناسەی ببڕێ. هەڵبەتە لەناوبردنی سەوزایی لەڕوویەکەوە بەواتای بڕینی هەناسەی مرۆڤ دێت.

دەیانەوێ چەتری هەسارەکەمان بفڕێنن

لەمیانی کونکردنی پەردەی ئۆزۆن دونیایان رووبەڕووی هەموو جۆرە مەترسیەك بەکراوەیی هێشتۆتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە دەشێ هەڕەشە و مەترسی چەکی ئەتۆمی هەرکات و ساتێك مەرگەساتێك بنێتەوە. هەڵبەتە گومان لەوەدا نییە کە سەرمایەداری بەرامبەر بەبڵاوبوونەوەی گەڵێ نەخۆشی لەجۆری . شێرپەنجە و ئایدز . و زیادبوونی بێ سنوور و ناهاوسەنگی ژمارەی دانیشتووان بەرپرسیارە کە دیارنییە جیهان بەرەو چ رەوشێك دەبەن. بەشێوەیەکی بەردەوام ئەم کێشانە سەختتر و دژوارتر دەکات و دەیگەیەنێتە ئاستی تەنگەژەیەکی سەخت و چڕ و پڕ. لێرەدا بڕینی هەناسەی مرۆڤایەتی لەواری رۆحی و جەستەیی جێگای باسە.

**”لەڕاستیدا ئەو بوارەی کە پێویستی بەقاڵبوونەوە هەیە؛ پاراستنی سەرمایەداری رۆژگاری ئەمڕۆ بەواتای پەسندکردنی مەرگەساتی مرۆڤایەتی و لەناوبردنی ئاییندەی دێت.**

سەرچاوە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤ وێران دەکرێت و لەناو دەچێت، ئەستاتیك (جوانی) لەنێو دەبردرێت، رۆڵی ئایین و فەلسەفە کۆتاییان پێدەهێنرێت. رەوشی بەکۆیلەبوون، ئاپوورەی مرۆڤە گرگنەکان لەڕاستیدا هەڕەشە و مەترسییەکی جددییە.

**«پێویستی بەئایدیۆلۆژیایەکی نوێ و فەلسەفەیەکی بنچینەیی هەیە»**

سۆسیالیزمیش کە رەقیبێکی خاوەن بانگەشەی سەرمایەداری بوو کەوتە نێو کەم و کورتی. ئێستا هۆکارەکانی ئەمە تاوتوێ دەکەین. چۆن دەتوانین پوختە بوون و تۆکمەبوونێکی بەمجۆرە بێنینە ئاراوە کە لەهەق سیستەمی ئیمپریالیستی .سەرمایەداری دەربکەوێت؟

لەڕاستیدا ئەو بوارەی کە پێویستی بەقاڵبوونەوە هەیە؛ پاراستنی سەرمایەداری رۆژگاری ئەمڕۆ بەواتای پەسندکردنی مەرگەساتی مرۆڤایەتی و لەناوبردنی ئاییندەی دێت، بەواتای مەحکومکردنی دێت بەژیانێك، کە تەنانەت هێندەی ژیانی مرۆڤە سەرەتاییەکانیش پێگەیشتوو نییە، بگرە خراپتریشە. هۆڤێتی و راستینەی کۆمەڵگەی مشەخۆری و بەکاربەر کە لەئارادایە پێشخستنی پێناسەیەکی بەمجۆرە سانایی تر دەکات. ئەگەر مرۆڤایەتی بەردەوام بێت ئەوا بەلایەنی کەم بەگوێرەی یاساکانی سروشت و یاساکانی مرۆڤایەتیش رەوشێکی بەمجۆرە پەسند ناکرێت. بۆ تاوتوێکردنی رەوش و گەیشتن بەرێگەی چارەسەری، پێویستی بە ئایدیۆلۆژیایەك و فەلسەفەیەکی سەرەکی و پراکتیزەکردنیان هەیە، ئنجا ئەمە چ بەسۆسیالیزمی زانستی ناوزەدی بکەین یاخود بەسۆسیالیزمێك کە تاڕادەیەکی دیاریکراو، بونیادنراوەتەوە.

زۆر باش دەزانین کە سۆسیالیزمی زانستی لەڕۆژێکدا سەری هەڵنەدا و

لەدایك نەبوو و بەرهەمی ئەزموونی تاکە وڵاتێك نییە. تەنانەت بەرهەمی سەرمایەداری ئەوروپاش نییە. لەتەواوی قۆناخەکانی کۆمەڵگە و بەکۆمەڵایەتی بووندا، بەتایبەتیش چالاکییەکانی ئەو توێژانەی کە لەسەراوژێر بوونە شۆڕشگێڕیەکاندا خاوەنی رادیکاڵترین وەرچەرخان بوون، سەبارەت بەپێشخستنی سۆسیالیزم هزر و چالاکییان پێشخستووە. هەربۆیە هزر و پراکتیکێکە کە شانبەشانی بەکۆمەڵگەبوونەوە پێشکەوتووە. قۆناخی سەرمایەداری واتا و هێزێکی زانستی بەم هزر و چالاکییە بەخشیوە، بەپێی تێپەڕبوونی کاتیش بەفۆرمیلی سۆسیالیزمی زانستی گەیشتووە.

بێگومان هەروەکو چۆن لەسیستەمە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینرێ، دەشێ کەموکورتی و چەوتی سۆسیالیزمی زانستیش هەبێ. لەسەردەمی هۆقێتی سەرمایەداریشدا لەنێو شۆڕشی فەرەنسادا رادیکاڵترین چین بەکۆمۆنیستەکان ناوزەد دەکران. قۆناخەکانی دوای ئەوەش بەردەوام لایەنە چەپڕەوەکانی شۆڕشە بۆرژوازییەکان، سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان بوو. ئەم قۆناخە تادەگاتە ئەزموونی کۆمۆنەی پاریس، واتە ١٨٤٨ ، ١٨٧٠ کۆمۆنیستەکان تێیدا بەکاریگەر بوون. لەشۆڕشی ئۆکتۆبەریشدا دەسەڵاتیان گرتەدەست، پاشان ئەمە دەبێتە جولانەوەیەکی جەماوەری مەزن. بێگومان سۆسیالیزم لەم قۆناخەدا زیاتر هەنگاوی بەرەو زانستی بوون هاوێشتووە، بەڵام ناتوانرێ بگوترێ کە ئەمە دوا گووتەی سۆسیالیزمە. زاراوەی «زوو گەیشتن بەکۆمۆنیزم »ی وڵاتەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراو واقیعی نییە.

**هێندەی مێژووی مرۆڤایەتی تێکۆشانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم راستینەیەکە، بەڵام بەشێوەیەکی دووبارە دەکەونە نێو هەڵوێستی زێدەڕۆیی.**

ئێستاکە باشتر لەوە تێدەگەین: لەتەواوی شۆڕشە سەرەکیەکاندا هەر جولانەوەیەکی گەیشتبێتە لوتکە و لایەنگری رەنج بوو بێت، ناوەڕۆکێکی سۆسیالیستی لەخۆوە دەگرێت یاخود ئامادەکارییەکە بۆ سۆسیالیزم. هەر لەڕاپەڕینی سپارتاکۆسەوە، کە سەرەکیترین سەرهەڵدانی سەردەمی کۆیلایەتییە تا دەگاتە تەواوی قۆناخە شۆڕشگێڕییە گرنگەکان، دەبینین گشتیان کۆمەک و بەشداربوونێکیان بۆ تێکۆشان، واتە بۆ مێژووی تێکۆشانی سۆسیالیستی هەیە.

تەنانەت لەنێو شۆڕشی ئیسلامیەتیشدا، ململانێی نێوان ئیسلامیەتی فەرمی و ئیسلامیەتی رکابەر تایبەتمەندێتی بەمجۆرە لەخۆوە دەگرێت. دەکرێ ئەمە بەململانێی سونی ـ عەلەوی ناوزەد بکرێت. بۆ نموونە رادیکاڵترین چین واتە لایەنگرانی حەزرەتی عەلی بەگوێرەی ئەو قۆناخە چینێکی سۆسیالیست یان چەپڕەو بوون. ئەو ئیسلامیەتەی بونیادنراوە ئیسلامیەتی فەرمی یان ئیسلامیەتی سونی یە. بەگوێرەی خۆی زۆر بەسانایی دەکەوێتە نێو جیاوازیەکی بەم شێوەیە.

لەچین و توێژە راستڕەوەکانەوە تاوەکو رادیکاڵترین چینی چەپڕەو، لەشۆڕشی ئۆکتۆبەر و شۆڕشی فەرەنساشدا بەمجۆرەیە. هەروەها راستڕەو و هێڵە ناوینەکان لەشۆڕشی ئۆکتۆبەریشدا هەن. رادیکاڵترین توێژیان ئەو کۆمۆنیستانەن کە بەپارتی بەلشەفیك ناوزەد دەکرێن.

لێرەدا ئەمە دەردەکەوێتەڕوو: هێندەی مێژووی مرۆڤایەتی تێکۆشانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم راستینەیەکە. بەڵام بەشێوەیەکی دووبارە دەکەونە نێو هەڵوێستی زێدەڕۆیی، بۆ نموونە کەوتنە نێو هەڵسەنگاندنێکی چەوتی بەمجۆرە کە لەماوەیەکی زۆر کورتدا لێشاوی هزری خۆیان وەکو لێشاوێکی باڵادەست و سەرکەوتوو لەسەرانسەری جیهاندا لەقەڵەم دا. تەنانەت تاڕادەیەکیش وەکو پێغەمبەران هەڵسەنگاندنی لەشێوەی ئایینی هەرەدوایی، دوا گووتە، هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدرێت. هەروەکو چۆن پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەردەوام دەبێت گرنگی هەر قۆناخێك بەگوێرەی پێشکەوتنە نوێیەکان بەلاوە دەنرێت. نەك تەنیا وەکو گووتەیەکی بێ کۆتایی بەڵکو وەکو زاراوەیەکی کۆن و بەسەرچوو دەمێنێتەوە. بەڵام ئەو واتایە نادات کە ئەو گووتانەی گوتراوە

گرنگی و واتای نیيە. چونکە هەروەکو دەبینین ئیسلامیەت، لیبراڵیزمی بۆرژوازیەت، یاخود سۆسیالیزم بەگوێرەی کات و شوێن و سەردەمی خۆیان ڕێگایان لەپێش گەلێك پێشکەوتن کردۆتەوە و شوێن پەنجە و میراسی گرنگیان بۆ مێژوو بەجێهێشتووە. لەم بوارەدا بەفیڕۆ نەچوون و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و ئازادیی تاڕادەیەك لەژێر سایەی ئەم تێکۆشانانە بەدیهاتووە. بەتایبەتیش تێکۆشانی سۆسیالیزم لەم بوارەدا ناوی سەرەکیترین پێشکەوتنە. ئەم پێشکەوتنانەی لایەنگری ڕەنج و بەرهەمهێنان و داهێنانە لەئاستێکی هەرە بڵندا لەژێر سایەی تێڕوانینێکی ئایدیۆلۆژی بەمجۆرەدا مرۆڤایەتی بەرەو پێشەوە بردووە.

دەتوانین بڵێین «لەڕۆژگاری ئەمرۆماندا ئاڵۆزی و تەنگژەیەکی چڕ و پڕ لەئارادایە. سەرمایەداری هەروەکو چۆن لەڕابردوو بانگەشەی دەکرد، ئەمرۆکەش بانگەشەی ئەوە دەکات کە لەئاستێکی گەردوونیدا خاوەنی سیستەمێکی گشتگیرە. هەڵوەشانەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراو لەئەنجامی کەموکورتی و لاوازییەکانی، دەرفەتێکی زیاتری دا بەسەرمایەداری تاوەکو ئەم بانگەشەیەی بەهێزتر بکات. بەڵام هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد ڕەوشێکی پێچەوانەی ئەم بانگەشەیە جێگای باسە.

ئەو قەیرانانەی بەشێوەیەکی ڕۆژانە سەختتر دەبن، پێویستی زیاتر بە سۆسیالیزم دەکات.

دابڕان لەسۆسیالیزم (کۆمەڵایەتیبوون) واتای دابڕانە لەهەناسەدان.

لەهەموو کاتێك زیاتر چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەئەنجامی ئەو تەنگژە و قەیرانە سەخت و دژوارانە دەردەکەون لەمیانی سۆسیالیزمدا دەبێت کە گوزارشت لەئاستی وشیاری و زانستی بوونی کۆمەڵگە و بەکۆمەڵایەتیبوون بکرێت، چونکە لەنێو ئاستێکی هێندە مەزنی وێرانکاری و کێشە سەخت و دژوارەکاندا ناشێ سەرمایەداری لەناوخۆیدا چارەسەری بدۆزێتەوە.

**لەمیانی ئەو کێشانەی کە سەرچاوەی خۆی لەسەرمایەداریی دەگرێت دەیانەوێ دونیا بێهەناسەدان بهێڵن.**

لەمیانی شۆڕشی زانستی ـ تەکنۆلۆژی بەمجۆرە کێشەکان چارەسەر ناکرێن. سیستەمی شۆڕشی زانستی ـ تەکنۆلۆژی کە لەخزمەتی سەرمایەداریدایە لەقوڵکردنەوەی ئەم تەنگژانەی لەئارادایە زیاتر هیچ ئەنجامێکی دیکەی نییە.

دیسان چارەسەری لەڕاستینەی کۆمەڵایەتی سۆسیالیزمدا بەدی دەکرێ، بەڵام چۆن سۆسیالیزمێك؟ پێویست دەکات سۆسیالیزم پوخت و تۆکمە بکرێت ئینجا چ لەبواری تیۆریەوە بێت یاخود لەبواری ئاواکردنەوە. بەئەندازەی ئەوەی پێویست دەکات کەموکورتیەکانی مێژووی ڕابردووی دەرباز بکات و بەلاوەیان بنێت، لەهەمان کاتدا پێویستی بەوە هەیە بەشێوەیەکی واقیعبینانە قەیرانە ئاڵۆز و تێکچڕژاوەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان هەڵسەنگێنێ و هێزی چارەسەری خۆی بسەپێنێ. ئەگەر بێتو سیاسەتی تایبەت بەسەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ئابووری و میتۆدی سیاسی و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی هزری پێشنەخرێت، تادەگاتە هەڵوێستێ کە وەلامی سایکۆلۆژیا و مۆراڵ دەداتەوە، ئەوا ناتوانین وەلامێکی بەجێ بۆ پرسی «چۆن سۆسیالیزمێك» بدەینەوە.

هەروەکو لەسەرەتاش ئاماژەمان پێکرد لەمیانی ئەو کێشانەی کە سەرچاوەی خۆی لەسەرمایەداری دەگرێت دەیانەوێ دونیا بێهەناسەدان بهێڵن، پەردەکەی کون دەکرێ. ئەو هەڕەشە و مەترسییەی کە سیمای مەعشەری پێوە دیارە، لەئەنجامدا مرۆڤێکی وای هێناوەتە ئاراوە کە گرگن و زۆر بچووك بۆتەوە.

پێویستی بەراسپاردە و هەڵوێستی سۆسیالیستی بەمجۆرە هەیە کە سەرلەنوێ ئیعتبار بەمرۆڤ ببەخشێتەوە و تێگەیشتن و ڕەوشتەکەی لەگەڵ سروشتدا ئاشت بکاتەوە و لەهەمانکاتدا دەرفەت و زەمینەی ئەوەش بدات کە ناکۆکییەکانی لەگەڵ سروشتدا قوڵبێتەوە.

لەهەموو کاتێك زیاتر دەتوانین بڵێین: هەروەکو چۆن سیستەمی ئیمپریالیستی سەرمایەداری ئەو هاوسەنگییەی کە مرۆڤ لەنێوان خۆی و سروشتدا

بونیادیناوە گۆڕیویەتی بۆ ناکۆکی زۆر مەترسیداری رووخاندن، لەهەمانکاتدا رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکەشی مرۆڤایەتی تاکو رادەی پەیوەندی مشەخۆری بردووە. واتە رێگای لەبەردەم ئەم دوو ناکۆکییە جیهانگیریە کردۆتەوە.

بەڵێ سۆسیالیزم لەمیانی وەڵامدانەوەی ئەم دوو ناکۆکیە سەرەکیە دەتوانێ بەشێوەیەکی راست خۆی پێناسە بکات. مەرجە کە شیکردنەوەیەکی راستی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا ئەنجامبدرێت و دەتوانرێ بەپەیوەندی لەگەڵ ژینگەشدا ناوزەد بکرێت. چارەسەری شۆڕشگێڕانە بۆ ئەم کێشەیە بسەپێنرێت کە رێکخراوەکانی ژینگە و سەوزایی بەزمانێکی ریفۆرمیستانە ئاماژەی پێدەکەن. هەروەها پێویست دەکات بەرامبەر بەمۆدێلی ئەو کۆمەڵگەیەی ئیمپریالیزم دەیسەپێنێ و لەناوخۆیدا بچووك بۆتەوە، هەر لەپلاننامەی ژمارەی دانیشتوانەوە بگرە تاوەکو دەگاتە پلاننامەی بەرهەم هێنان و سەرلەنوێ رێکخستنەوەی سەرخان و هەروەها سەرلەنوێ پێناسەکردنی مرۆڤ لەلایەنی دەروونی و رەوشتییەوە ئەنجامبدرێ. بوون بەهێزی چارەسەری بۆ ناکۆکییەکی چڕو پڕی بەمجۆرە دەشێ سۆسیالیزم بکات بەرۆژەڤ و راستیەکی هەنووکەیی. چونکە پێناسەیەکی تەسکی چینایەتی تێر ناکات.

«چینی کارکەر وەکو سەدەی نۆزدەهەم نەماوە»

بنبەستبوونێکی سۆسیالیزمی لەئارادایە کە لەسەربنەمای شیکردنەوەکانی سەدەی نۆزدەهەم لەکێشەکان نزیك دەبێتەوە و تاوتوێیان دەکات، دەڵێن «چینێکی کارکەری بەمجۆرە « لەڕاستیدا چینێکی بەمجۆرە نەماوە، یاخود دەتوانین بڵێین ئەو سەردەمە بەسەر چووە کە ئیمپریالیزم تەنیا بەچەوساندنەوەی چینێك تێر بێت و بوەستی.

بەواتا تەسکەکەشی چەوساندنەوەیەك لەئارادایە، بەڵام زۆر گشتیگر بووە و ئێمەش گوتمان لەمیانی شۆڕشی تەکنۆلۆژی . زانستی و ئەو پێشکەوتنانەی جیهانی راگەیاندن . بڵاوکردنەوە رێگای بۆ ئاواڵا کردووە، کۆمەڵگەی دیل کردووە. شێوازی تاڵانکاری و فشاری وەها پێشکەوتووە کە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ سەدەی نۆزەهەمدا پێوانە ناکرێت.

> **سیستەمی ئیمپریالیستی - سەرمایەداریی سەبارەت بەتەواوی مرۆڤایەتی هاوسەنگی سروشتی تێکداوە، هەربۆیە پێویست بە رێنومایيەکی بەمجۆرە دەکات کە بەرفراوانترین توێژەکانی کۆمەڵگە بدوێنێ.**

هەربۆیە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەڵسەنگاندن لەسەربنەمای شیکردنەوەکانی رابردوو، واتای تێکەڵکردن و نەناسینی راستیەکانە. لەگفتوگۆکانی سەبارەت بەسۆسیالیزم رەوشێکی بەمجۆرە لەئارادایە، ئەمەش گوزارشت لەمەرگەسات دەکات. هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ئەم رەوشە تیشك دەخاتە سەر شێوازەکانی شەڕ و کێشە تەکتیکیەکانیش. تەکتیکە کۆنەکان لەڕۆژگاری ئەمڕوماندا بەش ناکەن. هەروەکو چۆن کۆمەڵگە خزێنراوەتە ناو فشار و چەوساندنەوەیەکی گشتگیر، لەبەرامبەر ئەمە پێویستە شێوازی وەهای تێکۆشان پێشبخرێت کە تەواوی کۆمەڵگە پەیوەندیدار بکات.

سیستەمی ئیمپریالیستی . سەرمایەداری سەبارەت بەتەواوی مرۆڤایەتی هاوسەنگی سروشتی تێکداوە. هەربۆیە پێویست بە رێنومایيەکی بەمجۆرە دەکات کە بەرفراوانترین توێژەکانی کۆمەڵگە بدوێنێ. واتە بەئەندازەی ئەوەی پرۆگرامێکی سۆسیالیستی پشت ئەستوور بە تێڕوانینێکی دروست و بەرجەستەکردنی تەکتیکەکانی لەبواری کرداریدا پێویستە و وەڵامی کێشەکان دەداتەوە، هێندەی ئەوەش سۆسیالیزم دەتوانێ ئەوە نیشان بدات کە پرەنسیپێکە جارێکی دیکە تۆکمە و پتەو بۆتەوە و هێزی چارەسەری کێشەکانە.

گفتوگۆیەکی بەمجۆرە راستە و

لەجێی خۆیدایە. هەربۆیە ئەوانەی بەقوڵاییەوە گرێدراوی چارەنووسی مرۆڤایەتین و دەیانەوێ بەشێوەیەکی بنچینەیی هەڵوێست سەبارەت بەکێشەکانی مرۆڤایەتی نیشانبدەن، ئەوا لەسەربنەمای قاڵبوونێکی زیاتر پەیوەندی نیشاندەدەن و نزیکبوون لەسۆسیالیزم دەکەن؛ لەسەربنەمای کارامەیی و تێگەیشتنی زیاتر و دۆزینەوەی چارەسەری بۆ کێشە و گیروگرفتە نوێکان هەڵوێست نیشان دەدەن.

ئەرکەکان چاوەڕوانیمان دەکەن. لەگفتوگۆکردنی سەبارەت بەم مەسەلەیەدا نەزۆکی هەیە و دووبارە کردنەوەی زاراوە کۆنەکان بەس دەبینرێت. بۆیە پێویست دەکات گفتوگۆ نوێ بکرێتەوە. دەتوانین لەسەر پێناسەیەکی نوێی سۆسیالیزمی بوەستین و بەرنامە و چالاکی و چۆنێتی تەکتیکەکانی تاوتوێ بکەین. لەم چوارچێوەیەشدا دەشێ پارتی نوێی سۆسیالیستی ئاوا بکرێن و شێوازەکانی چالاکی جەماوەری پێشبخرێن. لەژێر سایەی تێڕوانینێکی سۆسیالیستانە دەکرێ شۆڕشی زانستی . تەکنۆلۆژی بکرێت بەهێزێکی کاریگەری کرداری بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە. بێگومان هەڵوێستێکی بەمجۆرە لەماوەیەکی زۆر کورتدا ئاستی پەیوەستداربوون بەسۆسیالیزم زیاد دەکات و ئەو ڕاستییە نیشاندەدات کە سەرچاوەی سەرەکی چارەسەرییە لەبەرامبەر ئەو سەرمایەدارییەی کەوتۆتە نێو سەردەمێك کە چڕترین پوکانەوە بەخۆیەوە دەبینێ، قۆناخێکی گونجاوی سۆسیالیزم دێنێتە ئاراوە.

بەئەندازەی ئەوەی پارتیمان PKK جوڵانەوەیەکە کە هەر لەسەرەتاوە هەڵوێستی بەرامبەر بەئەنجامە نێگەتیفیەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراو نیشاندا، لەهەمانکاتدا نەیهێشتووە ڕەنگدانەوەی ئەم کاریگەریە نێگەتیڤیانەی پێوەدیار بێت، بەمجۆرەش توانی ئەو ڕاستییە دەستنیشان بکات کە سۆسیالیزمێکی ڕەها گەلێك کەم کوڕی خۆی هەیە، بەڵام سەرەڕای

**ئەو ڕێکخراوەی گۆڕەپانی تێکۆشان چۆڵ ناکات و درێژە بەبانگەشەکانی خۆی دەدات و جەختی لەسەر دەکاتەوە، جوڵانەوەیەکی ئازا و دلێرە.**

ئەمەش جوڵانەوەیەکە بەردەوام باوەڕی بەسۆسیالیزم هەبووە و لەسەر ئەم بنەمایەش لێی نزیك بۆتەوە.

بەتایبەتیش ئەمەی بەشێوەیەکی سەربەخۆ و زۆربەخۆباوەڕ لەشوێنێکدا پەیڕەو کردووە کە بە» کوردستان« ناوزەد دەکرێ و پاشکەوتوترین وڵات و کۆمەڵگەیە. هێزێکە لەم بارەیەوە ڕێگای لەپێش گەلێك ئەنجامی گرنگ کردۆتەوە و پارتێکە لەسەر ئەم بنەمایە شێوەی گرتووە. بەم واتایە ئەزموونی PKK جوڵانەوەیەکی پێشکەوتنە و لەسەردەمێکدا توانیویەتی بگات بەڕێبازی ئایدیۆلۆژی، چالاکیەکی سۆسیالیستیانەی مەزن کە سۆسیالیزمی بونیادنراو سەرەڕای ئەوەی لەئاستی دونیادا لەگەڵ سیستەمی سەرمایەدری . ئیمپریالیستی گەیشتە هاوسەنگییەك، بەڵام لەئەنجامی بنبەستبوونی ناوخۆیی هەڵوەشایەوە و خواستیان تاڕادەیەکی مەزن سۆسیالیزم لەبەرچاوان بخەن. بەم ڕەوشەی کە ئێستا تێیدا دەژی کەمێکیش لەو جوڵانەوانە دەچێ کە لەسەردەمی پاشڤەڕۆیەتیدا لەسەرپێ مانەوە و تاڕادەیەکیش خاوەنی جێگە و پێگەیەکی بەکەرامەت و شەرەفمەندانە بوون.

هەڵبەتە لەسەردەمێکی بەمجۆرەدا کە سیستەمی فەرمی. باڵادەست، تاوەکو دەتوانێ بەگوێرەی خۆی هەڵس و کەوت دەکات و هەموو لایەنێك لەژێر باڵ و سایەی پاشڤەڕۆیەتیدا دێن و دەچن، ئەو ڕێکخراوەی گۆڕەپانی تێکۆشان چۆڵ ناکات و درێژە بەبانگەشەکانی خۆی دەدات و جەختی لەسەر دەکاتەوە، جوڵانەوەیەکی ئازا و دلێرە. لەهەمان کاتدا جوڵانەوەیەکە کە لەتوانا و دەسەڵاتی دا هەیە بەناوی مرۆڤایەتیەوە بدوێ.

هەر جولانەوەیەکی مەزنی ئازادیی بەئەندازەی ئەوەی ببێتە وەڵامێکی سەرکەوتوانە بۆ سەردەمی ئەو موحافەزەکارییەی لەئاستی گەردوونیدا لەئارادایە، تەنیا بەوە ناوەستێ چارەسەری بۆ ئەو وڵات و گەلە بێنێ کە تێیدا دەرکەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا

دەتوانێ ببێتە وتەبێژی بانگەشەکانی مرۆڤایەتی. هەربۆیە لەقۆناخێکدا خاچ بە دەستەکان، لەقۆناخێکی دیکە موسوڵمانەکان، هەروەها لەقۆناخی دیکەش شۆڕشەکانی فەرەنسا و ئۆکتۆبەر رۆڵێکی بەمجۆرەیان بینی و توانیان ببنە وەڵام بۆ گەلێك کێشە کە رۆڵیان ناتوانرێت بچووك بکرێتەوە.

هەرچەندە لەسەرەتادا ئامادە نەبووین و وەکو جولانەوەیەکی نەتەوەیی - نیشتیمانی دیاربووین، بەڵام رەوشی نێودەوڵەتی ئێستا و پێشکەوتنە هەرێمیەکان زاراوەی PKK لەئاستێکی گەردوونیدا وەکو زاراوەی سۆسیالیزم و نوێنەرەکەی نیشاندەدات، هەروەکو بڵێی ناچاری رۆڵێکی بەمجۆرەی دەکات. هەرچەندە لەسەرەتا بەم شێوەیە تەماشامان نەدەکرد، بەڵام ئەگەر ئەو هەلومەرجە ئاڵۆزەی بەخێرایی دەگۆڕێت ئەرکێکی بەمجۆرە بخاتە ئەستۆی پارتیمان، ئەوا بێگومان ئەوە جێگای شانازی و سەربەرزیمانە. بەڵام لەهەمان کاتدا تێگەیشتنێکی راست و دروستی ئەم ئەرکە و هەڵسەنگاندن و دەست نیشانکردنی ئەو لایەنەی ئێمە دەتوانین بەهێزی بکەین و تێیدا بەشداربین وەکو مەرجێك بەسەرماندا دەسەپێنێ.

خۆرهەڵاتی ناوین گۆڕەپانێکە بەدرێژایی مێژوو گەلێ ئایدیۆلۆژی، بەتایبەتیش ئایین بەناوی مرۆڤایەتی دەرکەوتووە و زۆر چالاکی و بانگەشەی تێدا پێشخراوە. بینینی رۆڵی لانکەی مرۆڤایەتی و دەرکەوتنی تەواوی شارستانیەتە سەرەکیەکان لەم گۆڕەپانە، رۆڵی راستینەی کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی ناوین لەپێشکەوتنی

مرۆڤایەتیدا نیشان دەدات. هەربۆیە رەوشی سەختی مرۆڤایەتی لەم گۆڕەپانەدا و جەخت کردنەوەی لەسەر چارەسەری، سەرەڕای دژواری قەیرانەکانی ئیمپریالیزم، رێکەوت نییە.

لەمیانی هەندێ بوویەرەوە مێژوو ئەو راستیەی روون کردۆتەوە کە هەرچەندە لەشوێنێکدا تەنگژەکان سەخت و گران بن، بەو ئەندازەیەش هەنگاو و

> ”لەراستیدا PKK جولانەوەیەکە لەتەواوی قۆناخە مێژوویەکاندا دووچاری پیلانگێڕی نێودەوڵەتی پاشڤەڕۆیانە بۆتەوە.

قەڵەمبازی شۆڕشگێڕی پێشدەکەوێت. کوردستان کە پاشکەوتوترین ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوینە و گەلی کوردستانیش گەلێکە لەبیرکراوە و لەڕەوشی مرۆڤایەتی بەدەرنراوە، ئێستا سەرلەنوێ هەوڵدەدات چاوەکانی بۆ ژیان بکاتەوە. لەکاتێکدا چاوەکانی دەکاتەوە دەیەوێ بەهەنگاو هاوێشتنێك تەواوی ئەو قۆناخانە ببڕێت کە مرۆڤایەتی لەکاروانی پێشکەوتنی خویدا بڕیویەتی. ئەمەش

تارادەیەك بۆتە نەسیبی PKK و گوزارشتی خۆی لەمەزنایەتی PKK دا کردووە.

لەم چوارچێوەیەدا پارتیمان بەئەندازەی تێگەیشتنی مێژوویی، دەرك بەم رۆڵەش دەکات کە راستینەی واقیعی و هەنووکەیی دەیخاتە ئەستۆی سۆسیالیزم، هەوڵدەدات نوێنەرایەتی بکات و ببێتە وتەبێژی. لەم بارەیەشەوە هێندەی گەوهەرێکی ئەنتەرناسیۆنالیستی بەشێوەیەکی زۆر لێهاتوانە گەوهەری نەتەوەیی خۆی خستۆتەڕوو. لەڕێگای گەلێك شەهادەتی بەهاداریشەوە ئەم راستیەی سەلماندووە کە خاوەن گووتەکانی خۆیەتی و بەرجەستە و پراکتیزەیان دەکات. هەروەها لەو باوەڕەدایە کە کاتێك گەلەکەی خۆی بەرەو ئازادیی دەبات مرۆڤایەتیش ئازاد دەکات و لەوبوارەدا هەنگاوێکی سەرەکی هاوێشتووە و لەسەربنەمای دەرك پێکردن ئەمە ئەنجام دەدات.

**«PKK جولانەوەیەکی رەنجە»**

لەراستیدا PKK جولانەوەیەکە لەتەواوی قۆناخە مێژوویەکاندا دووچاری پیلانگێڕی نێودەوڵەتی پاشڤەڕۆیانە بۆتەوە. باوەڕ ناکەم بەو ئەندازە فراوانە پیلانێکی نێودەوڵەتی لەدەوربەری جولانەوەیەکی دیکە هاتبێتە ئاراوە. هەر لەبەرئەوەی تەنیا جولانەوەیەکی بەهێزی سۆسیالیستی و رزگاری نیشتیمانییە کە لەسەر پێیان مابێتەوە، پیلانێکی نێودەوڵەتی لەدژی ئەنجام درا. بەڵام بەرخودانی کرد و سەرکوت نەکرا. لەئەنجامی هەڵمەتە نوێکانی و ئاستی بڕیاردانی لەبەرێوەبردنی شەڕدا ئەوەی دووپاتکردەوە کە زاراوەی سۆسیالیزم




تێکناشکێت. تێکشکانیش لەملاوە بمێنێ، ئەوا لەمیانی ئەو هەنگاوانەی دەیهاوێژێ زیاتر لەسەرکەوتن نزیك دەبێتەوە و ئەوە دەسەلمێنێ کە جولانەوی هەرە راست و بەهێزی ئەم سەردەمەیە و تایبەتمەندێتی سەرەکی و سەرچاوەی خوڵقاندنی ئەم پێشکەوتنانە ئەوەیە کە جولانەوەیەکی سۆسیالیستی یە.

بێگومان پێویست دەکات تێگەیشتنی مێژوویی و سەردەم بگاتە پێناسە و گوزارشتێکی زانستیانە. هەروەها پێویست دەکات بەقووڵایی وەڵامی نوێ بۆ چارەسەری کێشەکان بدرێتەوە و لەسەربنەمایەکی نوێ پارتی رەنج و دیموکراسی سۆسیالیستی و چالاکیەکانی دەوڵەت . گەل پێناسە بکرێت. لەمیانی پراکتیکی بەرجەستە و تاکتیکە جیاجیاکاندا جولانەوەیەکی گەلێری تێر و تەسەلمان هێنایە ئاراوە.

پارتیمان تەنیا رێگای رزگاری لەپێش هەژارترین توێژدا ناکاتەوە بەڵکو لەهەمانکاتدا رێگا لەپێش چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەش دەکاتەوە. دەتوانرێ بەرامبەر بەچەوساندنەوەی رەنج و کۆیلەکردنی ژنان و ئەو فشارانەی کە لەئەنجامی جیاوازی مەزهەبی و ناکۆکی نەتەوەییەوە بەدیدێت، لەسەربنەمای چارەسەری هەڵوێست پێشبخرێت.

> **هەر لەبەرئەوەی بەقووڵایی گرێدراوی ئەم راستیەین، بۆیە بەشێوەیەك ژیانی خۆمان دەخەینە خزمەتی مرۆڤایەتی کە لەهیچ پارتێکدا نابینرێ.**

سەرەڕای سەختی و کەموکوڕییەکانی، درێژە بەپێشکەوتنەکانی دەدات و لەسەربنەمای رێزگرتن لەرەنج، هەوڵ دەدات ببێت بەپارتی ئەو کەسانەی خاوەنی رەنجن. سەبارەت بەکەسایەتییەکی قارەمان و فیداکار و شێوازێکی ژیان کە شایستەی رەچەڵەکی مرۆڤ بێت بەشێوەیەك تاوتوێی کردووە کە تاوەکو ئێستا هیچ پارتییەك بەتێر و تەسەلی نەیگرتۆتە دەست و بەم شێوەیە وەڵامی نەداوەتەوە.

ئەو مرۆڤایەتییەی راستینەی PKK بەرجەستە بکات، بەواتای مرۆڤایەتییەکی ئازاد و رزگاربوو دێت. ئێستا ئێمە لەرەوشێکدا ین کە هەنگاوێکی بچووکمان هاوێشتووە. ئەگەر بێت و بەناوی گەلەکەمان ئەمە بەسەرکەوتنێکی یەکجارەکی بگەیەنین، ئەوا زۆر باش دەزانین کە بەناوی مرۆڤایەتی دەبێتە دەسکەوتێکی مەزن. هەربۆیە توانیمان و زانیمان چۆن ئەو رزگاربوونەی لەئاستی تاکە کەسدا بەدیدێت، وەرچەرخێنین و بیگۆڕین بۆ ئەو رزگاربوونەی لەئاستی گەلدا بەدیهاتووە. لەهەموو کاتێك زیاتر

گرێدراوی ئەوەین کە ئەو رزگاربوونەی لەئاستی گەلێکدا بەدیهاتووە بگۆڕین و وەریچەرخێنین بۆ رزگاربوونی تەواوی مرۆڤایەتی.

باوەڕیمان بەمرۆڤایەتی هەیە، باش دەزانین ژیانێك هەیە کە شایستەی مرۆڤ بێت.

هەر لەبەرئەوەی بەقووڵایی گرێدراوی ئەم راستیەین، بۆیە بەشێوەیەك ژیانی خۆمان دەخەینە خزمەتی مرۆڤایەتی کە لەهیچ پارتێکدا نابینرێ. جوڵانەوەیەکی تا ئەم رادەیە نوێنەرایەتی کۆمەڵایەتی بوون بکات و لەم پێناوەشدا هێندە فیداکاری و جەسارەتی پێشخستووە، تەنانەت دەشێ جوڵانەوەیەکی گەوهەری سۆسیالیستانە بێت. هەربۆیە شەرەفی ئەمە بۆتە نەسیبی PKK. بێگومان ئەم تایبەتمەندیە سەرەکییەی پارتیمان وەکو سۆمای چاومان دەپارێزین. تەواوی شەهادەتەکان لەسەر ئەم بنەمایەن و لەم پێناوەدایە. هەروەکو چۆن ئەم بەرخودانی و فیداکاریە مەزنانە لەسایەی ئەم گەوهەرە پتەوە هاتە ئاراوە، لەهەمانکاتدا لەپێناو پاراستنی ئەم گەوهەرە ئەنجامدراوە. ئێمەش لەسەربنەمای ئەم باوەڕیە سەرمان هەڵدا و مەزن بووین. هەروەها لەو باوەڕەداین کە مەزن بوونمان لەمیانی پاراستن و پتەوکردنی زیاتری ئەم گەوهەرە بەدیدێت و ئەمەش وەکو ئەرکێك دەبینین. بەقوڵایی دەرك بەم مەسەلەیە دەکەین، هەروەها ئاستی بڕیار و پراکتیزەکردن لەبەرزترین ئاستدایە.

ئەو هەڵوێستەی بەخێرایی کار و شێوازی لێدان ناوزەدی دەکەین چەندی بڵێی پێشکەوتووە. بەجۆرێك وەڵامی ئەو شیکردنەوەیەی سەرۆکایەتی دراوەتەوە کە دەڵێ: « گەل لەخۆتدا ئاوا بکە، مرۆڤایەتی نوێ لەخودی خۆتدا ئاوا بکە، لەم پێناوەشدا خۆت بگەیەنە ئاستی هەرە بەرزی بانگەشەی مرۆڤایەتی، لەم پێناوەدا چی پێویست بێت ئەنجامی بدە». ناتوانرێت ئەمە بچووك بکرێتەوە.

**باشترین وەڵاممان داوەتەوە رۆژی رەنج، یەکێتی، هاوکاری و تێکۆشان و لەم پێناوەشدا درێژە بەپابەندبوونی خۆمان دەدەین بۆ تەواوی زەحمەتکێشانی جیهان، باوەڕی خۆمان بەمێژوو و رۆژگاری ئەمڕۆمان نیشانداوە.**

ئەم راستیانەی کە لەلایەن ژمارەیەکی کەم لەهێزەکانی پارتی دەرکی پێکرابێ لەمە بەدواوە بەشەپۆلێك کە لەهەموو کاتێك زیاتر و لەئاستێکی بەرزتردا بێت، شەپۆل بەشەپۆل رەنگدانەوەی بەسەر گەلەکەمان و گەلانی ناوچەکە و مرۆڤایەتیدا دەبێت. گرێدان بەشکۆمەندی پرەنسیپەکانی سۆسیالیزم و نیشاندانی هەڵوێستێکی زانستیانە دەبێتە راستینەی سەرەکیمان.

جوڵانەوە سۆسیالیستەکەمان کە لەسەر ئەم بنەمایە دەرکەوتووە، بۆتە لێهاتووترین پارتی رۆژگاری ئەمڕۆمان، بێگومان لەمە بەدواوە بەشێوەیەکی لێهاتوانەتر و بەبڕیار و سەرکەوتووانەتر بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکان هەنگاو دەهاوێژێ و ئاراستەی خۆی وەردەگرێ. هەربۆیە دەڵێین: باشترین وەڵاممان داوەتەوە رۆژی رەنج، یەکێتی، هاوکاری و تێکۆشان و لەم پێناوەشدا درێژە بەپابەندبوونی خۆمان دەدەین بۆ تەواوی زەحمەتکێشانی جیهان، باوەڕی خۆمان بەمێژوو و رۆژگاری ئەمڕۆمان نیشانداوە. لەم چوارچێوەیەشدا دەڵێین: بەباشترین شێوە بڕیارمان لەسەر ئایندەی خۆمان داوە.

**ئەم بابەتە لە کتێبی "سوربوون لەسەر سۆسیالیزم سوربوونە لەسەر مرۆڤایەتی" بەقەڵەمی رێزدار عەبدوڵڵا ئۆجالان وەرگیراوە**

# هەرجارە و ناودارێك



ئایشە شان، ئایشە خان، ئایشەی عوسمان، ئایشەی عەلی و ئایشە شان ناسراوە، لە تشرینی دووەمی ۱۹۸۳ لە شاری دیاربەکری باکووری کوردستان لە دایکبووە، لە خانەوادەیەکی مەزن و ناودارە، ناوی دایکی "خەجێ خانم"ە، لە عایلەی "حاجی مستەفا بەگی ئەرزڕوم"ە، ناوی باوکی "عوسمان"ە ولە عایلەی مەزنی جەبریانە و باوکی ئایشە شان بۆخۆی گۆرانی بێژێکی ناودار و مرۆڤێکی زۆر دیندار بووە.

ئایشە شان لە مێژووی تیکۆشانی چاند و هونەری کوردی لە بەرانبەر داگیرکاریی و تواندنەوەی کوردان لەلایەن کەمالیستییەکانەوە لە باکوری کوردستان نمونەی شێرەژنێکی وەك ئایشە شانە، کە بەدەنگە خۆشەکەی بە وشە رەسەنەکانی توانی لە بەرانبەر دەوڵەتی تورکیا بوەستێتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە تەنانەت خانەوادەکەشی لە بەرانبەری وەستابونەوە دوای مردنی باوکی.

ئایشە شان ژیانی دەربەدەری و زەحمەتی زۆری کێشاوە، خاوەنی چەندین گۆرانی رەسەنە لە وانە" ئەز خەزالم، قەدەرێ، دایك، لێ لێ بێماڵ و لۆرکی لۆرکێ......هتد. لە دهۆك و موسڵ و هەولێر چەندین کۆنسێرتی ئەنجامداوە.

ئایشە شان وەسیەتێکی هەبوو کەمرد لە زیدی خۆی لە ئامەد بە خاکی بسپێرن بەڵام بەهۆی ئەوەی خانەوادەکەی نەیان دەویست وەسیەتەکەی بە جینەهات و سەرەنجام لە ۱۹۹٦/۱۲/۱۸ لە ئیزمیر بە خاکی دەسپێرن.

### دلۆ ئەز بیمریم


دلۆ ئەز بیمریم دیلۆ هاوار لی ڤێ بوهارێ
لی ڤێ بوهارێ دیلۆ هاوار لی ڤێ بوهارێ
تیربامین چێکین کەکۆ هەیران لی بینیا دارە
لی بینیا دارە کەکۆ هەیران لی بینێ دارە
میرین پیر خوەشە کەکۆ هاوار لی میلکێ باڤێ
لی میلکێ باڤێ دیلۆ هەیران لی میلکێ باڤێ

دیلۆ ئەز بیمریم دیلۆ قوربان لی ڤێ هاڤینێ
لی ڤێ هاڤینێ دیلۆ هەیران لی ڤێ هاڤینێ
تیربامین چێکین کەکۆ هەیران لی شان و شنێ
لی شان و شنێ دیلۆ هەیران لی شان و شنێ
میرین پیر خوەشە کەکۆ قوربان لی گندێ زنێ
لی گـاندێ زنێ دیلۆ هەیران لی گندێ زنێ

دیلۆ ئەز بیمریم دیلۆ هاوار لی ڤێ پایزێ
لی ڤێ پایزێ دیلۆ هاوار لی ڤێ پایزێ
تیربامین چێکین کەکۆ هەیران بین دارا گوزێ
بین دارا گوزێ دیلۆ هەیران بین دارا گوزێ
میرین پیر خوەشە کەکۆ هاوار لی میلکێ باڤێ
لی میلکێ باڤێ دیلۆ هاوار لی میلکێ باڤێ




کتێبی "PKK مێژوویەك لە ئاگر" چاپی چوارەمی
کەوتە بەردیدی خوێنەران.



کتێبی "بەرخودان ژیانە"
کەوتە بەردیدی خوێنەران.